# مافکۆ وانەی کوردی دەڵێتەوە و BBCیش پشتیوانیی دەکات



ئازاد مافکۆ و هاوڕێکانی ژمارەیەک قوتابخانەی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ منداڵانی کورد لە بەریتانیا کردووەتەوە. ئەو چالاکڤانە فەرهەنگییە باسی ئەوە دەکات کە BBC و هەندێک دامەزراوەی دیکە پشتیوانییەکی بچووکی پرۆژەکەیان دەکەن. لەو قوتابخانە کوردییانەی مافکۆ باسیان دەکات 200 منداڵ دەخوێنن.

5◀


Rûdaw
چاپی ئەورووپا
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (58)
سێشەممە 2010.08.17


**Ji Silêmaniyê heta Munihê Mînaka Larîsa a baleyê Leyla Bedirxan e**



▶6

Deutschland, Österreich, Belgique, France 1,50 Euro | Nederland 1,80 | Schweiz 2,70 CHF | England 1,40 GBP | Sverige 21,00 SEK | Denmark 15,00 DKK
www.rudaw.net



(فۆتۆ: ڕووداو)

### نزیکەی 10 هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە شارەکەوە

# کەرکووک خێراتر لە جاران تەعریب دەکرێ

**تایبەت بە ڕووداو**

کاربەدەستە ئەمنییەکانی شاری کەرکووک بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە نزیکەی 10 هەزار خێزانی عەرەب لەو شارەدا نیشتەجێ بوون. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، مەترسیی خۆی لە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی خێزانی عەرەب ناشارێتەوە و دەڵێ: "ئەوانە زۆربەیان تیرۆریستان دەیاننێرن و هاوکارییان دەکەن، بۆ ئەوەی کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن." عەمید سەرحەد پێیوایە ئەوانە کاریگەریی خراپییان لەسەر بارودۆخی ئەمنیی کەرکووک دەبێ و وەک ئەو باس دەکات "بەشێک لەوانە تیرۆریستی داواکراون لە پارێزگاکانی خۆیان و ناسنامەکانی خۆیان گۆڕیوە و لێرەش کاری تیرۆریستی دەکەن." بەرپرسێکی ئەمنیی دیکەی کەرکووکیش قسەکانی عەمید سەرحەد پشتڕاست دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە "دەستێکی تیرۆریستی" لەپشت ناردنی ئەو خێزانانەوەیە بۆ کەرکووک. چونکە "ئەگەر هاوکاری نەکرێن، چۆن دەتوانن مانگی بە 400 هەزار دینار خانوو بەکرێ بگرن؟"

بەڵام کاکەڕەش سدیق، بەرپرسی نووسینگەی کەرکووکی جێبەجێکردنی مادەی 140، هاتنی ئەو خێزانانە وەک هەوڵێک بۆ لەباربردنی مادەی 140 دەبینێ و داوا دەکات "دەسەڵاتی جێبەجێکردن بواریان نەدات." ئەو بۆیە داوا لە پارێزگاری کەرکووک دەکات کە سنوورێک بۆ ئەو کۆچە دابنێت و "ڕایبگرێت." ئەو بەرپرسەی جێبەجێکردنی مادەی 140 ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی ڕابردوودا نزیکەی 27 هەزار خێزانی کورد و نزیکەی 10 هەزار خێزانی عەرەب لەلایەن ئەوانەوە قەرەبووکراونەتەوە، "بەڵام هەندێک لە خێزانە عەرەبەکان دیسان گەڕاونەتەوە کەرکووک." ئەو هەروەها ئاشکراشیکرد کە 40 هەزار خێزانی کورد چاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەن و 20 هەزاریش چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ شوێنی خۆیان.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت قسەکانی کاکەڕەش سدیق سەبارەت بە سەرلەنوێ گەڕانەوەی عەرەبە قەرەبووکراوەکان پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "هەندێکیان ناوی خۆیان دەگۆڕن، یان خزمێکیان دەڵێ ئەوانە میوانی منن و بە سەردان هاتوون و بۆ ماوەیەک دەمێننەوە، یان دەڵێن مەترسی لەسەر ژیانمان هەیە و پەنامان هێناوەتە بەر ئێرە." هەندێک لە بەرپرسانی پۆلیس لە کەرکووک ئەو عەرەبانە بە "هۆکاری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و کاری تیرۆریستی" دەزانن و دەڵێن بۆیە کۆشش دەکەن کە بیاننێرنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، "زۆر جار لەسەر ئەوە ڕەخنەمان لێدەگیرێ کە ئەو کارە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە."

وردەکاریی زۆرتر لە لاپەڕە 7

### نێچیرڤان بارزانی بۆ (ڕووداو):

## هیوادارین ئاگربەستەکەی PKK هەمیشەیی و دوولایەنە بێت



**تایبەت بە ڕووداو**

نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی PKKی بە "بڕیارێکی بەجێ" وەسفکرد و داوا دەکات لەپێناو هاتنەکایەی ئاشتی ئاگربەستەکە هەمیشەیی و دوولایەنە بێت.

دەربارەی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو)، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: "ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەکلانەی PKK بڕیارێکی بەجێیە، هەنگاوێکی ئەرێنی و مایەی خۆشحاڵییە. ئەزموونی شەڕ سەلماندوویەتی کە کێشەکە بە شەڕ و توندوتیژی چارەسەر نابێت و تەنیا ڕێگەچارەی سیاسی و ئاشتیانەیە دەتوانێت کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات".

نێچیرڤان بارزانی لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: "هیوادارین وەک دەرفەتێکی تازەی ئاشتی مامەڵە لەگەڵ ئەم ئاگربەستەدا بکرێت و ئاگربەستەکە هەمیشەیی و دوولایەنە بێت و ئیتر شەڕ و کوشتار ڕوونەداتەوە. هیوادارین زەمینەکانی ڕوونەدانەوەی شەڕ و هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتیانە بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو لایەکەوە بەهێز بکرێن و هەر هەوڵێکی ئاشتیانەش لە تورکیا بە باشی هەڵدەسەنگێنین".

جێگری سەرۆکی پارتی ئامادەیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیشی لە هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە هەموو هەنگاو و ڕێگە ئاشتییخوازییەکان نیشاندا و ڕایگەیاند: "ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ئامادەین هاوکاری و پشتگیریی هەر هەوڵێک بکەین بۆ هەر چارەسەرێکی ئاشتیانە و ڕۆڵی خۆمان لەپێناو ئاشتی و نەبوونەوەی شەڕ و توندوتیژی بگێڕین"

4 ››

### د. عەلی قەرەداخی:

## ئیسرائیل 7 کوردی لە کاروانی کەشتی ئازادی دا شەهید کرد

### داود باغستانی:
### هیچ کوردێک لەو کاروانەدا نەبووە

**سلێمانی (ڕووداو)**

پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلام ئاشکرای کرد کە لە کۆی ئەو 9 کەسەی لەسەر پشتی یەکێک لە کاروانی کەشتییەکانی ئازادی بەدەستی هێزەکانی سوپای ئیسرائیل کوژران، 7یان کورد بوون. عەلی قەرەداخی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، باسی کاروانی ئەو کەشتییانەی کرد کە کۆتایی مانگی ئایاری ڕابردوو بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی سەر کەرتی غەززە و گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بە فەلەستینییەکان بەڕێکەوتن و لە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی دەریای سپی نێوەڕاستدا کەوتنە بەر پەلاماری هێزە تایبەتییەکانی ئیسرائیل. لە ئەنجامدا 9 کەسی سەر پشتی یەکێک لە کەشتییەکان بەناوی (ماڤی مەڕمەڕە) کوژران. عەلی قەرەداخی لەبارەی ناسنامەی قوربانییەکانەوە گوتی "دەگوترێ لەو 9 کەسەی شەهید بوون، 7یان کورد بوون".

بەڵام داود باغستانی، بەرپرسی دەزگای ئیسرائیل- کورد، کە گۆڤارێک بەو ناوەوە لە هەرێمی کوردستان دەردەکات، ئەو زانیارییانەی ڕەتکردەوە و گوتی هیچ کوردێک لەو کاروانەدا نەبووە. باغستانی گوتیشی "عەلی قەرەداخی لەجیاتی ئەو قسانە با بچێت وەڵامی لێدوانەکەی یوسف قەرەزاوی بداتەوە کە لە ئیستەنبوڵ و بە ئامادەبوونی ئەو گوتی PKK تیرۆریستە". بەڵام قەرەداخی دەڵێ قەرەزاوی تەنیا هێرشەکانی ئەو دواییەی PKKی شەرمەزار کردوون.

12 ››


**کوردستانی**

ڕەنگە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا پێکەوە دابنیشن


2 ››

**ژنان**

لە هەورامان کەس ژن ناکوژێ

6 ››

**مێژوو**



جەمال نەبەز: بۆ ئەوانەی بوونەتە ئەسکوێی نەگونجاوی هەموو دیزەیەک

10 ››

# بابەکر زێباری: سوپای عێراق تاوەکو 2020 توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی نابێت



**ڕووداو- گاردیان**

بابەکر زێباری، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقی، داوایکرد سوپای ئەمریکا بۆ 10 ساڵی دیکە لە عێراق بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سوپاکەیان ناتوانێ بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکات، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. بابەکر زێباری گوتی" دەبێ سیاسەتمەداران ڕێگە چارەیەکی دیکە بدۆزنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەدوای ساڵی 2011 دروست دەبێ و ئەگەر دەربارەی کشانەوەی ئەمریکا پرسیارم لێبکەن، بە سیاسەتمەداران دەڵێم: دەبێ سوپای ئەمریکا لێرە بمێنێتەوە هەتا سوپای عێراق ئامادە دەبێت، کە ئەویش ساڵی 2020دەبێت". ئەو فەرماندەیە هۆشداری ئەوەیدا کە سوپای عێراقی ئامادە نییە بەرپرسیارێتییەکە لە ئەمریکییەکان وەربگرێت. هەر لەوبارەوە کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ئەوان هەتا ئێستا لە پڕۆسەی کشانەوەی هێزی ئەمریکا لە عێراق ڕازین.

## گۆڕان، چاوەڕێی وەڵامی یەکێتییە

# تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دادەنیشن

**هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا ئامادەن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان پێکەوە دابنیشن. بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت دوای سەردانی وەفدەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ لای سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی یەکێتین و سەرکردەیەکی یەکێتیش دەڵێ "مام جەلال ڕق و کینەی لەدڵدا نییە و ئامادەیە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دابنیشێ."**

**نەوزاد مەحموود**
**سلێمانی (ڕووداو)**



■ بە گوتەی کەسە نزیکەکانیان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا ئامادەن پێکەوە دابنیشن **(فۆتۆ: ڕووداو)**

هەفتەی ڕابردوو، هەریەک لە عیماد ئەحمەد و دلێری سەید مەجید، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ یەکەمین جار لەوەتەی ئەو بزووتنەوەیە جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاندووە پێکەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان دانیشتن و لەبارەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا گفتوگۆیان کرد. وەفدەکەی یەکێتی پاش گەڕانەوەی بۆ لای مام جەلال، تائێستا وەڵامیان نەداوەتەوە بزوتنەوەی گۆڕان کە ئاخۆ ئامادەن دەست بە گفتوگۆ بکەن یان نا.

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "هێشتا نە یەکێتی وەڵامی ئێمەی داوەتەوە و نە ئێمەش وەک بزووتنەوەی گۆڕان دانیشتووین مەرجەکانی گفتوگۆکردنمان دیاری بکەین"، بە دووریشی نەزانی کە یەکێتی بەهۆی وەرگرتنی ڕای پارتییەوە درەنگ بکەوێت لە پڕۆسەکە و گوتی"بێگومان یەکێتی بەبێ پرسی پارتی هیچ شتێک لەگەڵ گۆڕان ناکات و بۆ ئەوە پێویستە پارتیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ گۆڕان ئاسایی بکاتەوە."

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، ئاساییبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ هەموو حیزبەکان بە پێویست دەزانێ و دەڵێ ئاساییکردنەوەی ئەم پەیوەندییانە دوو سەرەیە "بەشێکی پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەیە کە لە بەرپرسیارێتییەکانی پڕۆسەی سیاسی تێبگات و مامەڵەیەکی تەندروستانەی لەگەڵ بکات، بەشێکیشی دەکەوێتە سەر یەکێتی کە چیتر مامەڵەی دووژمنانە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نەکات و وەک هەر حیزبێکی سیاسی لێیان بڕوانێ."

لەتیف شێخ عومەر، ڕاوێژکاری مام جەلال ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە بەو مانایە نابینێ کە خەڵک و چاودێران لێی دەڕوانن و دەڵێت "خۆ ئێمە نامانەوێ پەیماننامەی ستراتیژی ببەستین، بەڵکو دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو نەریتە سیاسییەی لەکوردستان هەیە کە مامەڵەکردنێکی سیاسیانەی دیموکراسیانەیە لەگەڵ یەکتر."

بەبڕوای لەتیف شێخ عومەر، پێویستە هەنگاوی یەکەم گۆڕان بیهاوێژێت "دەبێت گۆڕان پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو لایەنەکان ئاسایی بکاتەوە، نەک تەنها یەکێتی." لە بەرامبەردا ئاواتی شێخ جەناب، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاساییکردنەوەی پەیوەندی بەپێویست دەزانێت و لەبارەی هەنگاوەکانیشیان بەو ئاراستەیە بۆ (ڕووداو) گوتی "هەنگاوەکان هێشتا لەسەرەتادان، گەشبینم بەو هەنگاوانە، چونکە ڕەوشی سیاسی کوردستان پێویستی بەو جۆرە نێزیکی و ڕێککەوتنەیە."

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، یەکێتی چەند ئامانجێکی دیاری لە ڕەواندنەوەی گرژییەکانی نێوان خۆی و گۆڕان هەیە، لەوانەش هەڵوەراندنی هەندێک لە هەوادارە تووندەکانی گۆڕان و هێواشکردنەوەی گوشاری ڕاگەیاندنی گۆڕان لەسەر خۆی و کابینەکەی بەرهەم ساڵح، چونکە وەک بەرپرسێکی یەکێتیش گوتی "د.بەرهەم یەکێکە لەو سەرکردانەی یەکێتی، کە هەر لە سەرەتاوە ڕای لەسەر ئاساییکردنەوەی نێوان یەکێتی و گۆڕان باش بووە."

ئەو سەرکردەیەی گۆڕان، دانی بەوەدانا کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتی، باجی دەوێت "بەڵێ، لەوانەیە هەندێک خەڵک لەئێمە دووربکەونەوە، بەڵام دەکرێت ئەو دوو هێزە پەیوەندی ئاساییشیان هەبێت و ڕەخنەش لەیەک بگرن."

یەکێتی پێشتر لەڕێگەی پەرلەمانتارەکانییەوە، بەرنامەی ئەوەی هەبووە ئەم پڕۆژەیە بخاتە بەردەم فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵام وەک سۆزانی خاڵە شەهاب دەڵێ "ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە و دەرماندەهێنێ لەو دۆخە گرژەی پێشتر تێیکەوتبووین، بەڵام من خوازیار بووم ئەم هەنگاوە لەپەرلەمانەوە دەستی پێبکردایە." سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان گوتیشی "ئومێدم وایە ئەمە کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی کاری فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان."

بەڵام سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەوە دەکاتەوە، ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییە هیچ کاریگەری لەسەر شێوەی کاری ئەوان نابێت. کوێستان محەممەد ئەوەشی گوت کە "نزیکبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و لایەنەکانی دیکە خراپ نییە و دەکرێ خاوەنی پەیوەندییەکی ئاسایی بین لەگەڵیان، بەبێ ئەوەی شێوازی کارکردنمان لە پەرلەمان بگۆڕین."

خالید شوانی، کە پەرلەمانتاری عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، ئاماژەی بە پێویستی نزیکبوونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕان و یەکێتی کرد "هەر لێکنزیکبوونەوەیەک لەنێوان ئەو دوو لایەنە، دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و لێکنزیکبوونەوەی زیاتر و پاراستنی تەبایی لەنێوان ئەو هێزە سیاسییانەی لە کوردستاندا هەیە"، ئاماژە بەوەشدەکات کە "لێکنزیکبوونەوەی نێوان گۆڕان و یەکێتی، دەبێتە هۆی ئەوەی لە بەغداش هاوهەڵوێست بین بۆ چارەسەرکردنی تەواوی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە لە عێراقدا."

بڕیاردان لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتی لە ئەنجامدا لەدەست دوو کەسدایە کە ئەوانیش مام جەلال و نەوشیروان مستەفان و ئاساییکردنەوەی ئەم پەیوەندییانەش پێویستی بە دانیشتنی دووقۆڵی ئەو دوو سەرکردەیە هەیە.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو کە نەوشیروان مستەفا، ئامادەیە لەگەڵ تاڵەبانی دانیشێت "نەوشیروان مستەفا ئامادەیە لەگەڵ مام جەلال دابنیشێ، بەڵام هێشتا عیماد ئەحمەد و دلێری سەید مەجید پاش گفتوگۆکەیان لەگەڵ نەوشیروان مستەفا هیچ وەڵامێکیان نەناردووەتەوە."

هەر لەوبارەوە سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ڕایگەیاند کە مام جەلال ئامادەیە بۆ دانیشتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و گوتی "مام جەلال دەڵێت هەر کەسێک دۆستایەتیمان بکات دۆستایەتی دەکەین، مام جەلال سیاسەت بە ڕەق و کینە ناکات و هەرشتێکی لەو شێوەیە کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت و تەبایی ماڵی کوردی تێدابێت دەیکات و لەو ڕوانگەیەوە ئەو دانیشتنە ڕەتناکاتەوە."


ڕووداو

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە
Rudaw Media GmbH
دەریدەکات

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**
نورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر**
ئاکۆ محەممەد
akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.nl

**دەستەی نووسەران**
مستەفا چوارتایی
chuartaiy@gmail.com
سلێمان ئالیخان
silemani_alixani@yahoo.com
کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

**دیزاین**
مەنسور سدقی
m.sedghi@rave-online.org

**بەڕێوەبەری ئیدارە و بڵاوکردنەوە**
مستەفا شەفیق ئێدلبی
gare2005@hotmail.de

**ڕاوێژکاری یاسایی و دارایی**
لەتیف جانمئانا
info@canimana.de


© مافی چاپ و بڵاوکردنەوە پارێزراوە بۆ Rudaw Media GMBH

# هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ ناکرێ

## 74 ملیۆن دۆلارەکەی دەچێتەوە بەغدا و کۆمسیۆن و UN لەسەر دیارکردنی وادەکەی لەگەڵ پەرلەمان دادەنیشن

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، 74 ملیۆن دۆلاری تەرخانکردبوو بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان، ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەمساڵدا نەکرێت پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. سەرۆکی کۆمسیۆن دەڵێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێیانڕاگەیاندوون، کە مانگی 3ی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.**

**هەولێر (ڕووداو)**

تاوەکو ئێستا هیچ بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەفەرمی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان دیارینەکردبوو، هەرچەندە حکومەتی عێراق 74 ملیۆن دۆلاری بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەرخانکردووە، بەڵام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە ئەمساڵ نەکرێ ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی.

بەیار دۆسکی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو 74ملیۆن دۆلارە لەبودجەی ئەمساڵ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، ئەگەر هەڵبژاردنەکە ئەمساڵ ئەنجامبدرێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ئاگادار نەکردووەتەوە، کۆمسیۆنیش هیواخوازە لە زووترین کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەفەرمی وەڵامیان بداتەوە.

فەرج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی پێیان نەگوتووین کەی هەڵبژاردن دەکرێ، بەڵام لای خۆمانەوە ئامادەکاری دەکەین و لیژنەمان دروستکردووە بۆ چاککردنەوەی فایل و دانانی بەرنامەی کار بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە."

بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوەشی خستەڕوو کە بەنیازن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی کاتی هەڵبژاردنەکە بەفەرمی دیاری بکات "هەفتەی ئایندە شاندێکی کۆمسیۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەوێ ڕێککەوتن دەکرێ لەسەر کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە."

سەرۆکی کۆمسیۆن، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بەشێوەیەکی نافەرمی پێیگوتراوە ساڵی ئایندە هەڵبژاردنەکە دەکرێت. لەبارەی چارەنووسی ئەو 74 ملیۆن دۆلارەش کە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەمساڵدا تەرخانکراوە، دەڵێت "ئەوەی لە یاساکەدا باسکرابوو دەبوو مانگی 10ی ئەمساڵ بکرێت، بەڵام دوای ئەوە بەشێوەی نافەرمی گوتیان مانگی 3ی ساڵی ئایندە دەکرێت، بەڵام کۆمسیۆن پشت بە نووسراوی فەرمی دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەو نووسراوەشمان تاوەکو ئێستا بەدەست نەگەیشتووە، بۆ ئەو پارەش کە تەرخانکراوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر ئەمساڵ نەکرا دەکرێت داوا بکرێت کە ئەو پارە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی و ساڵی ئایندە داوای تەرخانکردنی پارەکە بکرێتەوە."

ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش هیچ زانیارییەکی فەرمیان لەلا نییە کەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا سەرۆکی لیستی سەوز لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا بەفەرمی هیچ زانیارییەک نەخراوەتە بەر دەستمان کەی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، دەگوترێت مانگی 10ی ئەمساڵ ئەنجامدەدرێت و باسی مانگی 3ی ساڵی ئایندەش دەکرێت، بەڵام بەفەرمی لەوەش ئاگادار نەکراوینەتەوە کە ساڵی ئایندە دەکرێت و سبەی بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجوومەن کۆبوونەوەیەک دەکەین."

## کورد 19 داواکاری دەداتە لیستەکان و چاوەڕێی وەڵامی فەرمییانە

# کێ زۆرترین داواکاری کورد قبوڵ بکات دەبێتە هاوپەیمانی ئەو

عیزەت شـــابەندەر، یەکێك لە ســـەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا دان بەوە دادەنێت کە"مالیکی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ "بارزانی"دا هیچ بەڵێنێکی بۆ پشتگیریکردن بۆ پاڵاوتنەوەی وەرنەگرتووە" و، دەڵێت" دەوڵەتی یاســـا بە هەموو مەرجەکانی کورد رازی نییە و، دەبێ دانوستاندنیان لەسەربکرێت"، عالیە نسێف جاســـم، ئەندامی لیستی عێراقییەش دەڵێت"لیستی عێراقییـــــە بـــــە نیـــــوە زیاتری داواکارییەکانی کورد رازییە."

◄ دەوڵەتی یاسا:

**بە هەموو داواکارییەکانی کورد رازی نین و هەمووشیان رەتناکەینەوە**

◄ لیستی عێراقییە:

**بە نیوە زیاتری داواکارییەکانی کورد رازین**



**هێمن بابان رەحیم**
**هەولێر (رووداو)**

دیندار نەجمان دۆســـکی، ئەندامی شاندی دانوســـتاندنکاری کـــوردی لـــە ئیئتیلافـــی فراکسیۆنە کوردســـتانییەکان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە قۆناخی ئێســـتادا وتوێژەکانیان لەگـــەڵ لیســـتە براوەکانـــی دیکـــە چووەتە قۆناخی"زۆر جیدییەوە"، روونیشـــیدەکاتەوە کە کورد 19 داواکاری لەســـەر ســـێ تەوەری عێراقی، کوردســـتانی و پۆســـتەکان داوەتە لیســـتەکانی دەوڵەتـــی یاســـا، عێراقییـــە، ئیئتیلافی نیشتمانی، کە ئەگەری هەیە سەرۆک وەزیرانی داهاتوو لە یەکێک لەو لیستانە بێت. دۆســـکی رایگەیانـــد کە لە ســـەردانی رۆژی 2010/8/8ی مالیکی بۆ هەولێر، مەســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان هیچ بەڵێنێکـــی بۆ پشـــتیوانیکردن بـــە مالیکی نـــەداوە و دەڵێ " کورد داواکارییەکانی خۆی دەداتە هەمـــوو لایەنەکان کێ لەگەڵیدا بوو و جێبەجێیـــان بکات، ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنەین بۆ پێکهێنانـــی حکومەت. نوری مالیکیش کە ســـەردانی بارزانی کرد هیچ بەڵێنێکی کوردی وەرنەگرتووە کە پاڵپشـــتی مانەوەی بکەین و یەکلاییمـــان کردبێتەوە کـــە هاوپەیمانی ئەو دەبین." گرنگترین داواکاری کورد بۆ چاکسازی لە سیســـتەمی سیاســـی عێراق بریتین لە: هێشتنەوەی فیدراڵی، برەودان بە دیموکراسی، هاوبەشی لە بڕیاری سیاسی، فەرامۆشنەکردنی پێکهاتەکان، ئەنجامدانی ســـەرژمێری گشتی، ئاگاداربـــوون لە پرۆســـەکانی چەکدارکردن، دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاســـی. لەســـەر ئاســـتی داواکارییە تایبەتییەکانی کوردیش، جێبەجێکردنـــی ماددەی 140، دانی بودجەی پێشـــمەرگە، بودجـــەی گشـــتیی هەرێمـــی کوردستان، دەرچوواندنی یاسای نەوت و غاز، یەکلاییکردنەوەی کێشـــەکانی نێوان هەرێمی کوردســـتان و ناوەنـــد لەبارەی گرێبەســـتە نەوتییەکانەوە.

عیزەت شابەندەر، یەکێک لە سەرکردەکانی لیســـتی دەوڵەتی یاســـا، کە نوری مالیکی، ســـەرۆکایەتی دەکات، لـــە لێدوانێکـــدا بـــۆ (رووداو) هێمـــای بۆ ئەوە کـــرد کە ئەو قسانەی لەبارەی سەردانەکەی نوری مالیکی، سەرۆکی لیســـتی دەوڵەتی یاسا بۆ هەولێر، رەتکردەوە کە گوایە مالیکی"بەدەستی بەتاڵ گەڕابێتەوە"، لەمبارەیەوە گوتی"ئەوە قسەی شـــیکەرەوەکانە کـــە دەڵێـــن مالیکی هیچی بەدەســـت نەهێنا لـــە کۆبوونـــەوەی لەگەڵ بارزانی، بەڵکو دەســـتکەوتی باشمان هەبوو لەو سەردانەی مالیکی بۆ هەولێر"، لەدرێژەی قســـەکانیدا شـــابەندەر گرنگی سەردانەکەی مالیکی بۆ هەولێر لە ســـێ خاڵـــدا دیاریکرد "ســـەردانەکەی مالیکی بـــۆ هەولێر گرنگیی خۆی هەبوو لـــەو رووەی بارزانـــی دووپاتی هاوپەیمانێتیـــی نێوان هـــەردوولای کردەوە، رەتیشـــیکردەوە کورد ڤیتۆی لەسەر مالیکی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا قســـەکانی مالیکی لەســـەر ماددەی 140 بۆ کورد گرنگ بوون"، شـــابەندەر رەتیشیدەکاتەوە ســـەرکردایەتی کـــورد هیچ کێشـــەیەکیان لەگـــەڵ مالیکیدا هەبێت، لەبارەی ســـەرکەوتنی سەردانەکەی مالیکیش دەڵێـــت "بەپێی هەموو پێوەرەکان سەردانێکی سەرکەوتووبوو." لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرکردەیەی دەوڵەتی یاسا کە لەبارەی مەرجی لیســـتەکەی بـــۆ دەســـتبەرداربوون لە پۆســـتی ســـەرۆک وەزیران دەڵێت"بەهیچ شـــێوەیەک دەستبەرداری پۆســـتی سەرۆک وەزیـــران نابین و ئەوە لە حســـاباتی ئێمەدا نییە"، هەروەها گوتیشـــی "دەوڵەتی یاســـا لەگـــەڵ هەموو داواکارییەکانـــی کورددا نییە و هەمووشـــیان رەتناکاتەوە، چەند خاڵێکیان تێدایە پێویستی بە وتوێژە، دەبێت وتوێژەکان یەکلاییان بکەنەوە."

بەڵام عالییە نســـەیف جاســـم، لە لیستی عێراقییـــە، نایشـــارێتەوە نزیکبوونـــەوەی نێوان ئیئتیلافی نیشـــتمانی و عێراقییە "زۆر پێشـــکەوتنی بەخـــۆوە بینیـــوە"، لەبارەی سەردانی مالیکی بۆ لای بارزانی و تاڵەبانیش دەڵێت "مالیکی پەنای بۆ کورد برد و ناچاربوو ســـەردانی هەولێـــر بکات، چونکـــە تەواو لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی کە سێیەم لیستە لەپەرلەمان بێ ئومێد بوو، بەڵام ئێمە هێشتا پێمـــان وایە کورد لەگـــەڵ عێراقییە دەبێت، چونکە باشـــترین بژاردەیە بۆ کورد بۆ ئەوەی داواکارییەکانـــی جێبەجێ بکرێـــن، بەتایبەت داواکاریە هەستیارەکانی وەک ماددەی 140 و بودجە"، لەبارەی رازیبوونی لیستی عێراقییەش بـــە داواکارییەکانـــی کورد، عالییە نســـەیف دەڵێت"ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ چەندین داواکاری گرنگی کوردبووین و هیچ کێشەیەکمان لەســـەر نین، بەڵام چەنـــد داواکارییەک هەیە کە لـــە وتوێژەکاندا دەردەکەوێـــت دەتوانین بگەینە چارەسەر لەسەریان یان نا، پێشمواپە گەیشـــتنە چارەسەر ئاســـانە، چونکە زۆر لە داواکارییەکانی کورد مافی خۆیانە." هەروەها بـــە (رووداو)ی راگەیانـــد کـــە "عێراقییە بە زیاتـــر لەنیـــوەی داواکارییەکانی کورد رازییە و ئامادەیە دانوســـتاند لەوبـــارەوە بکات بەم نزیکانە."

هەرچی لەسەر ئاســـتی پۆستەکانیشە لە داواکارییەکانی کورد، پۆستی سەرۆک کۆمار و بەلانیکەم یەکێک لە وەزارەتە سیادییەکان کە کورد نەوت یان دارایی پێ باشـــە، جگە لەوە وەرگرتنی 20%ی پۆستەکان وەک کەمترین رادە، لە داواکارییەکانی کورد دیاریکراوە.

شـــابەندەر، لـــە درێـــژەی لێدوانەکەیدا بـــۆ (رووداو) دان بەوە دادەنێـــت کە " کورد و بارزانـــی هیـــچ بەڵێنێکیـــان بـــە مالیکی نەداوە بۆ پاڵاوتنەوەی بۆ پۆســـتی ســـەرۆک وەزیران"، بەڵام هاوکات رەتیشیدەکاتەوە ئەو قســـانەی بارزانی لەســـەر مالیکی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییـــە هاوبەشـــەکەیان لـــە رۆژی 2010/8/8 "سیاسەتێک بێت بۆ ملکەچکردنی لیســـتی عێراقییـــە بۆ رازیبـــوون بە مەرجی زیاتری کورد"، لەمڕووەوە دەڵێت" هەرچەندە مالیکی هیچ بەڵێنێکی پێنەدرا بۆ پاڵاوتنەوەی لەلایەن کوردەوە، بەڵام سەرکردایەتی کوردی روونە و واقیعییە لەگەڵ واقیعدا دەجوڵێتەوە، بۆیە ئەوان هیچ بەڵێنێکیان بەمالیکی نەداوە، بەڵام گوتووشـــیانە ڤیتۆمان لەسەرت نییە." شابەندەر لەکۆتایی قســـەکانیدا وتی لیستی دەوڵەتی یاســـا لە هەموو لیستەکان نزیکترە لە کورد.

بەڵام دیندار دۆســـکی دەڵێ "کام لیستی عێراقـــی ئامادەبێ زۆرتریـــن داواکاری کورد جێبەجێبکات، کورد لەو نزیکە و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لیستەدا دەبەستێ."

مەیســـون دەمەلوجی، وتەبێژی لیســـتی عێراقییـــە لە لێدوانێکدا بـــۆ (رووداو) ئەوەی رەتکـــردەوە کـــە لیســـتەکەیان رەزامەندی لەســـەر داواکارییەکانی کورد دابێت هەروەک لەچەنـــد دەزگایەکی راگەیانـــدن بڵاوکرایەوە و گوتی"تێبینیمـــان لەســـەر چەنـــد داواکاری و خاڵێکـــی کـــورد هەیـــە." دەمەلوجی ئەو هەواڵانـــەی رەتکـــردەوە کە گوایە لیســـتی عێراقییە رەزامەندی لەسەر 19 داواکارییەکەی ئیئتیلافی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان بۆ هاوپەیمانێتـــی بەســـتن لەگـــەڵ لایەنەکانی دیکـــە، دەربڕیبێـــت" ئەو هەواڵ و قســـانەی دەڵێن گوایە لیســـتی عێراقییـــە بە مەرج و داواکارییەکانـــی کورد رازیبووە، ســـەرتاپای ناڕاستە"، لەبارەی هەڵوێستیان لەبارەی ئەو داواکاریانەش گوتی "چەندین خاڵ و داواکاری لەنێو داواکارییەکاندا هەن لیســـتی عێراقییە رازییـــە لەســـەریان، بـــەڵام چەنـــد خاڵێکی دیکەشـــی تێدایە دەکرێ گفتوگۆ و وتوێژیان لەسەر بکرێ، بۆیە ئێمە رامانەگەیاندووە نە رازین بـــە تەواوەتی لەســـەریان، نە نارازین. پـــاش تاوتوێکردنـــی خاڵەکان هەڵوێســـتی خۆمـــان بەفەرمی بە ئیئتیلافی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان رادەگەیێنین"، دەمەلوجی لە درێـــژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی" داواکارییەکانی کورد یاداشتنامەیەکی باش و گرنگە بۆ وتوێژ."

لـــە بەرامبـــەردا، دارا محەممـــەد ئەمین، ئەندامی شاندی دانوســـتاندنکاری ئیئتیلافی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان لە لێدوانێکدا ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکراکرد کە "ئیئتیلافی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان تەنها وەڵامی فەرمیـــی لیســـتەکانی بەرامبـــەر بەهەنـــد وەردەگرێت و ئێستا چاوەڕوانی وەڵامەکانە"، گوتیشـــی"پاش ئـــەوەی وەڵامـــی هەمـــوو لیستەکانمان پێگەیشت، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆدەبینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامـــەکان دەکەین بزانیـــن کێ زۆرترین داواکارییەکانی کورد جێبەجێ دەکات، بڕیاری هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ ئەو دەدەین."

## داواکارییەکانی کورد

- **دەبێ لە ماوەی دوو ساڵ دا ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت**
- **پۆستی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کورد بێت**
- **بودجە بدرێتە هێزی پێشمەرگە**
- **تا پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدراڵی سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی هەبێت**
- **قوربانیانی ئەنفاڵ و کیمیابارانی هەڵەبجە قەرەبوو بکرێنەوە**

1 پابەندبوون بە دەستوور و سەرجەم برگەکانی و، پاراستنی سیستەمی دیموکراسیی فیدراڵی.

2 پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی کە نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بکات.

3 پرنسیپی هاوبەشی و بەشداری لە بڕیار پەیڕەوبکرێ ئەمەش لەرێگەی:

ا پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە رێگەی یاسایەکەوە کە هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی حکومەت بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ب دانانی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە مەرجەعییەتی ئەنجوومەن و بڕیاری بەکۆمەڵ و دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکانی نێوان سەرۆک وەزیران و جێگرەکانی روونبکاتەوە.

ج رەچاوکردنی پرنسیپی تەوافوق.

4 پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدراڵی لە ماوەی ساڵی یەکەمی کاری ئەنجوومەنی نوێنەران و تا پێکهێنانی، سەرۆک کۆمار و جێگرانی مافی ڤیتۆیان هەبێت.

5 هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان بەو پێیەی نوێنەرایەتیکردنی دادپەروەرانەی عێراقییەکان مسۆگەربکات.

6 ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە وادەی خۆیدا.

7 چاوخشاندنەوە بە پەیکەری هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی دیکەی ئاسایشی ناوخۆ و پەسەندکردنی پرنسیپی هاوسەنگی و جێبەجێکردنی.

8 جێبەجێکردنی پرنسیپی هاوسەنگی لە سەرجەم داوودەزگاکانی دەوڵەت لە وەزارەت و دەستە سەربەخۆکانیشدا..هتد

9 جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور و دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی لەرێگەی وادەیەکی دیاریکراو کە لە 2 ساڵ تێنەپەڕێت.

10 پەسەندکردنی پرۆژە یاسای سەرچاوە ئاوییەکان لەماوەی ساڵی یەکەمی کاری ئەنجوومەنی نوێنەران (بەپێی دوایین رەشنووس کە رێککەوتنی لەسەرکرابوو).

11 پەسەندکردنی پرۆژە یاسای نەوت و غاز لە ماوەی ساڵی یەکەمی کاری ئەنجوومەنی نوێنەران (بەپێی دوایین رەشنووس کە رێککەوتنی لەسەر کرابوو).

12 پارەدان و چەکدارکردنی پاسەوانانی هەرێم (پێشمەرگە)، وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی نیشتمانی عێراق.

13 پاڵپشتیکردنی پاڵێوراوی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

14 قەرەبووکردنەوە قوربانیانی رژێمی پێشوو، لەنێویشاندا قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە، قەرەبووکردنەوەیەکی بەپەلە و دادپەروەرانە.

15 نوێنەرایەتی کوردستانی لە وەزارەتە سیادییەکان و ئەنجوونی وەزیران و دەستە سەربەخۆکان و سەرجەم داوودەزگاکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی ئیستیحقاقی نەتەوەیی بێت.

16 لایەنی کوردستانی مافی ئەوەی هەبێت دەنگ بۆ پاڵێوراوی وەزارەتە سیادییەکان و وەزارەتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بەهەرێمی کوردستان بدات.

17 ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران پاڵێوراوی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێت.

18 حکومەتی ئیئتیلافی بە دەست لەکارکێشاوە دادەنرێت لەکاتی کشانەوەی لایەنی کوردستانی بەهۆی پێشێلکاریی روونی دەستووری، یان بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەو بەرنامەی لەسەری رێککەوتوون.

19 فراکسیۆنی سەرۆک وەزیران لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران پابەند بێت بە پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی پێشوو.

# PKK ئاگربەستی حەوتەمی ڕاگەیاند

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**بناری قەندیل (ڕووداو)**

## بۆزان تەکین:

## ئەو ئاگربەستە لە ئەنجامی پەیامی ئۆجەلان و چەندین کەسایەتییە لەوانەش بارزانی

بۆزان تەکین ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو بڕیاری ئاگربەستە یەکلایەنەیە، لە ئەنجامی پەیامێکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری PKK و داواکاری چەندین سەرۆک و نێوەندی سیاسی و جەماوەرییە لەوانەش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەکەی قەندیل، تەکین گوتی" هێزەکانمان لە 20 ئابەوە هەتا 20ی ئەیلوولی 2010 هیچ هێرشێک ئەنجام نادان."

لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو) دا کە ئایا ئەو ئاگربەستە ڕازیبوونە بە داواکاری چەندین نێوەندی سیاسی کوردی لەوانەش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە چەند هەفتە پێشتر داوای لە PKK کرد ئاگربەست ڕابگەیێنێتەوە گوتی" ئەمە بڕیاری خۆمانە و لەئەنجامی هیچ گوشارێکدا نەمانداوە، بەڵام بێگومان ئێمە گوێمان لە داواکاری چەندین کەسایەتی ناودار گرتووە و بەڕێز بارزانیش یەکێکە لەوانە."

بارزانی، داوای لە PKK کردبوو کە ئاگربەست ڕابگەیەنێت ئەگەر یەکلایەنەش بێت. دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای دەستخۆشیکردن لەو هەنگاوە، داوایکرد ئاگربەستەکە درێژخایەن بێت نەک تەنیا 40 ڕۆژ.

بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی درێژە بکێشێت، PKKداوای لە تورکیا کردووە کە کۆتایی بەهێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر ئەوان بێنێت و 1700 زیندانی سیاسی ئازاد بکات.

بۆزان تەکین، جێگری سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK، کە یەکێکە لە چوارچێوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئێوارەی ڕۆژی 2010/8/13 لە بناری قەندیل لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە ئەوان بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە ئاگربەستێکی 40 ڕۆژی لەمڕۆوە دەستپێدەکەن.



■ بۆزان تەکین و ڕووناهی سەرحەد بەر لە بەستنی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیان **(فۆتۆ: Daylife)**

PKK لە1984/8/15 بە دروشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەستی بەشەڕی چەکداری کرد. لەدوای ساڵی 1995ەوە تاوەکو ئێستا ئەوە جاری حەوتەمە یەکلایەنە شەڕ ڕادەوەستێنێ، بەمەبەستی دەستپێکردنی دیالۆگ، بەڵام تورکیا دانی بەو ئاگربەستانە دانەناوە و ئامادەن نەبووە لەگەڵ PKK دابنیشێ، بەڵام لە دووساڵی ڕابردوودا دانیشتنی نێوان سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران لەگەڵ سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP کە خاوەن یەک بنکەی جەماوەرییە لەگەڵ PKK دانیشتن هەبووە.

PKK ئێستا داوای ئۆتۆنۆمی دیموکراتی دەکات. ئەم ئاگربەستە نوێیە بە هەنگاوێکی گرنگ سەیر دەکرێت، چونکە تورکیا خەریکی خۆئامادە کردنە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر پاکێتی گۆڕانکارییەکانی دەستووری تورکیا لە12ی مانگ ئەیلولی داهاتوو کە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا AKP پێشنیازی کردوون ( کە ئەوکات هێشتا ئاگربەس ناشکێت)، بەڵام PKK و پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP (جێگرەوەی DTP ی داخراو) ڕایانگەیاندووە کە ئەوان ریفراندۆم بایکۆت دەکەن، واتە خەڵکەکەیان هاندەدەن بەشداری ریفراندۆمەکە نەکەن. کە ئەوەش بەلای هەندێ چاودێری سیاسی کورد و هەندێ پارتی دیکەی کوردییەوە لە باکوور جێگەی ڕەخنە چونکە ئەو پاکێتە ڕاستە دەستووری ناکاتە دەستووری چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام هەندێ گۆڕانکاری لەبەرژەوەندی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا و ڕێکردنەوە بۆ دیموکراسی زیاتر لە تورکیا دەڕەخسێنێ ئەوەش لەبەرژەوەندی کوردە. بۆزان تەکین، لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی (ڕووداو)دا لەوبارەوە گوتی " ئێمە پەیوەندیمان بە شەڕی پارتی دەسەڵاتداری تورکیا لەگەڵ دوو پارتە ئۆپۆزیسۆنەکەی تورکیا MHP و CHPەوە نییە کە دژی ئەو گۆڕانکاریانەن، ئێمە هەندێجار هەندێ شت دەکەین لەوانەیە یەک لەوانە پێیخۆش بێت، بەڵام ئێمە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کوردەوە دەجولێینەوە، ئەو پاکێتە هیچ باسی مافەکانی کورد و داننان بە ناسنامەی کوردی تێدانییە بۆیە پشتیوانی ناکەین."

زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە پێناچێت تورکیا ئەمجارەش بەشێوەکی فەرمی هیچ وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەو ئاگربەستە هەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لەکاتێکدایە کە تورکیا خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی کە لە تەمموزی 2011 بەڕێوەدەچێت.

بەڵام ئەگەر PKK دەست بەشەڕکردن بکاتەوە، لەوانەیە کار لە کەمکردنەوەی جەماوەری پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بکات، کە زۆر بەڵێنی دابوون بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەپێی ئامارەکانی PKK لەو ئاگربەستە یەک ساڵەیەی کە لە مانگی حوزەیراندا شکاندی تاوەکو ئێستا هەزار سەربازی تورکی کوژراون، دروستبوونەوەی شەڕ ئەو هیوادارییەی بۆ چارەسەری نەهێشت لەنێو خەڵکدا، کە پێشتر ئەردۆغان پێی بەخشیبوون.

هەر لەم هەفتەیەدا ژمارەیەک پسپۆری ئەڵمانی تارادەیەک گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە تورکیا چەکی کیمیاوی لە دژی PKK بەکارهێناوە.

بە پێی ئاژانسی ڕۆیتەرز، لە کۆتایی مانگی حوزەیران، گۆڤاری (دێر شپیگل)ی ئەڵمانی، وێنەی تەرمی شێواوی هەشت گەریلای PKK ی بڵاوکردەوە. هانس باومان، پسپۆری ئەڵمانی لە بارەی ساختەکردنی وێنەوە، دروستی وێنەکانی پشتڕاست کردووە و زانکۆی هامبورگیش وتی "ئەگەرەکان زۆرن کە ئەو هەشت چەکدارە بە چەکی کیمیاوی مردبن."

---

سزا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان خەڵکی ئێران تووڕەتر دەکەن

# گرانی و بێکاری ئێرانی داگرتووە

تا دێ گەمارۆ و سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران زیاتر دەبن و بەمەش ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بووەتەوە. چاودێرێکی سیاسی کورد دەڵێ "دەبێ حکومەتی ئێران وا سیاسەت بکات کە نەچێتە پێشوازی بایکوت و گەمارۆکان."

**ئازاد کوردی**
**تایبەت بە ڕووداو**

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بەرنامە گوماناوییە ئەتۆمییەکەی ئێران، چوارەمین بڕیارنامەی نێودەوڵەتی بۆ زیاترکردنی ئابڵۆقە ئابوورییەکان دژی ئەو وڵاتە دەرکرد، لە مانگی تەممووزیشدا یەکێتی ئەورووپا ئابڵۆقەی زۆر توندی بەرامبەر ئێران ڕاگەیاندن. ئەم سزایانە زۆرتر باری وزە و گازی ئێران و سیستمی بانکی ئەم وڵاتە لەخۆدەگرێت، یەکەمین جارە یەکێتی ئەورووپا سزا و بایکۆتی وا قورس بەرامبەر وڵاتێک دەردەکات. دواتریش وڵاتانی کەنەدا، ئوسترالیا و ژاپۆنیش سزای یەکلایانەیان دژی ئێران ڕاگەیاند.

هەرچەندە لەبەرامبەر ئەو گەمارۆیانەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن، ئەم سزا نێودەوڵەتییانە کاریگەریان لەسەر پیشەسازی نەوت و غاز و بەگشتی وزەی ئێران نابێت، بەڵام لەم ماوە کورتەدا کە سزا و بڕیاری نوێ دژی ئێران دراون، قەیرانی ئابووری ئێران قووڵتر بووە، گرانی و هەڵاوسانی ئابووری زۆر بووە و سەرمایەدانان و پرۆژە گەورەکان ڕاوەستاون. بۆ نموونە نرخی بەنزین لەم ماوەیەدا چەند قات زیاتر بووە. لەم نێوەدا خەڵکی ئێران بەگشتی نیگەرانی ژیان و داهاتوویانن و ترسیان لە تێکچوونی دۆخی وڵات هەیە.



■ سزاکان کاریگەرییان بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەستپێکراوە **(فۆتۆ: ڕووداو)**

حاسل داسە، چاودێری سیاسی و نوێنەری پێشووی شاری پیرانشار لە پەرلەمانی ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دەبێ حکومەتی ئێران وا سیاسەت بکات کە نەچێتە پێشوازی بایکوت و گەمارۆکان "دەبێ سیاسەتمەداران بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکەن دنیا ئەو هەستە نەکات یان ئەو جۆرە خوێندنەوەی لەسەر ئێران هەبێت کە ئێران لەبەرامبەر جیهاندا ڕاوەستاوە. بۆیە دەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە نێودوڵەتی و دەوڵەتانی دونیا بگونجێنێ."

ئەو سزا نێودەوڵەتییانە هەمووی بە حیسابی خەڵکی ئێران تەواو دەبێت، بە تایبەتی چینی هەژار. عەبدوڵڵا سوهرابی، نوێنەری پێشووی شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا لە پەرلەمانی ئێران دەڵێت سزا نێودەوڵەتییەکان دژی ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی خەڵک داناوە و گوتی "ڕەنگدانەوەیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سەرتاسەری ئێران و کوردستاندا دەبینین." سوهرابی پێداگری لەسەر ئەوەی کرد کە گەمارۆکانی ئەم دواییانە دژی ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری و ژیانی خەڵکی داناوە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شان بەشانی خەڵکی دیکەی ئێران ڕووبەرووی ئەم گوشارانە بووەتەوە.

حاسل داسە، بەڕاشکاوانە گوتی، نابێ هەڵسووکەوت و کاری سیاسەتمەداران کاریگەری خراپیشی بۆ خەڵک هەبێت "بەداخەوە سزا و بایکوتەکانی سەر ئێران کاریگەرییەکانی خراپی ئابوورییان لەسەر ژیانی خەڵکی هەیە و لەم دوو مانگەی دواییدا هەم لەسەرتاسەری ئێران و بەتایبەتیش لەکوردستانیش کاریگەرییەکە بە ڕوونی دیارە." ئەو گەمارۆ ئابوورییانە پتر بواری سووتەمەنی گرتووەتەوە، نرخی سووتەمەنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بۆ نمونە نرخی یەک لیتر بەنزین گەیشتووەتە 400 تمەن و چاوەڕوان دەکرێ بگاتە 800 تمەن.

داسە دەڵێت "نرخی هەموو شتێک زیادی کردووەو گرانی زۆر بەرچاوە، توانایی کڕینی خەڵک دابەزیوە، بێکاری زۆرتر بووە، ئەو کار و چالاکی کەرتی تایبەت کەمتر بووەتەوە، بودجەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری زۆر کەم بووە، تەنانەت کاریگەری لەسەر گەشتوگوزاریش هەبووە." بە بڕوای داسە ئەو گوشارە ئابوورییە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر باری کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستان و ئێرانیش دەبێ "ئەگەر دەوڵەت بایەخ بە مەسەلەی ئابووری نەدات، گوشاری کۆمەڵایەتی بۆ سەر دەوڵەت زیاتر دەبێت و ڕێژەی ناڕەزایی زۆرتر خۆی دەردەخات."

کاربەدەستانی ئێران بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو گەمارۆ و سزا نێودەوڵەتیانە کاریگەریان لەسەر باری ئابووری خەڵکی ئێران نابێ، بەڵام حاسڵ داسە دەڵێت "ئەو لێدوانانەی کاربەدستانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دەیدەن، بە پێچەوانەکەی لەکۆمەڵگەدا دەبینم." داسە گوتیشی "لەهەموو شوێنێکی گشتی، لەناو ئۆتۆمبێل، تەکسی، میترۆ، زانکۆ، کۆڕ و کۆبوونەوەکان باسی پرسی ئابووریی و گرانی دەکرێت. تەنانەت لەپرسە و سەرەخۆشی و شاییەکانیشدا باس هەر باسی ئەم کێشەیە."

## عێراق دەبێتە گەورەترین وڵاتی نەوت لە جیهاندا



**رووداو-الخلیج**

پسپۆرانی بواری نەوت پێشبینی دەکەن عێراق ببێتە گەورەترین وڵاتی خاوەن وزە لە جیهاندا، بەهۆی بوونی سەرجەم کێڵگەکانی لە ناوچە زەمینییەکان کە تێچوونی دەرهێنانیان تێدا کەمە و پێشبینی دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر زیاتری تێدا دەکرێت. ئەو زانیارییە لەسەر پێگەی عێراق دوای ئەوە دەرکەوت کە عێراق 11 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزاکرد کە بڕیارە بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق لە ساڵی 2017 رۆژانە بگاتە 10 ملیۆن و 240 هەزار بەرمیل. مونعیم عەبدولخالق، پسپۆری نەوت لەمبارەیەوە دەڵێت "توێژینەوە نوێیەکان پێشبینی دەکەن عێراق ببێتە گرنگترین شوێن بۆ وەبەرهێنانی نەوتی لەجیهاندا."

د.روشدی سەعید، خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە:

# 15 ملیۆن دۆلارمان بۆ بەرنامەی هاوکاریکردنی گوندەکان تەرخانکردووە



د.روشدی سەعید خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی (عادل المتحدە) بە(رووداو)ی راگەیاند کە بەرنامەیەکیان هەیە بۆ هاوکاریکردنی گوندنشینانی کوردستان لە هەرسێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی و پتر لە 15 ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەو بەرنامەیە تەرخانکردووە. هاوکات ئاماژەی بە چەند پرۆژەیەکیش کرد کە جێبەجێکردنی بە کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە سپێردراوە و بە تەواوبوونیان رووخساری هەرێمی کوردستان بە تەواوی دەگۆڕێ، لەوانەش هەردوو ئۆتۆبانی زاخۆ- هەولێر و سلێمانی- پێنجوێن، ئەوە سەرباری دروستکردنی شارێکی راگەیاندن لە سلێمانی.

- **دەمەوێ فیستیڤاڵێکی گەورەی وەک کان لە کوردستان سازبکەم**
- **شاری راگەیاندن لە سلێمانی دروستدەکەین**

**هەولێر (رووداو)**

روشدی سەعید کە (رووداو) مانگی تەممووزی رابردوو یەکەمین هەڤپەیڤینی لەبارەی پرۆژەکانی لەگەڵ سازکرد، گوتی کە لەو دیدارەدا هەموو شتێکی بە راشکاوی باسکردووە "هەندێک خەڵک پێیان خۆش بووە و هەندێکیش پێیان ناخۆش بوو." گوتیشی "چەند برادەرێکی سلێمانی پێیان ناخۆشە من کار بکەم، لە میسر بووم باسی منیان کردووە لە ئینتەرنێت و هەر لەخۆیانەوە درۆ و دەلەسەیان بڵاوکردووەتەوە، لەهەندێ رۆژنامەشەوە دابەزیوونەتە سەر ئیبراهیم تاتلیسەس."

خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە باس لەوە دەکات کە ئەو پارەیەی تەرخانکراوە بۆ بەرنامەی هاوکاریکردنی گوندەکان لە گیرفانی ئەو دەردەچێت نەک ئیبراهیم تاتلیسەس. بەڵام گوتیشی "ئێستا بە ئیبراهیم بڵێم برۆ بۆ هیندستان دەڵێت ئەمر دەکەی دکتۆر، پێی بڵێم برۆ بۆ بەسرە دەڵێت ئەمر دەکەی دکتۆر، من سەرۆکی ئەنجوومەنی ئیدارەم و ئیبراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنە، راستە شەریکی منە، بەڵام لەبەرئەوەی شارەزا نییە پلان و بەرنامە لە من وەردەگرێت."

د.روشدی گوتیشی کە بەرنامەی هاوکاریکردنی گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تاوەکو جەژنی رەمەزان بەردەوام دەبێت، دوای رەمەزان دەچنە دەڤەری دهۆک کە 45 رۆژی پێدەچێت و ئینجا دەچنە گوندەکانی سلێمانی کە ئەویش 45 رۆژی بۆ دانراوە. لەبارەی ئەو بڕە پارەیەش کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە، گوتی "ئەو بڕە پارەیەی لە پرۆژەی (دەشتی بەهەشت بۆ تۆیە) تەرخانکراوە، نزیکەی 15 بۆ 16 ملیۆن دۆلارە کە بۆ یارمەتیدانی خەڵکە."

روشدی سەعید گلەیی لە عەقڵی میدیای کوردی هەیە کە لەجیاتی قسەکردن لەبارەی پرۆژەکانیان، هێرش دەکەنە سەر کەسایەتی خۆی و ئیبراهیم تاتلیسەس "دەڵێن ئیبراهیم تاتلیسەس بۆ یارمەتی کوردەکانی وڵاتی خۆی نادات و باسی منیان دەکرد گوایە د.روشدی عارەبە و کورد نییە."

د.روشدی ئاوا وەڵام دەداتەوە "کاکە من هیندیم یان یابانیم. گرنگ ئەوەیە من ئێستا هاتووم خزمەتی وڵاتی خۆم دەکەم، خزمەتدەکەم یان نا؟، خزمەتدەکەم و ئەویش بۆ خوای گەورە دەکەم، خۆ من خزمەت ناکەم تاوەکو خەڵک پێم بڵێن ئافەرین."

هەر لەدرێژەی ئەو باسەدا داوایکرد کە رەخنە لە بنیاتنان و بینای پرۆژەکانی بگرن، چونکە ئەو رەخنانە پرۆژەکەی دەباتە پێشەوە "بڵێن لە فلان شت هەڵەت کردووە و دەبێت وا بکەیت، بەڵام سیناریۆ دروست بکەی لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ ! ئەوە سوودی نییە." گوتیشی "هاتوون دەڵێن ئیبراهیم تاتلیسەس کوردە، کێ گوتی ئیبراهیم تاتلیسەس کوردە، ئیبراهیم باوکی عەرەبە و دایکی کوردە، منیش کوردم و کوڕی کوردم و باوک و باپیریشم خەڵکی هەڵەبجەن، تۆ ئەگەر وەک رۆژنامەنووسێک ناتوانی باش رەخنە بگری، فەرموو وەک عادل موتەحیدە دەتنێرین بۆ باشترین وڵات و داخلی خولی راهێنانت دەکەین کە چۆن رەخنە لە پرۆژە بگریت."

روشدی سەعید زۆر پەسنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری هەولێر دەدات کە "پشتگیرییەکی گەورە"یان کردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە گلەیی لە بەرپرسانی ئیداریی پارێزگای سلێمانی هەیە "بەداخەوە چەند بەرپرسێکی سلێمانی هیچ پشتگیرییەکیان نەکردین. چووینە سلێمانی بۆلایان و لەبری ئەوەی دانیشن و بڵێن ئیبراهیم تاتلیسەس فەرموو ئاسانکاریت بۆ دەکەین بۆ پرۆژە، گوتیان وەکو خەڵک داوا پێشکەش بکەن، ئەگەر بۆتان دەرچوو با دەربچێت."

ئەو سەرسوڕمانی خۆی لەو مامەڵەیە دەردەبڕێ و دەڵێت "ئەم کابرایە سەرمایەیەکی نەتەوەییە هێناومە بۆ کوردستان چۆن بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ دەکەی، لەجیاتی ئەوەی بڵێی بەخێربێی و ئاسانکاریت بۆ دەکەم، وا هەڵسوکەوت دەکەیت وەک ئەوەی منداڵێک هاتبێتە لات، شتێکی زۆر سەیربوو بەلامەوە."

د.روشدی باسی سەردانی خۆی دەکات بۆ لای د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەت و دەڵێت "کە چووینە لای ئەوەندە رێزی لێگرتین و ئەوەندە کراوە و تێگەیشتوو بوو خۆشحاڵی کردین و هەموو پشتگیرییەکی کردین، قسەکانی د.بەرهەم بەرامبەر ئیبراهیم بۆ من جێگەی فەخر بوو، گوتی پرۆژەی ئۆتۆبانی زاخۆ بۆ هەولێر و پێنجوێن بۆ سلێمانی بۆ ئێوە و شاری راگەیاندنیش بۆ ئێوە، ئێمەش پشت بەخوا ئەو پرۆژانە جێبەجێدەکەین و بەکردەوە خەڵک ئەمانە دەبینێ."

د.روشدی لەبارەی شاری راگەیاندن باسی لەوە کرد کە ئەوە شارێکی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنییە وەک ئەوەی لە قاهیرە و دوبەی هەیە، شوێنەکەشی لە بناری پیرەمەگروونە. ئەو پرۆژەیە هی حکومەتە و عادل موتەحیدە جێبەجێی دەکات.

خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە، باسی چەند بەرنامەیەکی گەورەی کرد و گوتی "لای پارێزگاری هەولێریش باسمکردووە، حەزدەکەم هەموو دنیا بێنینە کوردستان و ئەوەش دەکەم، بە عەقڵ و پرۆگرامی خۆم دەیکەم، یەکێک لەو شتانەی کە ئێستا دامناوە وەکو بەرنامە فیستیڤاڵێکی جیهانییە، چۆن پێشتر فیستیڤاڵی بابل هەبوو لە بەغدا، فیستیڤاڵی کان هەیە لە فەرەنسا و فیستیڤاڵی جەرەش هەیە لە ئوردن، منیش فیستیڤاڵێک لە هەولێر سازدەکەم بە هاوکاری حکومەت وەک فیستیڤاڵی کان و جەرەش."

روشدی سەعید ئەوە بە کارێکی مەحاڵ نازانێ و دەڵێت "ئێمە وەک عادل موتەحیدە پەیوەندییەکی زۆر فراوانمان هەیە، دەتوانم بە 15 رۆژ عادل ئیمام بێنمە کوردستان، چونکە عادل ئیمام و فاروق فیشاوی و عەبدوڵڵا روەیشد و چەندان هونەرمەندی دیکەش هاوڕێی نزیکمن، لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەی ئەمریکیش هاوڕێیەتیم هەیە و دەتوانم 50% ی ئەو فیستیڤاڵە بەهونەرمەندی جیهانی پڕبکەمەوە."

**گرووپی کەڵەگا**

## بۆ رووتاندنەوەی کۆمەڵگا

گەشتێك بۆ ئیستەنبوڵ دوو سێ بەرابەری گەشتە لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ئەوێ. دەزانن بۆ؟ چونکە تەنها کۆمپانیایەك لەمبەر و کۆمپانیایەك لەوبەر ئاسمانەکەیان قۆرخ کردووە و بێ رکابەر 630 دۆلار لە گەشتیارێك وەردەگرن

**عادل قەرەداخی**

ئەوەندەی مرۆڤ خۆیان خەریکی کەڵەگایین بەسەر یەکترەوە، نیو ئەوەندە کەڵەگای داماو خۆی ئەم دەرفەتی کەڵەگاییکردنەی بۆ نەڕەخساوە کە دەستەواژەکە خۆی لە کردارەکانی ئەوەوە وەرگیراوە. جاران جگە لەوانەی کە هەستی کوردایەتی وای لێکردبوون شۆڕش بکەن و بەگژ رژێمدا بچنەوە، زۆریش بوون لەوانەی کە کەڵەگایی پیاوانی رژێمیان پێ قەبوڵ نەدەکراو پەیوەندییان بەشۆڕشەوە دەکرد. واتە رەفتاری کەڵەگایی بەعسیان بۆ قووت نەدەچوو. سەددام کە هیچ ئیعتیبارێکی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانەدەنا، بەخۆی کەڵەگایی دەکرد و سەرەنجام دەوڵەتێکی دراوسێی داگیرکرد، بەم رەفتارەی سەددام دەگوترێت کەڵەگایی، تائێستاش کەڵەگای وەک سەددام و گەورەتر و بچووکتریش زۆرن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت لەو خراپتر دەکەن.

چونکە کەڵەگا و کەڵەگایی جۆریان زۆرە، لێرەدا تەنیا باسی کەڵەگایی ئەو گرووپە کۆمپانیا دیار و نادیارانە دەکەم کە بەناوی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزارەوە بوونەتە کەڵەگا بەسەر ئەم میللەتەوە و هێشتاش منەت بەسەر خەڵکدا دەکەن کە گوایە باشترین جۆری پێداویستی و خزمەتگوزارییان بۆ هێناوین. نموونەی ئەوانە زۆرن کە بەکەڵەگایی دەستیان بەسەر هەموو بوارێکدا گرتووە و خۆیان نەبێت ناهێڵن کەسی دیکە کار لەو مەیدانەدا بکات و بەکوردییەکەی کەڵەگای مەیدانەکەن. هەندێکیان کەڵەگاییان گەیشتووەتە رادەیەک کە ئەگەر بتەوێ جبس و بنێشتیش بێنی دەبێت سەهمێکی ئەوانی تێدابێت. بۆیە ئەگەر کەڵەگایەکمان لێ قیت نەبێتەوە بەندە بەنیازم باسی چەند لایەنێکی بکەم.

دوای دروستکردن و بەکارکەوتنی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی، هەمووان خۆشحاڵبووین کە دەرگا داخراوەکانی سەر کورد کرانەوە و ئیدی ئێمەش دەفڕین، بەڵام تائێستاشی لەگەڵدا بێت مەیدانی کاری فڕۆکەوانی لە کوردستاندا بەئەندازەیەک قۆرخکراوە کە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ لەوەی خەڵکێک دوای ئەو هەموو مەحرومیەتەی کورد ئاوا کەڵەگایی بەسەرەوە بکات. من کارم بەسەر بێسەروبەریی رێکخستنی گەشتەکان و کاتی فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەکانەوە نییە، چونکە دەمێکە خەڵکی لێی راهاتووە و ئەگەر زۆریش بێزار بێت دەڵێت کێشە نییە هێڵی کوردستانە! بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی قسە لەسەرکردنە نرخە، کە کۆمپانیاکان بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ رکابەری و بە رێککەوتنی پێشوەختە بڕیویانەتەوە. بۆ نموونە گەشتێک بۆ ئیستەنبوڵ دوو سێ بەرابەری گەشتە لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ئەوێ. دەزانن بۆ؟ چونکە تەنها کۆمپانیایەک لەمبەر و کۆمپانیایەک لەوبەر ئاسمانەکەیان قۆرخ کردووە و بێ رکابەر 630 دۆلار لەگەشتیارێک وەردەگرن و بەهەردوو لایان لەگەڵ کۆمپانیای ئەتلەس جێت گرێبەستیان کردووە و تەنها ئەوان دەتوانن فڕۆکە بۆ ئیستەنبوڵ هەڵفڕێنن. لەکاتێکدا نێوانی ئێرە بۆ ئیستەنبوڵ دوو تا دوو کاژێر و نیوە، کەچی لەستۆکهۆڵمەوە بۆ ئیستەنبوڵ کە کەمەودایەکی دوورترە 200 تا 250 دۆلاری دەوێت، ئاخر تاکەی ئەم میللەتە رەشوڕووتە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئایا کەس دەتوانێ باسی کردنەوەی هێڵێکی دیکە بکات لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئیستەنبوڵ؟ بڵێی ئەو هەموو کۆمپانیایەی تورکیا و هەرێمی کوردستان کە لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا لەکوردستان کار دەکەن بیریان لەو کارە نەکردبێتەوە؟ یان ناتوانن شان لەشانی ئەوان بدەن؟!. کەواتە ئەوەی ئەم کۆمپانیانە دەیکەن کەڵەگاییە و پیاویشم دەوێت بیر لە کارێکی لەو شێوەیە بکاتەوە، مەگەر ماتادۆرێکی شارەزا و لێهاتوو بێت.

## لە ئەمریکا کوردێک سێ چەقۆی لێدەدرێ و دەکوژرێ



**ئەمریکا (ڕووداو)**

پۆلیسی شاری گلێندایەڵی سەر بە ویلایەتی ئەریزۆنای ئەمریکی، داوای یارمەتیان لە خەڵک کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانەی کە کوردێکیان بەچەقۆ لەنێو ماڵەکەی خۆیدا کوشتووە. جێراد سینۆری، وتەبێژی پۆلیسی ئەو شارە رایگەیاند کە رۆژی 3ی ئەم مانگە، ئاسۆس محەممەد نەسروڵڵا، تەمەن 45 ساڵ، لەنێو ماڵەکەیدا بە 3 چەقۆ کوژراوە. بەپێی قسەی پۆلیس، ئاسۆس پەناپەرێکی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و لەنێوەڕاستی ساڵانی 1990کانەوە لە ئەمریکا دەژی و زۆربەی کات لەگازینۆکانی ئەو شارە بینراوە. بەپێی راپۆرتەکان، کوشتنی ئەو کوردە کاتێک ئاشکرابووە کە هاوسەری پێشووی ئاسۆس تەلەفۆنی بۆ کردووە، بەڵام ئاسۆس وەڵامی نەبووە و ژنەکەش بەمە نیگەران دەبێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات، کاتێک پۆلیس دەچێتە ماڵی ئاسۆس، دەبینن کە ئەو پەنابەرە کوردە هەموو گیانی خوێناوییە و بێ هۆشە.

## BBC و هەندێک دامەزراوەی دیکەی بەریتانیا پشتیوانی فێربوونی زمانی کوردی دەکەن



### ئازد مافکۆ، چالاکڤان لە بواری فەرهەنگ و مافی مرۆڤ لە بەریتانیا:

# منداڵەکانمان مەترسیی بیرچوونەوەی زمانی کوردییان لەسەرە

**بەشێک لەو کوردانەی ئەمرۆ دانیشتووی تاراوگەن، رۆژانێک پێشمەرگە بوون و هیوایەکی دیکەیان بە شۆڕش و حیزبەکانیان هەبووە. ئازد مافکۆ، کە کوردێکی خەڵکی شاری سەقزە و ماوەی 20 ساڵە لە دەرەوە دەژی، یەکێک بووە لەوانەی رۆژانێک پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە. ئێستا نیشتەجێی بەریتانیایە و لە بواری فەرهەنگیی و مافی مرۆڤدا کار دەکات. ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی چەند قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە بەریتانیا دەکەنەوە، کە زیاتر لە 200 قوتابی تێیاندا دەخوێنن.**

**مستەفا چوارتایی**
**ئەڵمانیا (ڕووداو)**

مافکۆ لەبارەی ژمارەی کوردەکانی بەریتانیاوە دەڵێت: "ئێستا بە نزیکیی دەتوانین بڵێین ژمارەیان دەگاتە 150 هەزار کەس. هەرچەندە ئێستا، جگە لە کەمینەیەکی کەمی کوردی رۆژهەڵات، چیدیکە پەناخوازی کورد وەرناگیرێن." ئەو چالاکڤانە کوردە دەربارەی قوتابخانەی کوردی لە بەریتانیا دەڵێت: "قوتابخانەی کوردی لە بەریتانیا پێشینەیەکی هەیە. بەڵام پێشتر کە هەبووبێ سەر بە حیزبەکان بووە. ئەوان مەسەلە سیاسییەکانیان تێکەڵ بە قوتابخانە دەکرد. بۆیە من لەگەڵ چەند برادەرێک گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە چەند قوتابخانەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێنین."

مافکۆ بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "لە ساڵی 2003دا لەگەڵ کاک عابد کە مرۆڤێکی فەرهەنگدۆست و بنەماڵەیەکی رۆشنبیرن، دڵسۆزی منداڵی کوردیشن، بەگوێرەی یاساکانی بەریتانیا پرۆژەیەکمان دانا بەناوی "ناوەندی لاوان و منداڵانی کورد"، ئێمە بناغەکەیمان دانا و دواتر کۆمەڵێ دۆست و برادەری دیکەش هاتن بە دەنگمانەوە و ساڵ بە ساڵ پەرەی پێدرا." مافکۆ باسی ئەوە دەکات کە سەرەتا لە 5 منداڵەوە دەستیان پێکردووە "تا گەیشتە زیاتر لە 200 قوتابی و 25 مامۆستا."

دەربارەی پرسیاری ئەوەی کە ئایا حکومەتی بەریتانیا هاوکارییان دەکات؟ مافکۆ دەڵێت: "حکومەتی بەریتانی بە فەرمی هاوکاری ناکات، بەڵام هەندێک هاوکاری هەیە لەلایەن BBC، ناشناڵ لۆتەری و هەندێ شارەوانی و رێکخراوەوە. بەگشتی یارمەتییەکان کەمن." هەرچەندە قوتابخانە پێویستی بە مامۆستایە، بەڵام وەک مافکۆ باسی دەکات قوتابخانە کوردییەکانی بەریتانیا لەم رووەوە گرفتیان نەبووە. ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ژمارەیەک مامۆستایان هەیە کە پێشتریش مامۆستا بوون. ئازاد خۆیشی لە سەقز هەر مامۆستا بووە: "بەڵام بەوەشەوە نەوەستاین و مامۆستاکانمان بەردەوام ناردووە بۆ خولی تایبەت تا تواناکانیان پەرە پێبدەن."

دەربارەی ئەو پرۆگرامانەی لە قوتابخانەکانیاندا بۆ گوتنەوەی وانە و فێرکردن بەکاردێن، مافکۆ باسی لەوە کرد کە ئەوان پشتیان بە کتێبەکانی کوردستان نەبەستووە بۆ فێرکردنی منداڵان، بەڵام سوودیان لێ وەرگرتوون: "پشتمان بەو کتێبانە نەبەستووە کە لە سەردەمی سەددامدا هەبوون. پشتمان بە شارەزایی خۆمان و هەندێ کەسایەتی کە لە بواری زمان و فەرهەنگدا شارەزا بوون بەست. هەندێک هاوکاریشمان لە خەڵکانیکی دڵسۆز لە سوێد وەرگرت."

منداڵی کورد و بیانی لە بەریتانیا ئینگلیزی دەخوێنێ، دەورو‌بەری ئینگلیزییە، دەبێ وەڵامدانەوەی منداڵەکان بۆ فێربوونی کوردی چۆن بووبێت؟ ئازاد مافکۆ لەوبارەیەوە دەڵێت: "گەورەترین کێشەی منداڵانی کوردی تاراوگەنشین لەبیرچوونەوەی زمانی دایکە. بەڕاستی نابێ دایک و باوک نیگەرانی ئەوە بێ منداڵەکەی فێری ئینگلیزی بێت. چونکە ئەوە هەر فێر دەبێت. ئەوەی جێی مەترسییە زمانە کوردییەکەیە. هەندێک دایک و باوک زۆرجار خۆشیان بە کوردی قسە ناکەن، بەڵام ئەم قوتابخانە کوردییانەی ئێمە رۆڵێکی چاکی هەبووە لە بەهێزکردنەوەی زمانی کوردی ئەو منداڵانەدا. تەنانەت منداڵی کەرکوکیمان لا بووە کوردیی نەزانیوە، ئێستا زۆر باش فێر بووە و دەنووسێت و دەخوێنێتەوە."

لە قوتابخانەکانی مافکۆ و هاوکارانیدا قۆناخەکانی خوێندن هەر لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێدەکەن، دواتر حەوت پۆل هەیە و لەوانیش گەورەتر پۆلی پێشکەوتوو هەیە. بەگوێرەی تەمەنیش، بەپێی یاسا، نابێت جیاوازی تەمەنیان 3 ساڵ زیادتر بێت.

دەربارەی بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانانە و چۆنێتی بەڕێوەچوونیان مافکۆ دەڵێت: "ئێمە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانمان بە دایکوباوکان سپاردووە. بۆ هەر قوتابخانەیەک کۆمیتەیەکمان لە دایکان و باوکان پێکهێناوە کە خۆیان منداڵیان لەوێ هەبێ."

مافکۆ و چالاکڤانە فەرهەنگییە هاوکارەکانی منداڵانی کورد لە بەریتانیا تەنیا فێری زمانی کوردی ناکەن، بەڵکو "ساڵانە سێ تا چوار فێستیڤاڵ ساز دەکەین، بۆنە کوردییەکان دەگێڕین، شەوی چلە دەگێڕین، ئاهەنگی نەورۆز، دیارە هۆڵی بۆ دەگرین. لە قوتابخانەکانیشماندا تیپی میوزیکمان هەیە، تیپی هەڵپەڕکێمان هەیە، مامۆستای شارەزای میوزیکمان هەیە. یەکێک لە مامۆستا بەتواناکانمان، کە زۆر ماندوو بووە، مامۆستا بورهانی موفتی زادەیە کە سیدییەکی بۆ منداڵان درووست کردووە و 12 سروود لەخۆدەگرێ. ئەو کارەشی تەنیا خۆبەخشانە کردووە."

مافکۆ بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "لە قوتابخانەکانی ئێمەدا منداڵی کورد فێری زمانی کوردی و کولتووری کوردی و خۆشەویستی نیشتمان دەبێت، لە فێستیڤاڵەکانیشماندا نیوەی بەرنامەکان منداڵەکان تێیدا بەشدارن." مافکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی قوتابخانەکانیان پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەیی کوردە و دوو لە قوتابخانەکانیشیان نێویان (زاگرۆس) و (هەڵەبجە)یە.

---

### گرتە سێکسییەکانی لەلایەن هاوڕێ هۆڵەندییەکانییەوە دەخرێنە سەر ئینتەرنێت

# "حکومەت تۆڵەم نەستێنێ، خۆم دەیستێنم"

**هۆڵەندا (ڕووداو)**

هەڤاڵ زوو زوو بەدەم قسەکردنەوە بە لیکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکەی دەگوت: "تکایە ناوم ئاشکرا مەکە. بەخوا حەیام دەچێت." لێکۆڵەرەکەش، کە کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستان بوو و لە شارەوانیی دەنهاخی هۆڵەندا کار دەکات، بەڕێزەوە وەڵامی دەدایەوە: "باشە کاکە، لێرەوە بە (هەڤاڵ) بانگت دەکەم. ئێستا بۆم باس بکە بۆ دەتەوێ ئەو گەنجانە بکوژیت؟" هەڤاڵ کەمێک بێدەنگ دەبێ و پاش دڵنیابوونی لەوەی کە ناوی ئاشکرا ناکرێت وەڵام دەداتەوە: "ئەوان ئابڕوویان بردم. تازە قەت ناتوانم بە سەربەرزی بژیم."

هەڤاڵ (32 ساڵ) نزیکەی 10 ساڵە لە هۆڵەندا دەژی. ئەو تا ئەو رووداوەی بەسەر نەهاتبوو زۆر بە ئومێدەوە دەژیا: "کە هاتمە ئێرە دامنابوو بخوێنم. باوکم ئێستاش لە کوردستانەوە تەلەفۆنم بۆ دەکات و سەرزەنشتم دەکات کە بۆ تا ئێستا نەمخوێندووە. بەڵام ئەو نازانێ من لێرە چیم بەسەر هاتووە." ئەو "کارەسات"ەی هەڤاڵ باسی دەکات 3 ساڵ پێش ئێستا لە شاری ئارنهێمی هۆڵەندا روویداوە. ئەوکات هەڤاڵ لەوێ ژیاوە و وردە وردە خەریکی فێربوونی زمانی هۆڵەندی بووە. "بۆخۆم کارێکم دۆزیبووەوە. رۆژانە تا نزیکەی شەو لە کار بووم. کە دەشهاتمەوە بەتەنیا بووم لە ماڵەوە. ئەوە هەندێکجار بێتاقەتی دەکردم." هەر ئەو تەنیاییەش وا لە هەڤاڵ دەکات کە لەگەڵ چەند هاوکارێکی هۆڵەندیی ببێتە هاوڕێ و زوو زوو بانگهێشتیان بکات بۆ ماڵەوە. "لەلایەکەوە دەمەویست فێری زمانەکەیان بم و لەلایەکی دیکەشەوە خۆم لەو تەنیاییە دەردەهێنا کە تێی کەوتبووم." هەڤاڵ ئەو قسانەی لە ژوورێکی بچکۆلانەدا لە دەنهاخ بۆ ئەو لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییە کوردە دەگێڕایەوە کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە راسپێردرابوو تا هاوکاریی بکات. ئەو بە مەرجێک رێگەی دا ئێمەش ئامادەی دانیشتنەکەیان بین کە بە هیچ شێوەیەک وا نەکەین کەسوکاری لە کوردستان بزانن ئەوە کوڕەکەیانە ئەو رووداوەی بەسەر هاتووە.

هەڤاڵ باسی ئەوە دەکات کە هاوڕێ هۆڵەندییەکانی زۆر خۆیان لێ نزیک کردووەتەوە و هەمیشە باسی بەتامیی خواردنەکانیان کردووە. "منیش بە دڵ و بە گیان خزمەتم دەکردن." بەڵام ئەو شەوەی کە رووداوەکە روویدا هاوڕێ هۆڵەندییەکانی وەڵامی میواندۆستییەکەیان بە شێوەیەک دایەوە کە وەک هەڤاڵ دەڵێت "هەموو ژیانیان تاڵ کردم." لە شەوێکی زستانی ساڵی 2008 دا هاوڕێ هۆڵەندییەکانی هەڤاڵ بانگهێشتی دەکەن بۆ ماڵی یەکێکیان و لەوێ تا درەنگانی شەو بەیەکەوە پێدەکەنن و خەریکی خواردنەوە دەبن. "لەوکاتەدا بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم خەوم لێکەوتبوو و کاتێک رۆژی دواتر لەخەو هەڵیانستاندم، بینیم هاوڕێکانم پێم پێدەکەنن. کە لێم پرسین چیتان کردووە؟ هەر پێدەکەنین و پێیان نەدەگوتم." هەڤاڵ لە رۆژانی دواتردا هەست بە ئازارێکی زۆر لە جەستەیدا دەکات. بەڵام وادەزانێ بەهۆی ماندووبوونی ئیشەوەیە. هاوڕێکانیشی هەموو رۆژێک کە لەسەر ئیش دەیبینن پێی پێدەکەنن. بەڵام پێی ناڵێن بۆ. رۆژێکیان یەکێک لە هاوڕێکانی دێتە لای و دەڵێت: "من پێت دەڵێم بۆ هاوڕێکانی دیکەمان پێت پێدەکەنن." ئینجا بۆی دەگێڕێتەوە کە ئەو شەوەی هەڤاڵ لە ماڵی ئەو هاوڕێیەیدا خەوی لێکەوتووە، هۆی خەوتنەکەی ئەوە بووە کە حەبیان داوەتێ. هەڤاڵ نایەوێ بڕوا بەو قسانە بکات و دەپرسێت: "جا بۆ حەبیان دامێ." هاوڕێیەکەیشی بە ترسەوە دەڵێت: "چونکە دوای ئەوەی خەوت لێکەوت، هەردووکیان کاری سێکسییان لەگەڵدا کردی و بە مۆبایلیش فیلمێکیان گرت." هەڤاڵ دەڵێ: "کە ئەوەم بیست هەموو جەستەم تەزیبوو. هەرواش نەمدەتوانی بڕوا بەو کوڕە بکەم و داوام لێکرد بەڵگەم پیشان بدات. ئەویش لەسەر ئینتەرنێت، لەسەر ماڵپەڕێکی سێکسی، دیمەنەکانی سێکسکردنەکەی پیشان دام." ئەوکاتەی هەڤاڵ ئەو دوایین رستانەی دەگوتن رەنگی سوور هەڵگەڕابوو و خێراتر هەناسەی دەدا. پێدەچوو دوای ئەو ماوە درێژە هێشتاش بینینی ئەو دیمەنانە ئازاری بدەن. لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکە لێی دەپرسێ: "کە ئەو دیمەنانەت دیت زۆر نیگەران بوویت؟" ئەویش بە تووڕەییەوە وەڵام دەداتەوە: "بێگومان نیگەران بووم. خۆشت دەزانیت لەلای ئێمە لەسەر ئەو شتانە گۆمی خوێن هەڵدەستێ! من ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە خەریک دەبێ شێت بم."

هەر هەمان رۆژ هەڤاڵ دەچێتە لای هاوڕێکانی لەسەر کار و پەلاماری ئەوانە دەدات کە ئەو کارەیان لەگەڵ کردووە. ئەوانیش پۆلیسی بۆ بانگ دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بەوەی دەیەوێ بیانکوژێت. کاتێک پۆلیس لە هەڤاڵ دەپرسێ کە ئایا ئەوە راستە؟ هەڤاڵ بە "بەڵێ" وەڵام دەداتەوە. ئەوەش بۆ پۆلیس بەس دەبێت تا دەستگیری بکات و لەگەڵی بکەوێتە لێکۆڵینەوە. "چەندین هەفتەی پێچوو تاوەکو پۆلیس لێم تێبگات. ئەوان چونکە زمانیان دەزانی بە ئاسانی بۆی دەرچوون، کەچی من تاوانبار دەرچووم. ئەویش چونکە زمانم نەدەزانی و نەمدەتوانی باش پۆلیس حاڵی بکەم." پۆلیسی هۆڵەندی دیمەنە ڤیدیۆییەکان وەک بەڵگەی قایلکەر بۆ دەستگیرکردنی گەنجە هۆڵەندییەکان قبوڵ ناکات. ئەویش لەبەر ئەوەی دەموچاوی کەسەکان لە ڤیدیۆکاندا بە روونی دیار نییە. هەڤاڵ دەڵێ: "لەوکاتەوە سوێندم خواردووە کە خۆم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. مادام حکومەتی هۆڵەندا لێم ناپرسێتەوە، خۆم کێشەی خۆم چارەسەر دەکەم. جا چی دەبێت با ببێت." لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکە بە (ڕووداو) دەڵێت کە ئەوە یەکەمین جار نییە کێشەی لەمجۆرە بۆ کوردانی دانیشتووی هۆڵەندا دێتە پێشەوە: "چەند جارێکی دیکەش کێشەی تۆڵەستاندنەوەی شەرەف و هەوڵدان بۆ کوشتنی ژنان هەبوون. هەمیشە حکومەت ئەو کەسانە بۆ لای ئێمە دەنێرێت تا لەگەڵیان دانیشین و بە گفتوگۆ قایلیان بکەین کە بیر لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوە نەکەنەوە." لە کۆتایی دانیشتنەکەیاندا هەڤاڵ هاوڕا دەبێت لەگەڵ لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکەدا کە "کوشتن چارەسەر نییە." بەڵام مەرجیش دادەنێت کە "ئەگەر حکومەت لە هەقم نەپرسێتەوە، خۆم لێی دەپرسمەوە." (ڕووداو) پێوەندیی بە پۆلیسی شاری ئارنهێمەوە کرد، بەڵام ئەوان رایانگەیاند کە ئەو دۆزە ساڵێک زیادترە "بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە" داخراوە. ئێستا شوێنی ژیانی هەڤاڵ گوازراوەتەوە بۆ شاری دەنهاخ. ئەو هەوڵ دەدات لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە. بەڵام هێشتاش ئەو رووداوەی بەسەری هاتووە "وەک کابووسێک" بەری نادات.

# تەعریبی کەرکووک خێراتر لەوەی سەددام دەستی پێکردووەتەوە

## لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە 10 هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکووک

نەوزاد مەحموود و کاوە شێخ عەبدوڵڵا
کەرکووک (ڕووداو)

**لەکاتێکدا بەرپرس و کارمەندانی نووسینگەی کەرکووکی جێبەجێکردنی ماددەی 140 چاوەڕوانی پارەی قەرەبووکردنەوە دەکەن، پرۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووك گەرمتر لەسەردەمی سەددام حوسێن دەستی پێکردووەتەوە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، کە ئەمجارە گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانیش لە پارێزگاکانەوە خێزانە هەوادارەکانیان دەنێرنە کەرکووك.**



■ ژمارەیەک دانیشتووی عەرەب و کورد لە نووسینگەی کەرکووکی جێبەجێکردنی مادەی 140 (فۆتۆ: ڕووداو)

تاوەکو نزیکەی کاژێر 11ی سەر لەبەیانیش، ژووری ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک داخرابوو، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا بە نیگەرانییەوە باسی دەوامنەکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کرد و گوتی "بەئارەزووی خۆیان دێنە دەوام، بەشێکیان تەنها دوو کاتژمێر دەوام دەکەن"، بەڵام ئاوات محەممەد، کە ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەنی پارێزگایە هۆکارەکەی بۆ نەبوونی پاسەوان گێڕایەوە و گوتی "ئێستا هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەن پاسەوانی نەماوە و لەبەر دۆخی ئەمنیش ناتوانین بەبێ پاسەوان هاتووچۆ بکەین"، ئاوات گوتیشی "هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن 5 پاسەوانی هەبوو، بەڵام بەبڕیاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس پاسەوانەکانمان لێ سەندرایەوە."

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس مووچەی پاسەوانی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای بڕی، پارتی و یەکێتی، لەسەر ئەرکی خۆیان بۆ ماوەی ساڵێک مووچەی پاسەوانی ئەندامانی ئەنجوومەن (لیستی برایەتی)یان دابین کرد، بەڵام وەک ئاوات گوتی"ئێستا پارتی و یەکێتیش ئەوە دابین ناکەن."

ئەحمەد عەسکەری، کە ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە بەوەکالەت، دەڵێت بێ پاسەوانی تەنیا هۆکار نییە بۆ دەوامنەکردنی ئەندامانی ئەنجوومەن، عەسکەری دەڵێت "بەغدا مەرکەزییانە بڕیار دەدات، ئەوەش ئێمەی سارد کردووەتەوە."

### تیرۆر، لە کەرکووک نیشتەجێ دەبێت

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک کاتێک ئەمساڵ و پار لەگەڵ یەک بەراورد دەکات، دەڵێت "دۆخی ئەمنی لە کەرکووک باشتربووە"، بەڵام هەستیش بەمەترسی نیشتەجێبوونی زیاتر لە 7 هەزار خێزانی عەرەب دەکات کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە شارەکە و دەڵێ"ئەوانە زۆربەیان تیرۆریستان دەیاننێرن و هاوکاریان دەکەن، بۆ ئەوەی کاری تیرۆریستی بکەن."

بەبۆچوونی قادر هاتنی ئەو هەموو خێزانە عەرەبە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دۆخی ئەمنی کەرکووک "چونکە وەک ئێمە بیستوومانە و زانیومانە، بەشێک لەوانە تیرۆریستی داواکراون لە پارێزگاکانی خۆیان و ناسنامەکانی خۆیان گۆڕیوەو لێرەش کاری تیرۆریستی دەکەن."

وەک بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەو شارە باسیدەکەن، بەهۆی ڕێنەگرتن لە هاتنیان، کەرکووک ئێستا بووەتە مۆڵگەی کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی چەکدارە توندڕەوەکانی دیالە و پارێزگاکانی دیکەی نێوەراستی عێراق، پێشبینیش دەکەن ئەوانە لە داهاتوودا دەست بە کاری تێکدەرانە بکەنەوە لە کەرکووک.

عەقید شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبە، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ڕفێنەران و بکوژانی شۆفێرێکی گەنجی تاکسییەک. ئەو هێمایەکی نیگەرانبەخشی کرد و گوتی "جگە لە تیرۆریستانی ناو کەرکووک، ئێستا هەندێکیان لە دیالە و پارێزگاکانی دیکەوە دێن." ئەویش وەک عەمید سەرحەدی هاوکاری ئەوانی بە "دەستێکی تیرۆریستی" ناوبردو گوتی"ئەگەر هاوکاری نەکرێن، چۆن دەتوانن مانگی بە 400 هەزار دینار خانوو بەکرێ بگرن." ئەو عەقیدەی پۆلیس گوتی "توانیومانە بەشێکیان دەستگیربکەین."

### بەعەرەبکردن، خێراتر لە مەکینەکەی سەددام

کارمەندانی نووسینگەی کەرکووکی جێبەجێکردنی ماددەی 140هێشتا چاوەڕوانی ئەو 170ملیۆن دینارە دەکەن، کە وەک بوودجەی ئەمساڵی قەرەبووکردنەوە بۆیان دیاریکراوە، بەڵام ئەوەی سەیرە، بەردەوامی و خێراتر بوونی پرۆسەی بەعەرەبکردنی شارەکەیە. بەرپرسانی ئەمنی دەڵێن نزیکەی 10هەزار خێزانی عەرەب لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە کەرکووک نیشتەجێبوون.

کاکەڕەش سدیق، بەرپرسی نووسینگەی کەرکووکی جێبەجێکردنی ماددەی 140 هاتنی ئەو ماڵە عەرەبانە بە هەوڵێکی لەباربردنی مادەی 140 دەزانێ و هاوکات دەڵێ "پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بواریا پێنەدات"، گوتیشی "دەبێت کۆچکردن ڕابگیرێت، ئەوانەی دێنە کەرکووک بەبیانووی خراپی باری ئەمنی ناچەکانیانەوە دێن، بۆیە پارێزگار دەبێت ڕێگربێت لە هاتنیان."

وەک کاکەڕەش باسیکرد، 45 هەزار خێزانی کورد چاوەڕوانی قەرەبوو دەکەن و 20هەزار خێزانیش چاوەڕێی ئەوەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، هەروەها 9956 خێزانی عەرەب قەرەبوویان وەرگرتووە، بەڵام بەشێکیان گەڕاونەتەوە و، 26700 خێزانی کوردیش قەرەبوو کراونەتەوە.

بەڵام ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت دەڵێ "هەندێک لەو خێزانە عەرەبانەی قەرەبووبوویان وەرگرتووە، دیسان هاتوونەتەوە و زەوی و خانوویان کڕیوەتەوە لە کەرکووک."

عەسکەری دەڵێ، ئەوانە بە شێوازێک کارەکە دەکەن کە ئیدارەی شارەکە پێیان نازانێ "هەندێکیان ناوی خۆیان دەگۆڕن، یان خزمێکیان دەڵێ ئەوانە میوانی منن و بەسەردان هاتوون و بۆماوەیەک دەمێننەوە، یان دەڵێن مەترسی لەسەر ژیانمان هەیە و پەنامان هێناوەتە ئێرە."

بەبۆچوونی کاکەڕەش سدیق "دەستێکی سیاسی"لەپشت هاتنی خێزانە عەرەبەکان هەیە "ئێمە دەزانین کێ عەرەبی هاوردەیە و کێ قەرەبووی وەرگرتووە و سەر لە ئێمە ناشێوێت، بەڵام سەر لە وەزعە سیاسییەکە دەشێوێت، چونکە ئەوانە بە مەبەستێکی سیاسی دێنە کەرکووک."

هاتنەوەی عەرەبەکان بۆ کەرکووک، پێش هەر دەزگایەکی ئیداری، پۆلیسی نیگەران کردووەو بە "هۆکاری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و کاری تیرۆریستی" دایاندەنێن، هەر بۆیە عەقید شێرزاد مۆفەری دەڵێ هەموو کۆششێک دەکەن بۆ ئەوەی بیاننێرینەوە "هەرچەندە زۆرجار لەسەر ئەوە ڕەخنەمان لێدەگیرێ، کە ئەو کارە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە."

### کەرکووکییەکان دەڵێن بەسە

کەس لە کەرکووکییەکان باشتر ئەو عەرەبانە ناناسێت، کە سەددام بەزۆر هێنانی و ماڵەکانی ئەوانیان داگیرکرد. بەشدار حسێن، دوکاندارێکی شارەکەیە، داوا دەکات چیتر ڕێگە بەهاتنی عەرەب نەدرێت بۆ شارەکەی "ماوەیەک لێرە دەبن تا تێکەڵت دەبن و دەتناسن، دواتر خۆیان دەکەنە دۆستت و متمانە دروستدەکەن، پاشان دەست دەکەنە کاری تیرۆریستی"، بەشدار بەپێویستی دەزانێ ئیدارەی شارەکە بوار بەهاتنە ناوەوەی ئەو عەرەبانە نەدات و دەڵێ "هەرچۆن بن و بەهەر ناونیشانێک بێن، ئەوانە جێگەی متمانە نین."

یوسف حەمە ئەمین (37 ساڵ) تەنها هاتنی بەلێشاوی عەرەبان بەمەترسی نازانێ و دەڵێ، سەدان دۆنم زەوی کشتوکاڵی جوتیارانی کورد لە دووز و داقوق و ناوچەکانی دیکە هێشتا وەرنەگیراونەتەوە و پێناچێت بیدەنەوە "ئێمە هەر چاوەڕێ دەکەین و ئەوانیش هەر کاری خۆیان دەکەن."

بە بڕوای ئازاد (28 ساڵ) کە شۆفێری تاکسییە، عەرەبە 10هەزارییەکان ترسناکترین جۆری عەرەبەکانی تەعریبی شاری کەرکووکن "پارەیان بدەیتێ، ئامادەن هەموو شتێک بکەن"، ئازاد گوتیشی "هەقوایە چیتر ئەوان جێگەیان نەکرێتەوە."

### تۆپە ئیدارییەکە بەقاچی بەغداوەیە

تەنیا بەرپرسانی کورد نین گلەیی لە بڕیار سەپاندنی بەغدا دەکەن، چونکە لە دوای کەوتنی سەددامەوە، دامەزراندن هەر بەدەست بەغداوە بووەو بەرپرسێکی تورکمانیش، کە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگایە، ئاماژە بۆ بەغدا دەکات و دەڵێ "دامەزراندنی مەرکەزی، بووەتە هۆی تێکدان و تێکچوونی بارودۆخی شاری کەرکووک." تەحسین کەهیە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق، ڕەتیکردەوە ئەوان وەک پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی دامەزراندنی یەک کەسیان هەبێت، لەکاتێکدا زیاتر لە 70 هەزار بێکار لە شاری کەرکووک هەن "گەورەترین کێشەی ئێمە لە کەرکووک دامەزراندنە، چونکە تائێستاش لە مەرکەزەوە بڕیاری دامەزراندن دەدرێ و ئێمە ناتوانین یەک کەس دابمەزرێنین."

کەهیە دەڵێ، ئەوان ناتوانن وەڵامی دەرچووانی زانکۆکان بدەنەوە، کە هەر لەو چەند ساڵەدا ژمارەیان لە 18هەزار کەس تێپەڕیوە کە دانەمەزراون "دائیرەکانی ناو کەرکووک ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەوەزارەتەکانی خۆیانەوە هەیەو ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان خەڵک دادەمەزرێنن"، ئەویش هەمان نیگەرانی بەرپرسانی کورد دووپاتکردەوە و گوتی "هیچ ڕەوا نییە لە پارێزگاکانی دیکەوە خەڵک بنێرن بۆ ئێمەو خەڵکی کەرکووکیش لێرە بێکار بن"، گوتیشی "نابێ دامەزراندن بۆ ئامانجی سیاسی بەکاربێت."

وەک بەرپرسێکی ئیداری کەرکووک باسیکرد، بەغدا دەیەوێ نزیکەی 200کەس لە هێزەکانی سەحوە، لەناو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کەرکووکدا دابمەزرێنێ، کە بەشێکی زۆریان نەخوێندەوارن. ئاوات محەممەد، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێ، ئەوە دەبیستین، بەڵام وەک بڕیار نەهاتووەتە لای ئێمە "ڕاستە پارێزگار ناتوانێ کەس دابمەزرێنێ، بەڵام خۆ دەتوانێ دامەزراندنی خەڵکی دەرەکی ڕەتبکاتەوە." کەهیەش دەڵێ "ئەوەی لە پارێزگایەکی دیکەوە هاتبێ دەبێ بیسەلمێنێ خەڵکی کەرکووکە، ئەگینا ڕازی نابین لێرە دابمەزرێ."

◀ ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگا:
**دامەزراندن لە بەغداوە دۆخی کەرکووکی شێواندووە**

◀ بەرپرسی نووسینگەی جێبەجێکردنی مادەی 140:
**پێویستە پارێزگار و پۆلیس ڕێگە بەنیشتەجێبوونی هیچ ماڵێکی عەرەب نەدەن**

◀ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا:
**هەندێک لەو عەرەبانەی قەرەبوو دەکرێنەوە، دیسان زەوی و خانوو لە کەرکووک دەکڕنەوە**

◀ بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک:
**بەشێک لەو خێزانە عەرەبانەی هاتوون، تیرۆریستان دەیاننێرن**

◀ ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:
**ڕاستە پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا ناتوانن کەس دابمەزرێنن، بەڵام دەتوانن ڕێگر بن لە دامەزراندنی دەرەکی**




## شەهرام نازری باسی کاوەی ئاسنگەر بۆ 30 وڵات دەکات

**تونس (رووداو)**

هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان، شەهرام نازری لەگەڵ گرووپی مۆسیقای فیردەوسی بەشداری لە خولی 46ی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی مۆسیقای قورتاج لە شاری مێژوویی قورتاجی تونس کرد و کۆنسێرتێکی پێشکەشکرد. لەو فیستیڤاڵەدا کە زیاتر لە 30 وڵاتی جیهان بەشداریان تێدا کرد و ماوەی هەفتەیەکی خایاند، رۆژی 2010/8/10 کۆنسێرتێکی گەورەی بۆ هونەرمەند شەهرام نازری و گرووپی فیردەوسی لە هۆڵی تیاتر ئانتیک کە باشترین و گەورەترین هۆڵی شاری قورتاجە سازکرا، کە نازری تێیدا چەند مەقامێکی لە شیعرەکانی شاهنامە لەبارەی چیرۆکی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر پێشکەشکرد.

# بارەکانی عەینکاوە داناخرێن



▶ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر :

**مەسیحیەکانی عەینکاوە رێز لە موسڵمانەکان دەگرن و بەبێ دەستتێوەردانی حکوومەت، خۆیان بارەکانیان داخستووە**

ولادیمیر ڤان ویلنبێرخ
هەولێر (رووداو)

بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو راپۆرتانەیان رەتکردەوە کە تێیدا هاتووە لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزاندا، دووکانی مەشروب و بارەکانی شارۆچکەی عەینکاوەی زۆرینە کریستانیشیان ناچارکردووە دایانبخەن.

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا، ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس، قسەی لەگەڵ سیروان فارس، بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگای هەولێر کرد کە ناوبراو رایگەیاندبوو دەبێ هەموو بارەکان و ئەوانەی عەینکاوەش، دابخرێن، هەر کەسێکیش ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکات، سزا دەدرێ.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، قسەکانی سیروانی رەتکردەوە و رایگەیاند بڕیاری داخستنی بارەکان لەمانگی رەمەزاندا، دووکان و بارەکانی عەینکاوە ناگرێتەوە.

لەوبارەیەوە پارێزگاری هەولێر گوتی" رەنگە ئەوان هەر بۆ خۆیان دایبخەن، بەپێی یاسا نییە، لێرە موسڵمان و مەسیحی رێز لەیەکتری دەگرن."

لەسەردانێکی (رووداو)دا بۆ عەینکاوە، قسەکانی پارێزگای هەولێر راست دەرچوون. چەندین بار کراوەبوون.

سیروان فاروق کە خاوەنی دووکانێکی فرۆشتنی مەشروبە لە عەینکاوە، دەڵێ ئەو هیچ بڕیارێکی لەلایەن حکوومەتەوە پێنەگەیشتووە کە داوای لێبکات لە مانگی رەمەزان دا دووکانەکەی دابخات.

سیروان گوتی"هەتا چەند موسڵمانێکیش دێنە ئێرە و دەڵێن سەلامو‌عەلێکوم. هەندێ لە خاوەن دووکاندارەکان بۆ رێزگرتن لە رەمەزان دووکانەکانیان دادەخەن، بەڵام ئەوانیدیکە هەر کراونەتەوە."

هودا ماتی عەبدا (33ساڵ) کە خەڵکی بەغدایە و ئێستا لە هەولێر شاگردی یەکێک لەبارەکانە، لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە گوتی" لەعەینکاوە خەڵک ئازادە. هەندێک دووکاندار حەزدەکەن دووکانەکانیان بەپەردە داپۆشن."

عەمید عەبدولخالقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش رایگەیاند کە هیچ مەسیحییەک دەستگیر ناکرێ، ئەگەر دووکانی مەشروب و بارەکانیان کردبێتەوە.

بەڕێوەبەری پۆلیس گوتی"ئێمە کەس ناچار ناکەین بارەکانیان دابخەن، ئەوان بۆ خۆیان ئەو کارە دەکەن. مەسیحیەکانی عەینکاوە رێز لە موسڵمانەکان دەگرن و بەبێ دەستتێوەردانی حکوومەت، خۆیان بارەکانیان داخستووە."

دووگیانان



## خۆتان لاواز بکەن

**رووداو- ئاژانسەکان**

تازەترین لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئاماژە بەوە دەکات کە زیادبوونی کێش لەکاتی سکپڕیدا زیان بە کۆرپەکە و دایکەکەش دەگەیێنێ.

بەپێی لێکۆڵینەوەکە، ئەو ژنە سکپڕانەی کێشیان زۆرە، کۆرپەکانیشیان کێشیان قورسترە، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە لە کاتی گەورەبوونیشدا کێشیان زۆر بێت و رووبەرووی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و تەنگەنەفەسی ببنەوە.

لەوبارەوە ئەنتۆنی باربیت پسپۆری نەخۆشییەکانی منداڵان لە ئەمریکا رایگەیاند "پێویستە ژنان لە قۆناخی پێش سکپڕیدا رێگە لە قەڵەوبوون بگرن، بۆ ئەوەی زیان بەخۆیان و کۆرپەکانیشیان نەگات."

هاوکات چەند پسپۆڕێکی زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکا رایانگەیاند لە ماوەی ساڵەکانی 1989 بۆ 2003، چاودێری لە دایکبوونی 513500، منداڵیان کردووە، دەرکەوتووە کە ئەو دایکانەی کە کێشیان لەماوەی سکپڕیدا 24 کگم زیادیکردووە، کۆرپەکانیان 150 گرام لە کێشی سروشتی خۆیان زیاتر بووە، بەبەرامبەر بەوانەی کە 10 کگم زیادیان کردووە.

هاوکات پزیشکەکان هۆشداری دابەزاندنی کێشو لاوازبوونیشیان داوە لەکاتی سکپڕیدا کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دایکەکە رووبەڕووی نەخۆشی شەکرەو دڵ ببێتەوە، هەربۆیە پزیشکەکان رێنمایی ئافرەتانی سکپڕ دەکەن کە لەکاتی سکپڕیدا کێشی خۆیان بەگونجاوی بهێڵنەوە.

# شەیدایانی سینەما زیاتر روویان لە پێنج فیلم کردووە



**رووداو- ایلاف**

کۆمەڵەی دابەشکەرانی فیلمی بەریتانی رایگەیاند کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، شەیدایانی سینەما لە بەریتانیا 516،7 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینییان بە بلیتی چوونە سینەما داوە. ئەم رێژەیە 3%لە چاو هەمان ماوەی ساڵی رابردوو زیاترە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە بەهای کڕینی بلیتی سینەما بۆی هەیە ئەمساڵ بە ئاسانی هێڵی یەک ملیار جونەیهی ئیستەرلینی تێپەڕێنێ.

رۆژنامەی (دەیلی تەلگراف) لە زاری لۆرد باتمان، سەرۆکی کۆمەڵەکەوە گواستییەوە، کە تائێستا سینەما هۆکارێکی "دەگمەنی کات بەسەربردن بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ چیرۆکێکدا" پێشکەشدەکات.

چەند چاودێرێک داوایانکرد بەر لەوەی ئاهەنگی شادی بەو ژمارەیەوە بگێڕدرێ هەندێک لەسەرخۆ بن، ئاماژەشیان دا کە ئەگەر لە رێژەی زیادبوونەکە ورد ببیەوە کە 3%یە (دەوروبەری 15 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی) لە کۆی ژمارەی شەیدایانی سینەما لە بەریتانیا، دەردەکەوێ کە بە زۆری داهاتەکە هۆیەکەی نمایشکردنی سێ فیلم بوو، کە بە دیجیتاڵی سێ مەودا پیشاندران، نرخی بلیتی ئەو فیلمانەش لە فیلمی ئاسایی گرانتر بوو. ئەو فیلمانەش بریتی بوون لە "ئاڤاتار" و "ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەدا" و "شەڕی ملهوڕان"، کە هەموویان سەرکەوتنی دەگمەنیان بەدەستهێنا.

چاودێران دەپرسن کاتێک تەکنەلۆژیای سێ مەوداش بریقە و رەونەقی خۆی لەدەست دەدات ئاخۆ چ روو دەدات؟ پاشان ئایا جەماوەر هەر ئامادەیە پارەی زیاتر بۆ دیتنی شتێک کە بووەتە ئاسایی بدات؟

شتی سەرنجڕاکێش لە داتای کۆمەڵەی دابەشکەرانی فیلمی بەریتانی کە وەرزانە بڵاودەبێتەوە، ئەو ژمارە بچووکەی ئەو فیلمانەیە کە لە قەبەکردنی ژمارەکان بەشدارن. (ئاڤاتار) توانی لە یەکەمین شەش مانگی ئەمساڵدا 64 ملیۆن جونەیە بەدەستبێنێ، (ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەدا) 42 ملیۆن و (ململانێی ملهوڕان)یش پتر لە 20 ملیۆن و هەمان رێژە فیلمی (پیاوی ئاسنینی 2) و بەشی دووەمی (سێکس و شار).

بەم جۆرە کۆی ئەو چەند فیلمە دەکاتە 170 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی. واتە تەنیا پێنج فیلم نزیکەی سێیەکی خەرجیی بلیتکڕینی شەیدایانی سینەمای بەریتانیایان لە ماوەی نێوان کانوونی یەکەم تا حوزەیران بەدەستهێناوە. زۆر بە روونی ناهاوسەنگی دەردەکەوێ ئەگەر بزانین کە دابەشکەرانی فیلم لەو ماوەیەدا 288 فیلمیان خستووەتە بازاڕەوە.

بە چاو پۆشین لە ئازادیی تاک لەڕووی تەماشاکردنی ئە فیلمەی بە لایەوە پەسندە، ئەو ژمارانەی کە کۆمەڵەی دابەشکەرانی فیلمی بەریتانی پێ شاد بوو، ئەوە واتای ئەوە نییە کە بە زەروورەت ئەوە نیشانەی باشی رەوشی رووکردنە هۆڵەکانی سینەمابێ. جگە لەو خەڵکە زۆرەی چەند فیلمێک رایکێشان، هێشتا فیلمەکانی دیکە چاوەڕوانی خەڵکی زیاترن کە بۆ بلیت کڕین بێن.



## ئەیاد بە بەرنامەیەکی (جیاواز) دێتەوە

**هەولێر (رووداو)**

گۆرانیبێژ ئەیاد حوسـێن دوای وازهێنانی لە بەشـداریکردن لە پێشکەشکردنی بەشـێکی تازەی بەرنامەی (من جیاوازم)ی کەناڵی زاگرۆس، بەنیازی کاری دیکەیە. لەبارەی دوورکەوتنەوەی لە کاری پێشکەشکاری، ئەیاد حوسێن بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی سەرقاڵبوونم بەچەند کارێکی دیکە، نەمتوانی بەردەوام بم لە بەرنامەکە، هیوای سەرکەوتن بۆ قۆناخی داهاتووی بەرنامەکە دەخوازم، کە قۆناخی پێنجەمی ئەو پرۆگرامەیە"ئەیاد ئێسـتا بەنیازی کارێکی دیکەی هونەرییە و گوتی "کاری داهاتووم پرۆگرامێکی هونەری تەلەڤزیۆنییە، کە بەتەنها خۆم پێشکەشـکار دەبم و بەرنامەیەکی زۆر چاکم لەبەردەستدایە، ئێستا خەریکی ئامادەکاریم بۆ ئەو بەرنامەیە و هیوادارم بەکارێکی تازە و جوانتر بێمەوە سەر شاشە و بەبینەران شاد ببمەوە."



### هۆزان ئەردەوان زاخۆیی بۆ (رووداو):

# هیڤیا من ئەوە ب دەنگێ خۆ سترانێن بابێ خۆ ببێژم

چ کوردەك نینە ناڤودەنگێ ئەردەوان زاخۆیی گولێ نەبوویبیت، هەر هونەرمەندەکێ بمریت یان بچیت چاڤێ خەلکی ل بنەمال و زاروکێن وی یە کا دێ کی شێت جهێ وی گریت، دگەل بێ سەروشینکرنا هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی ژ لایێ حکومەتا بەعسا ژناڤچۆییا عێراقێ، هەڤژین و هەردوو زارۆکێن ئەردەوانی کەفتینە دئاریشەیاندا و تا نۆکە هۆزانا کچا ئەردەوانی یا دناڤ کول و کۆڤانێن شەهیدکرنا بابێ خۆدا دژیت.

**سوێد (رووداو)**

ئـەردەوان زاخـۆیـی، هونەرمەندەکـێ نیشـتمانپەروەر یـێ ب نـاڤ و دەنگ بوو، ئەو ل سـالا 1981 بوو پێشـمەرگە و دگەل چەند هونەرمەندێن پێشمەرگە (تیپا شۆرەش) دامەزراندن و ب سـروودێن (بارکەن ل وارێ مە هەرن) خەلـک دژی داگیرکەریێ هاندا. پشتی دزڤڕیتەڤە زاخۆ، ل شەڤا 1986/1/29 ل هوتێـلا ئەغادیـر ل بەغـدا ژ لایی ئەمنا حکومەتـا عێراقـێ هاتە گرتـن و وەکی ب سـەدان هەزار ئەنفالکریێن کـورد، تا نۆکە کەس نزانیت تەرمێ وی ژی ل کیرێ یە.

پشـتی گرتـن و بەرزەکرنـا ئەردەوانی، هەڤژینا ئەردەوانی کو مەسـیحی بوو، دگەل کچا خوە هۆزانێ و کورێ خوە کۆڤانی بەرەف ئیرانێ چۆن، پشتی چار مەهان ئیرانێ ب جهـ دهێلن و بەرەف تورکیا دچن و ل ئیستەنبولێ نیشتەجهـ دبن.

### دایکا وان ئەو هێلان

ل تورکیا رێکخراوا خاچا سۆرا نێڤدەولەتی خۆ ل وان دکەتە خودان و ب رێکا وێ بەرەف سوریا دچن، ل سـالا 1989 ل سوریا دایکا هۆزان و کۆڤانی شووی ب کەسەکێ سووری دکەت، هەردوو کورڕ و کچێن خۆ ل سـووریا دهێلیت و بەرەف سوێد دچن. پاشان هەر ب رێکا خاچا سـۆر هۆزان و کۆڤانی ل سـوریا بـەرەف لوبنان دچن و ل بەیـروت ئاکنجی دبن.

هۆزان ئەردەوان زاخۆیی، کو چەندین ساڵە ل وەلاتێ سوێد دژیت، دهەڤپەیڤینەکێدا دگەل (رووداو) بەحسـا وی دەمی دکەت و دبێژیت "رەوشـا مە ل بەیروتێ گەلەکا نەخۆش بوو، ئەم دانابووینە دگەل کەسـێن شـێت و بێ خـودان، ژنـەک ل ژۆرەکا ب رەخ ژۆرا مەڤە مربوو، دوو حەفتیـان تەرمێ وێ نەراکربوو، بێهنەکا وەسـا نەخـۆش ژێ دهات ب هەمی ژیانا خۆ ئەز وێ بێهنا نەخۆش ژبیرناکەم".

### ئەم بێ خودان دژیان

هـۆزان و برایـێ خۆ کۆڤان سـالەکێ ل بەیروتـێ د وێ رەوشـا نەخۆش دا دمینن و پاشان خاچا سۆر وان دبەتە سوێد و دگەهنە دایکا خـۆ، بەلێ هەر وەکو هـۆزان دبێژیت "تەمەنێ من بوو 13 سـال حکومەتا سوێدێ گوتە من نابیت تو ل دەف دایکا خۆ بژی، ئەز برمە جهەکێ ل باخچەکێ کو بۆ کەسـێن بێ خودان و بێ مال و شێت هاتبوو دروستکرن، جارەکا دی کەتمە د رەوشەکا نەخۆش دا".

ژ تەمەنێ 13 تا 18 سالیێ هۆزان ما د وێ رەوشێدا "دەمێ تەمەنێ من بوویە 18سال، ل ڤـی جهی گۆتنە من هەرە وەک گەنجەکی بۆ خۆ داخازا شـوقەکێ بکە، ئەوبوو من بۆ خو شـوقەک داخازکر و چۆمە دشقێ ڤە. من نە من خاندبـوو و من چ کار ژی نەدزانین، هەر حەفتیێ من کارەک دکر تاکو شـیام ژیانەکا رەزالەت بقەتینم".

### شوو ب گەنجەکێ سلێمانیێ دکەت

ل وان سـالێن کو هۆزان بتنێ دژیت، وێ گەنجەکێ ژ سـلێمانیێ نیاسی و پاشی شوو پێکر "پشتی سێ سالان مە کچەک ژی هەبوو، لـێ ئەم ژێکڤەبووین و جارەکا دی ئەز و کچا خۆ ماینە بتنێ".

هۆزانـێ دەمێ بەحسـێ ژیانـا خۆ دکر، گەلەک ئاخینک رادهێلان و دەمێ ئاریشـێن خۆ ژی ڤەدگێران کـەلا گریێ د حەفکا وێدا دمـا و دەمەکێ رادوەسـتا، پاشـان دگۆت "هندی بێژی من نەخۆشی دیتینە".

ل 2009 کۆڤان ب ئێکجاری ڤەگەریا زاخۆ، ئەو نۆکە ل زاخۆ دژیت.

دەربـارەی پەیوەندییـن وێ و دایکا وێ، هـۆزان دبێژیت "پەیوەندیێن مـن دگەل دایکا من هەنـە، ئەم ب رێکا تێلەفونێ دگەل یەک دئاخڤین".

تەمەنێ هۆزانێ نها 29 سـالن، ئەو سـێ سالا ژ کۆڤانێ برایێ خۆ مەزنترە، دەربارەی دووبارە شـوویکرنێ دبێژیت "ڤێ گاڤێ من ل بەر نینە شـووی بکەمەڤـە، دێ ژیانا خۆ ل سەر کچا خوە دانم".

### دادگەها زاخۆ ناسنامەیا عێراقی نادەتە هۆزانێ

هۆزان تانۆکە دووجاران هاتییە کوردستانێ، هـەردوو جاران هەولدایە ناسـنامەیا عێراقی بـۆ خۆ دەربێخیت، لێ ناسـنامە نەدایێ "ل 2006 و 2009 دەما ئەز هاتیمە کوردستانێ، ئـەز و کۆڤان دگەل دایـکا بابێ خۆ چۆینە دادگەهـا زاخۆ دا بۆ خو ناسـنامەیا عێراقی دەربێخیـن، ئەوان گۆتە مە نفوسـا هەوە ل ڤێرە نەهاتییە تۆمارکرن، ژبەر هندێ ناسنامە بۆ هەوە ناهێنە دروستکرن، ژبەر ڤێ چەندێ ئەز جارەکا دی ڤەگەریامە سوێد".

### چار سالە کوردی فێربووی، بەلی سۆرانی

هۆزان چار سـالە فێـری زمانێ کوردی بوویە، چونکە هەر وەکو ئەو دبێژیت "بەری ئەز شـوو ب وی گەنجێ سلێمانیێ بکەم من تنێ زمانی سـوێدی دزانی، ب رێکا وی ئەز فێری کوردی-زاراڤێ سۆرانی- فێربووم، بەلێ دڤان چار سـالان دا ب رێکا کەنالێن کوردی و گوهداریا سـترانێن بابێ خۆ پیچەک فێری زاراڤـێ بادینی ژی بوویمە". ئەو دبێژیت "بۆ من چ جیاوازی دناڤبەرا سۆرانی و بادینیێ دا نینە، بێ شک ئەگەر ئیمکان بۆ من هەلکەڤن دێ ب هەردوو زاراڤان سترانان بێژم".

سترانێن بابێ وێ دبەنە بیروەرییێن وێ یێن زارۆکینیێ "دەمێ گوهداریا سترانێن بابێ خۆ دکـەم بێرا من ل وان رۆژان دهێتەڤە دەما ل مال ئەو ستران بۆ من دگۆتن".

بەختیـار فەتاح، سـترانەکا ئەردەوانی دیسان گۆتییە و کریە کلیپ، وێ سترانێ ژی هۆزا گریاندییە "یەکەم جار دەما من سـتران و کلیپا وی دیتی بیرا من ل بابێ من هاتەڤە و من گەلەک کرە گری".

ب رێکا ئینتەرنێتی هۆزانێ دوو کەسـێن زاخۆیی ل شارێ سـتۆکهۆلم یێ پایتەختێ سـوێد ناسینە. ئەو نها ژی گەلەک سوپاسیا وان دکەت و دبێژیت "جوتیار سـندی و ئازاد شەمسـەدین ب رێکا ئەنتەرنێتی سـۆزدان من کـو هاریکاریا من بکەن، تاکو ئەز چۆیە دەف وان، ب ئیمکانیاتێـن گەلـەک کێم ل دوو هەیڤێـن بووریـدا ئەز شـیام هەردوو سـترانێن بابێ خۆ (ئەز گەریام ل دونیایێ) و (ئەردەوانـم کوردسـتانم) تۆماربکەین و نۆکە ل سەر ئینتەرنێتی دبەلاڤن، هەرچەندە بادینیا من هندا باش نینە، بەلێ وان گەلەک هاریکاریا من کریە تاکو شـیام ب دروستی وان سترانان ب بادینی بێژم".

### بابێ من ئەز هەڵگرت و ئەم رەڤین

هەرچەنـدە تەنـێ تا تەمەنێ 6 سـالیێ هـۆزان دگەل بابێ خۆ ژیایـە، بەلێ گەلەک بیرهاتن دگەل هەنە "بابێ من گەلەک کەیف ب مـن دهات، هیچ جارەکێ دەسـتێ خۆ ل من بلند نەکر، هەتـا نە دهێلا دایکا من ژی دەستێ خۆ بۆ من درێژ بکەت".

هۆزانێ بیرهاتنەکا دی دگەل بابێ خۆ بۆ خاندەڤانێن (رووداو) ڤەگێڕا و گۆت "جارەکێ بابێ من دا چیتە ئاهەنگەکا گوندەکێ نێزیکی زاخۆ، گۆتە من تو ژی وەرە، کارێ من کر و ئەز دگەل خـۆ برمە ئاهەنگێ، جەماوەرەکێ زۆر ل وێ ئاهەنگێ ئامادەبوو، ئەز دانامە ب رەخ تیپـا موزیکێڤە، ئاهەنگ بەردەوام بوو، ددەمکێ من ئاگەهـ ژێ بوو گولەیێن تفەنگان ل سەر جەماوەی دا هاڤێتن، بابێ من دەستێ خو ل من دا و ئەم رەڤین".

هۆزان گوهداریا هەموو سـترانێن بابێ خۆ دکـەت، بەلێ پتر ژ هەمیان حەز ژ سـترانا (پێشمەرگەمە) دکەت، هیڤیا وێ ئەوە بشێت ب دەنگێ خۆ دلێ مللەتێ کورد خۆش بکەت "پشـتی تۆمارکرنا هەر دوو سـترانان، من پەیوەنـدی ب هونەرمەند هەلکەوت زاهر کر، ئەوی گۆتە من سترانێن خۆ بۆ من فرێکە دێ گوهێ خۆ دەمێ، بەلێ تانۆکە چەند جارا من گۆتیێ چ لێ هات، ب تنێ گۆتیە من دەنگێ تە یێ خۆشە و خۆ بێدەنگ کریە".

هـۆزان ب رێـکا (رووداو) راگەهانـد ئەگەر سـازییەکا رەوشـەنبیری و هونەری ل کوردسـتانێ هاریکاریا وێ بکەن، ئەو یا ئامادەیە بەرهەمەکی ژ سترانێن بابێ خۆ ب دەنگێ خو بەلاڤبکـەت "هیڤیا من ئەوە کو لایەنەک هەبیت هاریکاریا من بکەت دا کو ب دەنگێ خۆ دلێ مللەتـێ خۆ خۆش بکەم و خزمەتا هونەرێ کوردی بکەم".

دەربارەی ڤەگەریانا وێ بۆ کوردسـتانێ ژی دبێژیت "پاشـەرۆژا من هـەر ل وەلاتێ منە، بەلێ مرۆڤ نەشـێت بێ ناسـنامە ل وەلاتەکـی بژیت، ئەگەر بشـێم ناسـنامەیا عێراقی دروسـتبکەم، دێ هەر ڤەگەرێمەڤە کوردستانێ".



■ ئەردەوان دگەل هۆزانێ (فۆتۆ: رووداو)

## منداڵێکی 12 ساڵ بە کاریگەری فیلمێک خوشکە 11 ساڵەکەی دەکوژێت



**خەبات (رووداو)**

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2010/8/10 لە ناحیەی کەورگۆسک کچێک بەناوی سارا شەعبان خدر، تەمەن 11ساڵ، بە دەستی برایەکی 12 ساڵانی کە ناوی عومەرە، کوژرا. عومەرو سارا لەو کاتەی ماڵەوەیان لەخەودابوون پێکەوە سەیری پلەی ستەیشنیان کردووە، عومەر لە ژێر کاریگەری یارییەکە کلاشینکۆفی باوکی دەرهێناوە و گوللەیەکی لە سینگی سارا داوە و دەسبەجێ گیانی دەرچوو، سەرچاوەکەی پۆلیس گوتی "هیچ کێشەی دیکەیان نەبووە."

پەریخان لەسەربانی ماڵەکەیان لە تەنیشت دایکی خەوتبوو، لەناکاو کەسێك بە دەمانچەوە لەسەر سەریان رادەوەستێ و لوولەی دەمانچەکەی دەستی ئاراستەی پەریخان دەکات، دایکی پەریخان کە لەوکاتەدا بەئاگابووە دەڵێت "چەند گوتم توخوا مەیکوژە، بۆ وا دەکەی، بەڵام بێسوود بوو، پەریخانی دایە بەر گولله و هەڵات."

# پەریخان لە خەودا کوژرا

## دایکی پەریخان:
## هەرچەندە پێمگوت توخوا مەیکوژە، پەریخانی دایە بەر گولله و هەڵات



دایکی پەریخان



■ باوکی پەریخان شوێنی کوشتنی کچەکەی نیشاندەدات. (فۆتۆ: رووداو)

**سۆران بەهائەددین**
**دیبەگە (رووداو)**

شەوی 2010/7/28 لە ناحیەی دیبەگەی سەر بە قەزای مەخموور، کچێک بەناوی پەریخان محەممەد خدر (24 ساڵ) لە خەودا بە دەمانچە کوژرا. تائێستا دیار نییە کێ کوشتوویەتی، بەڵام زاوایەک و برازایەکی پەریخان لەگەڵ براکانی تۆمەتبارن بە کوشتنی، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی مەخمور بە (رووداو)ی راگەیاند دوو کەس لەسەر کوشتنی پەریخان گیراون "لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە لەسەر چۆنیەتی کوشتنی پەریخان، بەم نزیکانە ئەنجامەکەی رادەگەیێنین."

دایکی پەریخان کە زۆر شپرزە بووە بەو دیمەنەی بینیویەتی، دەڵێت "بە چاوی خۆم بینیم شوان تەقەی لە پەریخان کرد و هەڵات، لە دەرەوەش کەسێک چاوەڕێی دەکرد، ئەویش هەڵمەت بوو."

پەریخان نەخوێندەوار بوو، چوار برا و خوشکێکی هەبوو، ماڵیان لەناو خانوویەکی قوڕبوو، نزیکەی 500 مەتر لە دەرەوەی دیبەگە، مەڕ بە خێودەکەن، محەممەدی باوکی تەمەنی 73ساڵە و چاوەکانی کزبووە و بە ئەستەم گوێی لە قسەش دەبێت.

وەک دایک و باوکی پەریخان ئاماژەی پێدەدەن کوشتنی پەریخان پەیوەندی بە کوشتنێکی دیکەوە هەیە، کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەنێو ئەو ماڵەدا روویداوە، کاتێک کوڕێک بەناوی (ب) کە پێشمەرگە بووە لە دیبەگە، لەو ماڵەدا بەتۆمەتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ پەریخان هەبووە، کوژراوە. ئەوکات 3 خێزان لەناو ئەو خانووە دەژیان، محەممەد خدر و کوڕێکی و هەرێمی کوڕەزای. باوکی پەریخان رەتیکردەوە کچەکەی پەیوەندی لەگەڵ (ب) هەبووبێت و گوتی "هەرێم قەرزاری (ب) بوو، ئەو داوای پارەکەی لە هەرێم کردەوە، ئەویش کوشتی، پاشان هەرێم گوتی لەسەر پەریخان ئەو پیاوەم کوشت."

ئێستا هەرێم بە تاوانی کوشتنی (ب) پێنج ساڵ حوکمدراوە، پەریخانیش نزیکەی ساڵێک گیرا، بەڵام دادگا ئازادی کرد، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوو بیسەلمێنێ کە دەستی لەو تاوانەدا هەبووە. ماڵی (ب)یش ئامادە نەبوون سوڵح بکەن، دراوسێیەکی ماڵی پەریخان گوتی "ماڵی (ب) گوتیان ئەگەر راستە (ب) لەسەر ناموس کوژراوە، بۆ کچی خۆشتان نەکوشتووە؟"

هەرێم، کە برازای پەریخانە، باوکی لە رووداوێکی نادیاردا دەرمانخوارد کراوە و گیانی لەدەستداوە، دایکیشی بە دەستی 2 مامی کوژراوە.

هەڵمەت، کە ئێستا تۆمەتبارە بە کوشتنی پەریخان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (رووداو)دا گوتی "لەسەر ئەوەی شووی پێنەکردنەوە مامەکانم دایکمیان کوشت"، شێرزادی برای پەریخان کە مامی هەڵمەتە، 6 ساڵی لەسەر کوشتنی دایکی هەرێم و هەڵمەت لەزیندان بەسەربرد. ئێستا هەرێم و دوو برای دیکەی لە زیندانن کە هەر یەکەیان بە تۆمەتی جیاجیا گیراون، ئەوەی لە زیندان نییە تەنیا هەڵمەتە کە ئێستا پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ.

باوکی پەریخان، کوشتنی کچەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێو خێزانەکەیان و سکاڵای لەسەر هەڵمەتی کوڕەزای و کوڕێک بە ناوی شوان تۆمار کردووە. محەممەد خدر دەڵێت "ماوەیەک لەمەوبەر کوڕێک بەناوی شوان، خوشکی هەرێم و هەڵمەتی بە ناخۆشی خواست، هەرێم کە لە زیندانە بەڵێنی بە شوان داوە ئەگەر پەریخان بکوژێت لێی خۆشدەبێت"، گوتیشی "هەرێم بۆیە دەیویست پەریخان بکوژێت، تاوەکو سوڵح لەگەڵ ماڵی (ب) بکات." بەڵام هەڵمەت رەتیکردەوە هەرێم (ب)ی کوشتبێ و گوتی "برای پەریخان کوشتی و هەڵاتە مووسڵ."

کارێ، کە تاقە خوشکی پەریخانە،دەڵێ سێ مانگ لەمەوبەر گوللەیەکیان لە دەستی پەریخان داوە، "بەڵام ئێسکی نەگرتبوو، پەریخان سێ رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و سەرەتا سکاڵای لە دژی هەڵمەت تۆمارکرد، بەڵام شوان بە زۆر پەریخانی بردە بنکەی پۆلیس تا لە هەڵمەت خۆشبێت."

هەڵمەت کە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ (رووداو) کرد گوتی "پەریخان خۆی گوللەی لە خۆی دابوو، شێرزاد دەیویست بە زۆر شکات لە من بکات، پەریخان رازی نەبوو، شێرزاد گوتی بە تەڵاقم لە هەڵمەت خۆشبی دەتکوژم، پەریخانیش گوتی بشمکوژن لە خۆڕا ناڵێم ئەو لە منی داوە."

پەریخان دوای کوژرانی (ب)، بەردەوام ترسی لەوە هەبووە بکوژرێت، وەک کارێ دەڵێت هەمووجار پەریخان گوتوویەتی تەنیا متمانەی بە دایک و باوکی و ئەو هەیە، باوەڕی بە براکانی خۆیشی نەبووە "پەریخان دەیگوت دەمکوژن، بە رۆژیش بە تەنیا نەیدەوێرا بچێتە حەوشە."

شەوی رووداوەکە وەڕینی سەگ ترسی ناو دڵی پەریخانی زیاتر کردبوو، وەک کابان قادری دایکی پەریخان دەڵێت "ئەو شەوە سەگ لە نزیک ماڵمان زۆر دەوەڕی، هەرگیز وانەبووە، یەکەمجار بوو پەریخان بڵێت بابچینە سەربان بخەوین، دەتگوت خوا لە دڵی نابوو دەکوژرێت، هەر پاڵیدایەوە یەکسەر خەوی لێکەوت."

کارێی خوشکی پەریخان دەڵێت پەریخان هیچ کات بەشەو نەیدەوێرا بخەوێ، بەرۆژیش دەرگای دادەخست و ئینجا دەخەوت، شەوانیش لە نێوان دایکم و باوکم دەنووست "ئەگەر کارەباش نەبووایە هەر لە ژوورەوە دەنووست و دەرگای شیش دەدا."

دایکی پەریخان باسی ساتی رووداوەکەی کردو گوتی "مانگەشەو بوو، کەسێک بەسەربانەکە کەوت و دەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو، هەرچەندە پاڕامەوە گوتم توخوا مەیکوژە، پەریخانی دایە بەر گولله، خۆم بینیم شوان بوو، کارەبا هەبوو دنیا رووناک بوو، کە پەریخانی کوشت هەڵات، لە دەرەوە لەسەر دیوار یەکێک چاوەڕێی دەکرد پێکەوە هەڵاتن، ئەویش هەڵمەت بوو."

پەریخان چیتر لەو خەوەی هەڵنەستایەوە و کوژرا، هەرچەندە پۆلیس قەوانی 5 فیشەکی دەمانچەی دۆزیەوە، بەڵام سێ گولله بەسەری پەریخان کەوتبوون، ئەو کاتەی پەریخان کوژرا باوکی لەناو مەڕەکان بوو، ئاوی دەدان، هەتا گەیشتە لایان بکوژەکان هەڵاتبوون، محەممەد گوتی "خوێن لەبەر پەریخان دەڕۆیشت ئاگر لە جەرگم بەربوو."

ئەو ژنەی پەریخانی شوشت و کفنی کرد، باسی لە تەرمی پەریخان دەکرد کە دوای رۆژێک لە کوشتنی هیچ تێکنەچووبوو "کەسێک بمرێت دوای ماوەیەک لاشەی رەق دەبێت، بەڵام پەریخان وەکو پەمو بوو."

محەممەد بە کوشتنی کچەکەی زۆر شڵەژابوو، چووە سەر پێخەفی کچەکەی کە هەر لە شوێنی خۆی مابوون و خوێنی پەریخانی پێوە وشک ببووەوە، محەممەد سەری دەکردە سەر بالیفەکە و دەیگوت "ئاوا کوشتیان"، ئەو نەیدەتوانی قسەی ناو دڵی بکات و دەیگوت ئەوەی منداڵی نەبێت لە ئازاری من تێناگات "دوای سەعاتێک لە کوشتنی ماچم کرد، لە پزیشکی دادوەریش گوتیان کچە و خراپەی نەکردووە"، محەممەد گوتیشی "پەریخان هەرچی کردبێت عەیبەکەی لەسەر منە، ئەوان بێگانەن، من کچی خۆم نەکوژم چ پەیوەندی بەوانەوە هەیە، ئەرێ قسەکەی من راست نییە؟"

هەڵمەت، کە تۆمەتبارە بە کوشتنی پەریخانی پووری، رەتیکردەوە ئەو و شوان دەستیان لە کوشتنی پەریخاندا هەبووبێ "بە تەلەفۆن زانیم پوورم کوژراوە، ئەو شەوە شوانیش دەعوەتی خەڵک بوو، ئاگای لە کوشتنی پەریخان نییە، ئەو بەخۆی خۆی رادەستی پۆلیس کرد، مامەکانم 3 برامیان زیندانی کردووە، دەیانەوێت منیش بگیرێم، رازیم من و هەرچوار مامەکەم بچینە لای پۆلیس تا بزانین کێ بکوژە."

بەپێی سەرچاوەیەک، ماوەیەک لەمەوبەر براکانی پەریخان هەڕەشەیان کردووە کە پەریخان دەکوژن تا چارەسەری کوشتنی (ب)ی پێ بکەن، دایک و باوکی پەریخانیش لە ترسی کوڕەکانیان دەڵێن کوڕەزاکانیان پەریخانیان کوشتووە، شێرزادی برای پەریخان کە بەهۆی کێشەی دیکەوە فەرمانی گرتنی هەیە، ئامادە نییە بچێتە بەردەم دادگا، گوتی "ویستمان پەریخان بەمێرد بدەین، هەموو شت تەواوبوو، دەبووایە دوای سێ رۆژی دیکە مارە بکرێت ئەگەر نەکوژرایە. هەڵمەت تەلەفۆنی بۆ براکەم کرد، کە بۆچی پەریخان ناکوژن و بە مێردی دەدەن، تا خوێن بە بەر خوێن بکەوێت، راستە من هەڕەشەی کوشتنم لە پەریخان کردبوو لەبەرئەوەی تەنازولی لە هەڵمەت کرد، بەڵام ئاشت بووینەوە."

## گەنجێک لەسەر ئاودان دەکوژرێ

**بارزان محەممەد**
**هەولێر (رووداو)**

لەسەر ئاودانی شینایی ئەزوەر قادر و عومەر ئیسماعیل کە ئامۆزای یەکترن، بەشەڕ دێن، دلاوەری برای ئەزوەریش دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام عومەر دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و گوللەیەک لە دلاوەر دەدات و دەیکوژێ. خزمێکی دلاوەر گوتی "ئەو دوو ئامۆزایە هەردووکیان دەیانویست پێش ئەوەی دیکە شینایییەکەی ئاو بدات، لە ئەنجامدا بووەتە شەڕیان."

کاژێر 10ی بەیانی رۆژی 2010/8/11 لە گوندی سەعداوەی سەر بە ناحیەی شەمامک، دوو ئامۆزا لەسەر ئاودانی شینایی بە کێشە دێن و، لە ئەنجامدا گەنجێک بە ناوی دلاوەر قادر، 21ساڵ، کە نێوبژیوانی کردوون، لەلایەن عومەر ئیسماعیلەوە دەکوژرێ، بەڵام تائێستا عومەر دەستگیر نەکراوە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند، دلاوەر بە گولله لەلایەن ئامۆزایەکی کوژراوەو، تۆمەتبار بەپێی مادەی 406 فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە، بەڵام هەڵاتووە و تائێستا دەستگیرنەکراوە "شەڕەکەیان لەسەر ئاودانی شینایی بووە."

حەسەن عەرەب، 56 ساڵ، کە خەڵکی گوندی سەعداوەیە و، خۆی تەرمی دلاوەری بردووەتە نەخۆشخانە، ئاماژەی بەوەدا کە "بە گوللەیەک مێشکی دلاوەر تەقیبوو، تا گەیشتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا."

ئەو بنەماڵەیە زیاتر لە 15 ساڵە کاری شینایی دەکەن، خزمەکەی دلاوەر ئاماژەی بەوەدا، شەڕەکە لە نێوان ئەزوەر قادر و عومەر ئیسماعیل بووە، کە ئامۆزای یەکترین، بەڵام دوای ئەوەی زۆر بە دار لە یەکتریان داوە، خەڵکی گوندەکە لێکیان جیادەکەنەوە بۆ ئەوەی چیتر لە یەکتر نەدەن، بەڵام عومەر راناوەستێ و دەچێتە ژێر کەپرەکەی ناو شینایییەکە و دەڵێ "ئەزوەر دەکوژم." ئەو خزمەی دلاوەر ئاماژەی بەوەدا، کە ئەمە یەکەمجارە ئەو ئامۆزایانە بەشەڕبێن و پێشتر هیچ ناخۆشییەکیان لەگەڵ یەکتر نەبووە.

بۆ ئەوەی عومەر، ئەزوەری برای نەکوژێ، دلاوەر بە دوای عومەردا دەچێت، بەڵام عومەر دەمانچەکەی دەخاتە سەری و گوللەیەکی لێدەدا و دەیکوژێ. خزمە نزیکەکەی دلاوەر دەڵێ "عومەر لە جیاتی شەڕکەر بکوژێ، نێوبژیوانکاری کوشت."

ئەو خزمەی دلاوەر دەڵێ، ماڵی دلاوەر ئامادە نین لەگەڵ ماڵی ئامۆزاکەیان پێکبێن، تا تۆڵەی کوڕەکەیان نەکەنەوە "ماڵی باوکی دلاوەر دەڵێن، تۆڵەی کوڕەکەمان بە کوشتنی عومەر دەکەینەوە." گوتیشی "عومەر دوای کوشتنی دلاوەر، خۆی شاردووەتەوە و پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ."

# کەرکووک: رفێنەران بە خوشکەکانیان خەڵک فریو دەدەن



**کەرکووک (رووداو)**

رۆژی 2010/8/11 لە یەکێک لە شـــەقامەکانی گەڕەکی عرووبە، پۆلیســـی عرووبە تەرمی شـــۆفێرێکی تاکســـییان دۆزیەوە، کە گرووپە چەکدارەکان دوای کوشـــتنی فڕێیان دابوو. عەقید شێرزاد مارف بەڕێوەبەری پۆلیســـی گەڕەکی عرووبە لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "تیرۆریســـتێک خوشـــکەکەی خۆی ناردووەتە لای ئەو شـــۆفێرە و پێیگوتووە وەرە لەگەڵم رابوێرە، دواتر لەجێگەیەک براکەی کوشتوویەتی و ئۆتۆمبێلەکەی فڕاندووە"، بەڵام دواتر هەر بەهۆی خوشکەکەیەوە گیراوە" بەهۆی دەستگیرکردنی خوشکەکەیەوە، توانیمان بکوژەکە لە پێشانگەیەکی ئۆتۆمبێل دەستگیر بکەین، کە سەرقاڵی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکە بوو."

## چوار ساڵە تەنیا یەک ژن خۆی کوشتووە

# هەورامی ژن ناکوژن

ژنێکی کەرکووکی بەهۆی شـــوکردنی بـــە پیاوێکـــی هەورامی، ئێستا کەوتوەتە نێو هەورامییـــەکان و لە ناحیەی بیـــارە لەگـــەڵ مێردەکەی و کورە تەمەن دوو ساڵییەکەی، ژیانێکی ســـادە بەسەر دەبات، ئەو ژنە زۆر دڵخۆشـــە بەوەی ئازادییەکی تەواو بەدیدەکات بۆ هاورەگەزەکانی لە هەورامان. گوتی " ئازادییەك لێرە هەیە، لە هیچ کوێیەکی کوردستاندا نییە."

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**هەورامان (رووداو)**

شـــنۆ شەهاب، 28ســـاڵ، ماوەی سێ ساڵە شووی بەو پیاوە هەورامییە کردووە کە لە بیارە فەرمانبەری حکومییە. شنۆ بەر لەوەی شـــوو بە ســـالار بکات چەند ســـاڵێک لە قەزای چەمچەماڵ بووە، بۆ ئەو ئێســـتا بەراوردکردنی ژیانی کچان و ژنان لە چەمچەماڵ و بیـــارە "جیاوازیی ئەرز و ئاسمانە."

هەورامییەکان، کە لە شاخەکانی پشت شـــارەزوور و هەڵەبجە نیشتەجێن، لەنێو ســـەوزی دارگوێز و هەنـــاردا ونبوون و، شـــانازی بەوەوە دەکەن کە لە نەریت و کولتووری ئەوانـــدا ئەو زوڵم و زۆرداریيە نییە کە لە شـــار و شاۆچکە دراوسێکانی خۆیانـــەوە دەیبینـــن یـــان دەیبیســـتن، لەبەرامبـــەر ژن و کچانـــدا. دەگێڕنـــەوە دراوســـێ نـــا هەورامییەکانـــی خۆیان، قسەیەکیان هەیە کە پڕ خۆزگە خواستنە کاتێک دەڵێن "خۆشبەختی ئەگەر ژنێکی هەورامی بێنـــی"، هەورامییەکان خۆیان دەڵێـــن " ئافرەتـــی ئێمە بـــاش ئامادە دەکرێ بـــۆ کاتی شـــووکردن، بەئازادی گەورە دەکرێن نەک بەچەوساندنەوە."

عابدیـــن عەبدولڕەحمان، موقەدەمێکی پۆلیســـە، ماوەی چوار ساڵە لە ناحیەی بیـــارە بەرپرســـیارێتی پۆلیســـی ئـــەو شارۆچکە داپۆشـــراوەی بەدار و درەخت لەسەر شانە، کە دێتە سەر باسی ئارامی ســـنوورەکەی دەڵێ " لێرە قەتڵ وتاوان زۆر کەم دەکرێ." کاتێک پرســـیاری ژن کوشتنی لێدەکەی گورج دەڵێ "ئەوە هەر نییە لەسنوورەکەمدا."

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی عابدین لە بیارەیـــە، تەنیـــا دوو حاڵەتی مردنی ژن تۆمارکراوە لای پۆلیس، یەکەمیان ژنێکە کە خۆی خنکانـــدووە، دووەمیان ژنێکی دیکەبووە کە خـــۆی گوتوویەتی بەهۆی ســـوتانەوە گیانـــی لەدەســـتداوە، لەوە بترازێ "هیچ ژنێک نەکوژراوە، ژنکوشتن لەم سنوورەدا هەر نییە."

نافیعە ژنێکی تەمەن نزیک 60 ساڵانە لەنێو باخەکەی خۆیـــان بەبەرزاییەکەوە کە وەک تابلۆیەکی هەڵواســـراوە، باسی دۆخـــی ژنان بە "هەر زۆرباشـــە" دەکات و گوتی "هیچ کات بەقەدەر ئێســـتا باش وخـــۆش نەبووە بۆ ژنان لە بیارە، ئەرکی ئێستا و ئەوسا کە خۆمی تێدا گەرەبووم زۆر جیاوازە، ئازادیان هەر وەک پێشوویە بگرە زیاتریش."

لە نەریتی هەورامییەکاندا، ژن بەژن و گەورە بەپچووک و کچ بەزۆر بەشـــوودان نییـــە، لە کاتێکدا زۆر لـــە نزیکی ئەوان کە شـــارەزوور و هەڵەبجەیە، ئێســـتاش هەندێجار ئەو حاڵەتانە هەن. دەسەڵاتی بەعـــس لە دوای ســـاڵانی هەشـــتاکانی ســـەتەی رابـــردوو، هەورامییەکانـــی لە گوند و ناوچەکەی خۆیان گواســـتەوە بۆ هەڵەبجە و هێندێکیشـــیان بۆ سلێمانی، ئێتـــر لەوێوە تـــەواو تێکـــەڵاوی کوردە ناهەورامییەکان بوون.

ئەسفەندیار مســـتەفا، مامۆستایەکی خانەنشـــینکراوی تەمەن 65 ســـاڵانە لە بیارە، گوتی "ســـەرباری تێکەڵاوبوونمان بەســـۆرانییەکان، هەرگیز هەورامییەکان پێڕەویـــان لـــەو نەریتانـــە نەکـــردووە کـــە دەبێتە هـــۆی بەرتەســـککردنەوەی ئازادییەکانـــی بەردەم ژنـــان، لەوانە ژن بەزۆر بەشوودان، یان گەورە بەپچووکی، یان ژن بـــەژن، ئێمە کولتـــوری خۆمان پاراست."



■ هەورامییەکان دەڵێن ئێمە پێڕەوی لەو نەریتانە ناکەین کە دەبنە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ژن **(فۆتۆ: رووداو)**

ســـالار بیارەیـــی (28ســـاڵ) رۆژنامەنووســـێکی ناحیـــەی بیارەیە کە دانیشـــتوانەکەی نزیکەی 3 هەزار کەسە، ســـالار دەڵێ پێچەوانەی هاوپیشـــەکانی لـــە هێندێ شـــار و شـــوێنی دیکە، ئەو موحتاجـــی هەواڵێکە تـــا بینێرێ بۆ ئەو دەزگا رۆژنامەنووسیانەی کاریان لێدەکات "بـــەڵام نییـــە، زۆر کـــەم رێکەوتووە لە ســـاڵێکدا هەواڵی رووداوێکی کۆمەڵایەتی بنێـــرم، کوشـــتن بـــێ یـــان کێشـــەی کۆمەڵایەتی، ئەوانەی کە دەیاننێرم زۆرتر کێشەی خزمەتگوزارین."

شنۆ شـــەهاب، ژنە کەرکووکییەکەی بووکی هەورامیان، ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە فەرمانگەی ناسنامەی بیارە فەرمانبەر بووە، ئێســـتا بەرپرســـی نووســـینگەی زانیارییەکانە، گوتی " کەم کچ و ژن هەیە لەم ســـنوورە خوێندەواری نەبێ، مەگەر ئەوانەی ئێســـتا بەتەمەنن، لەپۆشـــینی جلوبـــەرگ، هەڵبژاردنی مێرد ئازادییەکی زۆریان هەیە، ئـــەوەی لێرە بینیومە بڕوا ناکەم لەهیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان هەبێ."

بەشـــێک لە هەورامییـــەکان، جگە لە ستایشـــکردنی داوونەریتە پارێزراوەکانی خۆیـــان، سروشـــت و کەشـــوهەوای ناوچەکەیـــان بەهۆکارێـــک نێـــو دەبەن بۆ ئـــەو ئارامی و لەســـەرخۆییەی لەنێو خێزانـــەکان و کۆمەڵگەکەیـــان هەیانە، گوتوویانـــە لە هـــەر کوێ ســـەوزایی و باخێکی چڕ هەبێ، دەستی هەورامییەکی لەپشـــتە، ئەوەندە بایەخ بەدار چاندن و باخ بەخێوکـــردن دەدەن، بۆیە پێدەچێ هەوای پاکی ژێر دارگوێز و هەنار و چنارە بەرزەکان، توڕەیی وبێ حەوسەڵەیی لەبیر بردبنەوە.



**تامان شاکر**

# رەمەزان لە کوردستان و لە ئەفغانستان

جـــاران رەمەزان بـــۆن و بەرامی تایبەتـــی هەبوو، رۆژووگرتن و خواپەرســـتیش بە ئارەزووی خەڵکەکە بوو، بۆیە هەموو خەڵکی بەخۆشـــی پێشـــوازیان لە مانگی رەمەزان دەکرد، لە هەمووی خۆشـــتر دەنگی ئـــەو دەهۆڵەبوو کە هەمووانی لەخەو دەکرد، بەبیرم دێت هەندێک لە دراوســـێکانمان دەیانگوت بەخەبەر هاتوویـــن بۆ بەرۆژوو نەبیـــن، خەڵک بەبێ رێنمایی خـــۆی ســـنووری بۆخـــۆی دادەنا، ژنـــان و کچانی کوردیش نەیاندەزانی باڵا پۆشی چییە، چونکە هێشتا تەوژمی وەهابی و ئیخوانەکان نەهاتبووە کوردستان و لـــە رەمەزانـــدا ســـەریان دانەدەپۆشـــی، بەڵکو چارۆگەیەکـــی جوانی کوردەواریان بەسەرســـەریاندا دەدا، خواپەرســـتی تەنها بۆ خودا بوو، دین تێکەڵ بە سیاسەت نەببوو، خەڵک بەو سادەییەی خۆیەوە خوای خۆشدەویست، مەسەلەکە نەببووە بازرگانی، موســـڵمان و مەســـیحییەکانیش رێزیـــان لـــە بۆنە ئاینیەکانی یەکتر دەگرت، یەکتریان خۆشدەویست.

کەچی ئێستا دەبێ بەپێی رێنماییەکان بجوڵێینەوە، کاتێک باســـی رێنمایی دەکرێ، نووســـراوی فەرمی وەزارەتەکانـــم بیردەکەوێتەوە کـــە بەڕێوەبەرەکان هەمیشـــە دەنووســـن بەپێی رێنماییەکان. ئێســـتا رۆژووگرتن و شکاندنیش بەپێی رێنماییەکانە. بەبێ ئـــەوەی رەچاوی بوونی خەڵکـــی بیانی یان ئایین و نەتەوەی جیاواز بکرێ، رێنماییەکانیش لە هەر شار و ناوچەیەک جیایە. خۆ ئەگەر کەسێک لە بیری کرد رەمەزانە و لەو مەنجەنیقەدا کە پلەی گەرمی دەگاتە 05 قومێک ئاوی خواردەوە دەبێ لە ژوورەوە رەش بۆی دابنیشـــێت. خوایە لەبیرمـــان نەچێت. تاقەتی زیندانمان نییە دونیا زۆر گەرمە.

مـــەلا عومـــەری تاڵیبانیـــش رێنماییەکانـــی خۆیدا بەگوێی موســـوڵماناندا. داوای لە خەڵک کرد رێز لە مانگی رەمەزان بگرن و هەرکەسێک سەر پێچی ئەو رێنماییانە بکات سزا دەدرێت.

بڵاوکردنـــەوەی ئەم جـــۆرە رێنماییانە لەلایەن مەلا عومەرەوە ئاســـاییە، چونکە ئەوان بڕوایان بە ئاینی جیاواز و بیری جیاواز نییە، ئەو ئەندامی رێکخراوێکی تیرۆریســـتییە و بەلایەوە ئاســـاییە لـــە چرکەیەکدا سەدان کەس بکوژرێت .

رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانیش زۆر لە رێنماییەکانی مەلا عومەرەوە نزیکن، ئێمەش لەم مانگە پیـــرۆزەدا چاو لە خەڵک ســـووردەکەینەوە، بڕوامان بە ئازادی تاکەکان نییە و لە بیرمان چووە ئەو بیانیانەی هاتوونە وڵاتەکەی ئێمە و سەر بە گرووپ و ئایینی جیاوازن، ئەگەر لەمەســـەلەی وەبەرهێنان پەشیمان ببنەوە، ئەوا بەرهەمهێنەرە موسڵمانەکانی ئێـــران و تـــورک ئەوانـــەی رۆژانە بـــەم رەمەزانە تۆپبارانمـــان دەکەن زۆرن، یان ئەوەتە رێنماییەکان ئەوان ناگرێتەوە چونکە ئەوان میوانی ئێمەن، خاوەن ماڵ دەبێ بیر لە ئاســـوودەیی میوانەکەی بکاتەوە، بەپێی رێنماییەکان 5 رۆژ زیندانی ئەوان ناگرێتەوە. چونکە کوردســـتان بەرەو هەرێمێکی دیموکراســـی دەچێت و لە دەســـتووری عێراقیشدا باس لە ئازادی ئایینی و ئازادی تاکەکان کراوەو لە کوردســـتانیش کۆمەڵێـــک ئاینی جیاواز هەیـــە و بێجگە لە بوونی چەندیـــن کرێکاری بیانی کە لێرە کاردەکەن و لەبەر گەرما خەریکی خاوێنکردنەوەی شـــەقامەکانن، بۆیە دەبێ رێز لە ئایین و ئازادی ئەوان بگرین، لاســـایی رێنماییە توندەکانی خەڵکی نەکەینەوە.

# چەکدارانی قاعیدە لە کەرکووک ماکسی لەبەر دەکەن

**کەرکووک (رووداو)**



بەڕێوەبەری پۆلیســـی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن، چەکدارانی گرووپە توندڕەوەکان رێگە و سیناریۆی سەیر سەیر بەکاردێنن" لەو ماوەیەدا 3 تیرۆریستمان بەجلی ژنانە و ماکسی ژنانەوە دەستگیرکردوون."

عەمید ســـەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیســـی قەزا و ناحیەکانی کەرکـــووک دەڵێ، کاتێک ســـەرقاڵی هەڵمەتی پشـــکنین بوون، لە یەکێک لە گوندەکانـــی دەوروبەری کەرکووک قەرەباڵغیمان لەماڵێک بینی"ویســـتمان بڕۆین ئەو ماڵە بپشـــکنین، کەسێک هات و گوتی، ژنێـــک منداڵی دەبێـــت، بەڵام ئێمە گومانمان هەبـــوو بۆیە چووینە ژوورەوە"، کاتێـــک هێزەکەی عەمید ســـەرحەد چوونەتە ژوورەوە، سیناریۆکەیان ئاشکرا کردووە"دەبینین تیرۆریستێکی سەربە گرووپی نەقشبەندییەکان، بەجلی ژنانەوە دانیشتووە و دوو منداڵی لەتەنیشتی خۆی داناوە، ئێمەش دەستگیرمان کرد و دامانە دەست دادگا."

عەمید ســـەرحەد هەروەهـــا دەڵێ، "هەر لـــەو ماوەیەدا لە نزیک ناحیەی ریاز تیرۆریستێکی دیکەمان بە ماکسی ژنانەوە دەستگیرکرد، کە ماکسییەکی سووری لەبەردابوو ناوی (فەرەج ریاشی)بوو، چەند رۆژێک دوای ئەوەش تیرۆریســـتێکی دیکەمان بەهەمان جلی ژنانەوە دەستگیرکرد."

## د. عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسوڵمان:



# فەلەستین داگیرکراوە، بەڵام کوردستان دابەش کراوە

د.عەلی قەرەداخی، لە سەرەتای مانگی تەمموزی ئەمساڵ، بە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسوڵمان هەڵبژێردرا. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ، فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە، بەڵام کورد بە بەشبەشکراو ناو دەبات و لەبارەی پەیوەندی نێوان کوردو ئیسرائیلیش گوتی "ئەگەر پەیوەندی کورد و جولەکە ناڕاست و لەسەر ئەساسی زوڵم بێت، ئێمە بەلامانەوە شتێکی خراپە."

**سلێمانی (رووداو)**

**رووداو: کار و ئامانجی یەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلام چییە و کەی دامەزراوە؟**

عەلی قەرەداخی: سوپاستان دەکەم، دەمەوێ لێرەوە سوپاسی سەرکردە و رۆژنامەنووسان و تەواوی گەلی کورد بکەم، کە شانازیی خۆیان دەربڕی بەوەی من ئەو پۆستەم وەرگرتووە. ماوەیەکی زۆرە وەک لیژنەی دامەزرێنەری یەکێتی زانایانی موسوڵمانی جیهانی هەوڵدەدەین، بەڵام ئەوەی بەرەسمی دروستکرا لەساڵی 2004 بوو، یەکەم کۆنگرەمان لە لەندەن بەست و پاشتر لەچەند وڵاتێکی عەرەبی رەزامەندی وەرگرت. ئامانجی ئەم رێکخراوە ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هەموو جیهانی ئیسلام بکات بەشێوەیەکی گشتی، ئیسلامێکی نەرم و میانگیر، ئیسلامێکی گونجاو لەگەڵ مەسەلەی ئینسانی و بۆخزمەتگوزاری و رەحمەت بۆ هەموو جیهان، بەبێ لایەنداری و کاریگەری هیچ شێوازێکی مەزهەبی و سیاسی و حیزبایەتی. هەر لەبەرئەو هۆیەشە کە یەکێتییەکام ئێستا نوێنەرایەتی هەموو زانایانی سوننەو شیعە دەکات، جێگری سەرۆکەکەی زانایەکی شیعەیە کە ئەویش جەنابی مامۆستا ئایەتوڵڵا واعیزاد خۆراسانییە و یەکێکە لە زانایانی قوم. یەکێکی دیکە لە جێگرەکانی سەرۆکی مامۆستا ئەحمەد خەلیلە، کە موفتی گشتی سەڵتەنەی عوممانەو نوێنەرایەتی برایانی ئیبازی دەکات، کە مەزهەبێکی ئیسلامییە. هەروەها دەمانەوێ جێگرێکی دیکەش دابنێین نوێنەرایەتی برا زەیدییەکان بکات، واتە مەزهەبی زەیدی. بۆیە سوپاس بۆ خوا یەکێتییەکە نوێنەرایەتی هەموو موسوڵمانان دەکات و هەموو لایەکیش پێی رازین، ئێمە میساقێکی 60 خاڵیمان هەیە، هەرلایەک دان بەو میساقە دابنێت دەتوانێ لای ئێمە ببێتە ئەندام. یەکێتییەکە ئێستا 60 هەزار ئەندامی هەیە لەهەموو جیهاندا. ئامانجی ئەوەیە کە ئەو یەکێتییە مەرجەعێک بێت بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی و رایەڵەی پەیوەندی نێوان هەموو گەلانی جیهان بێت. هەموو کێشە جیهانییەکان چارەسەر بکات، ئەگەر کێشەی نەتەوەیی و تایفی بێت یان سیاسی. پێش ئەوەی پۆستی ئەمینداری گشتی بدرێتە من، من لە لیژنەی کەمینەکان بووم، کۆنگرەیەکمان لەهیند بەست و هەموو لایەنە ئیسلامییەکانمان کۆکردەوەو سەرەتا رێکمانخست و دواتر کۆنگرەیەکی جیهانیمان بەست لەنێوان ئیسلام و هەموو ئاینەکانی دیکە، فیعلەن کۆنگرەیەک بوو توانی ناوەندێکی گفتوگۆ دروستبکات لەنێوانیاندا.

**رووداو: هەڵبژاردنی ئێوە بە سەرۆکی ئەو رێکخراوە لەسەر چ بنچینەیەک بوو؟**

عەلی قەرەداخی: من یەکێکم لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و 7 تا 8 ساڵ پێش ئەوەش هەر لەگەڵ مامۆستا قەرەزاوی و ئەو کەسانە بەشداریمان کردووە. لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی جیهانی زانایان لە لەندەن منیان کردە سەرۆکی کۆنگرەکە، کاتێک لە هیندستانیش منیان کردە سەرۆکی کۆنگرەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینە ئیسلامییەکان، سوپاس بۆخوا کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو، لەلایەکی دیکەوە نەخشەیەکی ستراتیژیمان بۆ کارکردن پێشکەشکردو ئەم کارانە وایکرد کە ئەو قەناعەت دروستببێ کە رەنگە کەسێکی وەک من بتوانێ زیاتر خزمەت بە یەکێتییەکە بکات.

## ساڵی 2003 فەتوامان بۆ تەعریب دەرکرد، بەڵام بەداخەوە سیاسیەکانی کورد تەفعیلی ئەو فەتوایەیان نەکرد

**رووداو: کەواتە تۆخۆت بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی نەپاڵاوت؟**

عەلی قەرەداخی: نەخێر، داوایانکرد کە خۆم بپاڵێوم و کاتێکیش ناوی من خرایە ناو پاڵێوراوانەوە، زۆرترین دەنگم هێنا. زۆربەی زانایان سوور بوون لەسەر ئەوەی من خۆم بپاڵێوم.

**رووداو: لە بەیاننامەی کۆنگرەدا داوای راگرتنی تۆپبارانکردنی هەرێمی کوردستانتان کردووە، مەبەستتان هەر ئێران بوو یان مەبەستتان تورکیاش بوو؟**

عەلی قەرەداخی: داوامان کردووە هەموولایەک تۆپباران رابگرن، ئێمە ئاماژەمان بە دراوسێکانی کوردستان کردووە، کە ئێران و تورکیا و سووریا دەگرێتەوە. ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەربڕی و گوتمان ئەو تۆپبارانە شتێکی حەرامەو بەناڕەوایشی دەزانین. ئێمە لەئیستەنبوڵ بووین و ئەگەر پابەند بووینایە بەحکومەتێک یان لایەنێکەوە، شتی وا نەدەگوترا.

**رووداو: هەر ئەندامێکی ئێوە زانایەکی دیارە لەسەر ئاستی وڵاتەکەی خۆی، ئێوە دەتوانن لەرێگەی ئەوانەوە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن؟**

عەلی قەرەداخی: ئەوانەی لەگەڵ ئێمەن، یان موفتین، یان مامۆستای زانکۆ دیارەکانن و ئەمە رێگەیەکی زۆرباشە بۆ خزمەتکردن بەمەسەلەی کوردیش، بەڵام ئەوەش کاتی دەوێت.

**رووداو: ئێوە چۆن دەڕواننە کێشەی فەلەستین پێتانوایە ئیسرائیل داگیرکەرە و فەلەستین داگیرکراوە؟**

عەلی قەرەداخی: بێگومان، هەر بەپێی یاسای نێودەوڵەتیش وایە، تاساڵی 1920یش جولەکە بوونی نەبوو لەفەلەستیندا، لەدوای پەیمانی بلفۆرەوە ئەوان لەوێوە دەستیان پێکرد و کۆچیان کرد بۆ فەلەستین. ئەو زەوییانەی کە ئێستا داگیرکراون وەک قودس و غەززەو ناوچەکانی دیکە، بێگومان داگیرکراون و پێویستە جولەکە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

## بەش بەشکردنی گەلی کورد، رابوون و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لێی بەرپرس نین

**رووداو: ئەی خاکی کوردستانتان پێ داگیرکراو نییە لەلایەن ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقەوە؟**

عەلی قەرەداخی: کە رێککەوتنی سایکس بیکۆ کرا، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا ئەمانە هاتن نەک هەر کوردستان، هاتن ئەو ناوچەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەشکرد، وەک چۆن دەیانتوانی 22 دەوڵەتی عەرەبی دروستبکەن، نەهاتن دەوڵەتی کوردی دروستبکەن، لەبەرئەوە ئەوە بیانییەکان بوون ئەو وڵاتەیان دابەشکرد.

**رووداو: بەڕای رێکخراوەکەی ئێوە چارەسەری راستەقینەی کێشەی کورد چۆن دەبێ، دان بە مافی چارەی خۆنووسین دادەنێن بۆ کورد؟**

عەلی قەرەداخی: لەدوای ئەو رێککەوتنەوە کە باسم کرد، کوردستان دابەشکراوە بەسەر ئەو وڵاتانەو واقیعێک هەیە کە هەر ناوچەیەک تابیعە بۆ دەوڵەتێک و واقیعێک هەیە کە گۆڕینی ئەم نەخشەیە زۆر ئاسان نییە، ئەم واقیعەی ئێستا هەیە، مەگەر بەجەنگی جیهانی سێیەم بگۆڕێت. بەڵام رای ئێمە وایە کە کێشەی کورد دەبێت بەشێوازێکی دروست چارەسەر بکرێت .ئێمە چیمان دەوێت، تەنها دەمانەوێ کوردستانەکانی خۆمان لەتورکیا و ئێران و سووریا مافی خۆی وەربگرێت و نەکرێتە پلە دوو و پلە سێ.

**رووداو: لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە ئیستەنبول کە بەڕێزیشتان لە تەنیشت شێخ قەرەزاوی دانیشتبوون، قەرەزاوی گوتی ئەو کارانەی پەکەکە کاری تیرۆریستین دژی دەوڵەتێکی موسوڵمان، هەروەها گوتیشی ئەو رێکخراوە بەلای ئێمەوە تیرۆریستە. رای تۆ لەسەر ئەو قسانە چییە، ئەی نابێ ئەو دەوڵەتە موسڵمانە مافی هاووڵاتییەکانیشی بدات. یان بۆچی خۆ تەقاندنەوە لە ئیسرائیل رەوابێ و لە تورکیا شەڕکردن دژی سوپای تورکیا تیرۆر بێت؟**

عەلی قەرەداخی: بەداخەوە میدیای تورکی وەک خۆی قسەکانی نەگواستەوە، جەنابی قەرەزاوی وەک خۆی بەیانی خوێندەوە نەک یەکێتی، لەبەیانەکەشدا ئیدانەی ئەو تەقینەوە و شتانەی کرد کە لەتورکیا روویاندا، نەک ئیدانەی پەکەکە. دواتر راستەوخۆ من داوام کرد لەجەنابی قەرەزاوی و پێمگوت بەڕێز، پێویستە تۆ داوا بکەیت کە دەوڵەتی تورکیاش مامەڵەی باش بکات و چاکسازی بکات و بەشێوەیەکی عادیلانە لەکورد و تورک بنۆڕێت و چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، ئەوەبوو دواتر قەرەزاوی گوتی "قسەی منیش هەمان قسەی دکتۆر عەلی قەرەداخییەو پێویستە دەوڵەتی تورکیا بەو شێوەیە رەفتار بکات، من حەزدەکەم میدیای کوردی دۆست بۆ کورد زیاد بکات نەک دوژمن. گەلی کورد بەلای قەرەزاوییەوە زۆر گەورەیەو جارێکیان گوتی، بۆ هەموو گەلێک حکومەتی هەبێت و کورد نەیبێت.

**رووداو: خەڵکێکی زۆر لە عەرەب لەسەردەمی رژێمی سەدام دا بەپێی بەرنامە هێنراونەتە سەر خاکی کورد لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە و کورد لەو شوێنانە دەرکراون و ئێستاش بووەتە مایەی کێشە و فیتنە لەنێوان کورد و عەرەبدا کە هەردووکیان موسوڵمانن، ئێوە بۆچی فتوایەک نادەن بۆ نەهێشتنی تەعریب و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە وەک نیشتەجێکردنی جولەکەیە لە فەلەستین؟**

عەلی قەرەداخی: ئێمە هەر ساڵی 2003 کاتێک رژێمی بەعس رووخا، فەتوایەکی روون و رەوانماندا، من فەتواکەم نووسی و مامۆستا قەرەزاویش ئیمزای کرد و تەسلیمی میدیای کوردستانیشمان کرد، بەڵام بەداخەوە سیاسیەکانی کورد تەفعیلی ئەو فەتوایەیان نەکرد، فەتواکە دەڵێ، هەرکەسێک زەوی هەر کەسێکی داگیرکردبێت، ئەگەر عەرەبە یان کوردە، پێویستە بیداتەوە خاوەنەکەی. خەڵک هەبووە خۆی هاتووە و زەوی کڕیوە، ئەوە ناگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هێنرابێت و زەوی کەسێکی دیکەی پێدرابێت، ئەوە پێویستە جێیبهێڵێ.

**رووداو: زۆر باسی پەیوەندی کورد و ئیسرائیل دەکرێ، کەچی بەرپرسانی ئیسرائیلی بەردەوام لە میسر و ئوردن و قەتەر و تورکیا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامین. رێکخراوەکەتان چۆن دەڕوانێتە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل؟**

عەلی قەرەداخی: پەیوەندی کورد لەگەڵ جولەکە، ئەگەر پەیوەندییەکی ناڕاست و لەسەر ئەساسی زوڵم بێت، ئێمە بەلامانەوە شتێکی خراپە، هەروەک چۆن پەیوەندی لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا، چاکەو خراپە لای ئێمە بۆ نەتەوە و گەلەکان ناگۆڕێت، ئەگەر پەیوەندی کورد و جولەکەمان پێ خراپ بێت، بۆ عەرەبیش پێمان خراپە. ئێمە پێوەرێکی ئیسلامیمان هەیەو پێوەرێکی قەومیمان نییە.

**رووداو: لە کاروانی کەشتی ئازادی دا چەند کورد کوژران؟**

عەلی قەرەداخی: تۆ فەرمووت کوژران، بڵێ شەهید بوون. دەگوترێت لەو 9 کەسەی شەهید بوون، 7یان کورد بوون.

**رووداو: ململانێیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان شیعەکان و شێخ قەرەزاوی، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەوە؟**

عەلی قەرەداخی: ئەوە شتێک بوو تێپەڕی و ئێستا ئەو ململانێیە نەماوە و شتەکان بەشێوازێکی زۆر باش بەڕێوەدەچن.

**رووداو: گلەیی زۆر دەکرێت لە تۆ، دەڵێن تۆ کە دەچیتە دەرەوەی کوردستان جلی کوردی لادەبەیت و دشداشە لەبەر دەکەیت و عەگال لەسەر دەکەیت، بۆ؟**

عەلی قەرەداخی: قەت عەگالم نەکردووەتە سەرم و جلێک لەبەر دەکەم کە جلی زانایانی ئەوێ وایە، دشداشەیەک دەکەیتە بەرت و وترەیەک دەدەیت بەسەرتدا، خۆ مامۆستایانی ئێرەش لە دهۆک چەند کەسێکن هەر ئەوەیان لەبەردایە. ئەوەی من لەوێ لەبەری دەکەم جلی بیئەیە و من وادەزانم گەورەترین سەرکردەی کورد بچێتە ئەوێ، ناتوانێ ئەم جلە کوردیانە بکاتە بەری. بەڵام جلی رەسمی من لەوێ جلی زانایانی کوردییەو لە کۆنگرەکەشدا هەموو بەجلی مەلایەتی کوردی بوو.

**د.عەلی محەممەد قەرەداخی:**

- ساڵی 1949لە قەرەداخ لەدایکبووە.
- زانستی شەرعی لەلای چەند زانایەکی کورد خوێندووە.
- ساڵی 1975 لەکۆلێژی ئیمام ئەعزەم لەبەغدا زانستی شەرعی تەواو کردووە .
- بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لەبواری یاسا و شەریعەت لەزانکۆی ئەزهەر لەقاهیرە بەدەستهێناوە .
- ئەندامی کۆمەڵەی فیقهی ئیسلامیە سەر بەرابیتەی ئیسلامی جیهانی.
- سەرۆکی بەشی فیقهە لەزانکۆی قەتەر.
- راوێژکاری ژمارەیەک لەبانکە ئیسلامی و جیهانییەکانە.
- سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی کوردە.
- سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەمیندارێتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە لە قەرەداخ.

# بۆ ئەوانەی بوونەتە ئەسکوێی نەگونجاوی هەموو دیزەیەک



جەمال نەبەز
بەرلین

بەڕێز دکتۆر دیلان رۆشـــنی، لەم رۆژانەدا بەشـــێکی کۆنە وتارێکی منی خســـتووەتە فێـــس بووکـــەوە. تـــەواوی ئەم وتـــارە لە هەفتەنامەی (میدیا) لە ژمارە 255ی رۆژی 2006/8/29 لەژێر سەرنێوی "کۆڕی زانیاری و ئەکادێمیـــای کـــوردی"دا بڵاوکرابووەوە. بەڕێز د.دیلان، سەرنێوی پارچە وتارەکەمی نێوناوە"هەنبانـــە بۆرینە، هی هـــەژار نییە" و، داوای لە خوێنـــەرەکان کردووە، بیروڕای خۆیان لەوبارەیەوە دەرببڕن. چەند کەسێک بەدەنگییەوە هاتوون و شـــتیان نووســـیوە. هێندێکیـــان ویســـتوویانە تۆمەتەکـــە لـــە هەژاری دیوەخانشین دووربخەنەوە. ئەوەش نـــەک لەبەر خاتری هـــەژار، بەڵکـــو لەبەر خاتری خـــاوەن دیوەخانان. یەکێکیشـــیان دەبێـــژێ: " ئەم نووســـینەی جەمال نەبەز دەمێکـــە بڵاوکراوەتـــەوە، (ســـەیرە) کەوا ئێســـتە دەخرێتەوە بەرچاو، (چۆنکە) ئەمە لەکاتێکدایـــە کە شـــێرکۆی کـــوڕی هەژار نامیلکەکـــەی چاپکردووە". ئـــەز خۆم ئەو نامیلکەیەی کاک شـــێرکۆم هیشـــتا نەدیوە، بـــەڵام وەک بیســـتوومە، موویەکی ســـاخی بەڕیشی باوکییەوە نەهێشتووەتەوە. هەرچی چۆنێک بێ، شـــێرکۆ کوڕی باوکی خۆیەتی و، مافـــی ئەوەی هەیە باســـی باوکی خۆی بکا، بەڵام خۆزگە ئەم کارەی لەســـەردەمی ژیانی باوکیدا دەکرد، بۆ ئەوەی ئەویش بۆی هەبووایە لەسەر خۆی بکاتەوە.

بۆ بنجبەستکردنی قسەکەی خۆم لەبارەی "فەرهەنگەکـــەی هـــەژار"ەوە، ئـــەوا لێرەدا نامەیەکی رەوانشاد مامۆستا گیوی موکریانی دەخەمە پێشـــچاو، کە لە کوردستانەوە، لە مانگی تەممـــووزی 1977دا بەهۆی هاوبیری هێژام مامۆســـتا فایەق عارفـــەوە، تەمەنی درێژبێ، ناردبووی بۆم بۆ بەرلین، کە ئەویش بەدەستیی گەیاندی پێم. ئەوە دوا نامەیە کە مامۆستا گیو لە ژیانیدا نووسیوێتی، چۆنکە ماوەیەکـــی کورت دوای ئەوە کۆچیدواییکرد. ئەو ســـەردەمە کە تەممـــووزی 1977 بوو، دوو ساڵێک بەسەر هەرەسەکەدا تێپەڕیبوو. مامۆســـتا گیو، لە نامەکەیدا دەنووســـێ کە ســـێ ســـاڵ و نیو لەوەبەر(واتە: لە ساڵی 1973دا، کاتێک کە هەژار هێشـــتا لە بەغدا لە "کۆڕی زانیاری کورد"دا ئەندام بوو: ج.ن) فەرهەنگێکـــی 1286 لاپەڕەیی فولســـکاپی بەخۆڕایی داوە بە "کۆڕ" بۆ چاپکردن. "کۆڕ" بەبیانووی ئـــەوەی کە دەبـــێ فەرهەنگەکە بەرێنووســـی "کۆڕ" بنووسرێتەوە، داویانە بە مـــەلا عەبدوڵڵا نێوێـــک و ئەویش بە 400 - 500 دینارێکـــی ئەو زەمانە، بەو رێنووســـە ئامادەیکـــردووە. ئەوجا "کۆڕ" ئەو کۆپییەی نەداوە بە مامۆســـتا گیو، چۆنکە گوتوویانە پارەیـــان تێدا بەختکردووە. مامۆســـتا گیو دەبێـــژێ: "دەزانن کە ئەو پیـــر و نەخۆش و بێکەســـە و زۆری نەمـــاوە تەفروتوونـــە دەبێ و، پاش نەمانی وی، ئەوســـا بەکەمێ دەسکارییەوە، بەناوی خۆیانی چاپدەکەن."

ئەمەش وەســـێتێکە و کردوویەتی بۆ من، چۆنکە دەبێـــژێ: "ئەو مەبەســـەم بۆیە بۆ ئێوە نووســـی کە ئاگاداربن بۆ دووای من... هتـــد". لەبەرئەوە، ئـــەز، بەفەرمانی ویژدان و ئەرکی سەرشـــانی خۆم هەستام، چۆنکە مامۆســـتا گیو، وەک گوتم ماوەیەکی کورت پـــاش ئـــەوە، کۆچیدواییکرد. تا لـــە ژیاندا مابوو"کۆڕ"نە فەرهەنگەکـــەی چاپکردو، نە کۆپییەکەشـــی گێڕایەوە بۆی، پاش نەمانی ویش؛ نەیدایەوە بـــە منداڵەکانی. ئەز، هەر پـــاش وەرگرتنـــی نامەکەی مامۆســـتا گیو کەوتمە خۆم و لە تشرینی دووەمی 1977دا وتارێکم نووســـی لەبارەی چەند زاراوەیەکی تازەبەکارهاتـــووی (کـــۆڕی زانیاری کورد)، لەو وتارەدا باســـی فەرهەنگەکەی مامۆستا گیویشم کرد. ئەم وتارە لە ژمارە 22ی ساڵی 1978ی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدادا بڵاوکرایـــەوە، لەوەدا نووســـیومە: کۆڕ.. فەرهەنگێکی کوردی - عارەبی مەزنی کە خوالێخۆشـــبوو گیوی موکریانی ژیانێکی پێوەبردووەتەسەر، بڵاوناکاتەوە. لەهەمووی خراپتر ئەوەیە یەکســـەر بەخاوەنەکەی ناڵێ بڕۆ بەرهەمەکـــەت بڵاوناکەمەوە؛بەڵکو چەند ســـاڵێک دەیهێنێ و دەیبا و دەستیدەســـتی پێدەکا و وێنـــەی فەرهەنگەکەی دەگرێتەوە و بـــێ رازیبوونی نووســـەرەکەی لای خۆی گلیدەداتەوە و نایینێرێتەوە بۆی. نووســـەری نەگبەتیـــش لەژێر باری ئـــازار و خەفەت و پیشخواردنەوەدا دەناڵێنێ. لێرەدا پێویستە بێـــژم، پـــاش بڵاوبوونەوەی ئـــەو وتارە کە لەگەلێک شوێندا چاودێری (رەقابە) لەجیاتی وشـــەکانی من خاڵـــی داناوە، ســـەرکردەی "کۆڕ" مەســـعود محەممەد کەوتـــە هاندانی دەســـتوپێوەندەکانی لەدژم، یەکێک لەوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف بووکە چاپنامەکانی سەردەمی بەعسی پڕدەکردەوە بەپەلاماردانی من، بەڵام لەبارەی فەرهەنگەکەی مامۆســـتا گیوەوە هەموویان نقەیان لەخۆیان بڕی.

شایەنی باسە، هەژار پاش رێککەوتنی 11 مارتـــی 1970، بە فەرمانـــی رەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی؛ کرا بە ئەندامی "کۆڕ". هەر دوای هەرەس؛ لەگەڵ بارزانی چووە ئێران و لە کەرەج گیرســـایەوەو، تا رژێمی شاهەبوو، ژیانی باش بۆدەچووە ســـەر. لە سەردەمی رژێمی مەلاکانیشدا، بەیارمەتی چەند کەسێک کەوتە وەرگێڕانی قورئان و بابەتی ئیسلامیی، بۆ بەشـــی کوردیی (دامەزراوەی ئەلبەلاغ)ی ســـەربە رژێم لە تـــاران. هەروەها پەرتۆکی "الشـــفاء"ی ئیبن ســـینای لە عارەبییەوە کرد بە فارسی. هەژار لەم ماوەیەشدا ژیانی بەتێروتەسەلی برد بەڕێوە.

ئەز لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی ســـەتەی رابردوودا ناسیاوەتیم لەگەڵ هەژار بەهێزبوو. بەکوردێکی لەڕێی نیشتماندا ماندوو و دەربەدەرکراوم دەزانی. هەڵبەســـتەکانیم بڵاودەکردنـــەوە، کـــە کێشـــەیەکی ببووایە پشـــتگیریم دەکـــرد و، لەبـــارەی یارمەتیی داراییشـــەوە برایەتیـــم دەکـــرد. بەتایبەتی کە نەخۆشـــیی ســـیل زۆری هێنابوو بۆی، تاکەکەســـێک کـــە بەدایەخـــی دەرهات من بووم، ئەمەشـــی لە هەڵبەستێکدا دەربڕیوە کە لە هاوینەهەواری شـــەقڵاوەوە ناردبووی بۆم و، دوکتۆر عێزەدین مستەفا لە پەرتۆکی (ئوســـتاد)دا بڵاویکردووەتەوە. هەژار خۆی نەیخستووەتە نێو دیوانەکانی، چۆنکە ئێدی کاری بەمن نەمابـــوو. خاوەن دیوەخانانیش لەبەر رەخنەکانم لێیان، پێیان بەســـێبەری سەرمدا دەنا.


هـــەژار، هەڵبەســـتوانێکی بـــاش و قســـەخۆش و کۆمیدیاییێکی سەرکەوتووبوو، بەڵام بەتاقیکردنـــەوە و تێپەڕبوونی رۆژگار دەرکەوت بۆم کە زۆر سپڵە و پارەپەرست و پێنەزان و فرەڕووە. کە قسەتبکردایە لەگەڵی دوو بـــەدوو، هەر خۆی و خـــۆت دەمانەوە بە"باشی". لام وایە، رەحمەتی مەلامستەفای بارزانـــی، تاکە کەســـێک بووبـــێ کە هەژار راستەوخۆ لێینەخوێندبێ. ئەوەش هۆی خۆی هەبوو، کە هەلپەرستیی هەژاری پێشاندەدا. ئـــەوی (چێشـــتی مجێور)ەکـــەی هەژاری خوێندبێتەوە، کەســـایەتیی ئەم پیاوەی لە زمانی خۆیەوە، بەباشـــی بـــۆ دەردەکەوێ. ئەمەش بەپێچەوانەی خووڕەوشتی مامۆستا گیـــوی موکریانییەوە بوو. خۆشـــم ئاگام لە ژیان و هەڵســـوکەوتی هەردووکیان هەبوو. مامۆســـتا گیـــو بەهـــەژاری و کولەمەرگی ژیا، بەڵام تامابوو، ســـەری بـــەرز راگرت و زوڕنـــای بۆ هیـــچ رژێم و هیـــچ ئاغا و هیچ خاوەن دیوەخانێک لێنەدا. پەنجاساڵی ژیانی خـــۆی؛ بەبێ هیچ پاداش و دەســـکەوتێک، بـــە فەرهەنگنووســـین و رۆژنامەوانییـــەوە بردەســـەر. کە لـــە ســـاڵی 1960دا بوومە مامۆســـتا لـــە قوتابخانـــەی دوانێوەندیی و قوتابخانـــەی مامۆســـتایانی ســـەرەتاییی هەولێر، زوو زوو دەچوومە خزمەت مامۆستا گیو و، چـــاوم بەبەرهەمەکانی رۆندەبووەوە. کە مامۆستا گیو لە پاییزی 1961دا لەلایەن رژێمی قاسمەوە گیرا و رەوانەی گرتووخانەی حیللەکـــرا، چـــووم بـــۆ ســـەردانی لەوێ، تەماشـــامکرد لەگەڵ چەند کوردێکی فەیلی دانیشتبوو، کە ئەوانیش هەر زیندانیی بوون، وشە کوردییەکانی زاراوەکەیانی دەنووسییەوە بۆ دەوڵەمەندکردنـــی فەرهەنگەکانی. گیوی رەحمەتـــی نەچـــوو وەک هـــەژار زوڕنا بۆ قاســـم لێبدا و بێژێ: "کەسی خۆمە و باش دەیناســـم X بۆتە دۆســـتم کەریم قاســـم". هەرچی هەژاریشـــە، ئەوا هیچ کاتێک ئاگام لەوە نەبووە، کە خەریکی فەرهەنگنووســـین بووبـــێ، فەرهەنگێکـــی واگـــەورەش، وەک (هەنبانـــە بۆرینـــە) کاری چەند ســـاڵێکی کەم نییـــە، بەتایبەتی بۆ هەژار کە زوو زوو نەخۆشـــییەکەی پرزەی لەبەردەبڕی و کاری پێنەدەکرا.


راســـتیی؛ وەک تیشـــکی خۆر وایە، کە بـــەر گـــوڵ بکـــەوێ بۆنە خۆشـــەکەی پتر بەرزدەبێتەوە و نەشـــەدەدا بە گیان، کە بەر گـــووش بکەوێ، بۆگەنەکەی پتر لووت کاس دەکا.

ئێســـتەش با چەپکێک تیشک ئاڕاستەی هەردوولا بکەیـــن:دە فەرموون، ئەمە ئێوە و ئەوەش نامەکەی مامۆستا گیوی موکریانی، وەک وەرامێکی ددانشکێن بۆ هەموو ئەوانەی کە لە هەموو دیزەیەکدا بوونەتە ئەســـکوێ، بەڵام بەداخەوە؛ ئەسکوێیەکی نەگونجاو.

2010/8/4

**وێنەی نامەکەی گیوی موکریانی بۆ مامۆستا جەمال نەبەز**





## بۆ ئابۆنەکردنی رووداو

لەگەڵ ناردنی پارەی ئابۆنە بۆ سەر ژمارەی بانکیمان، تکایە ژمارەی حیسابی بانکی خۆتان و ناوونیشانتان بە ئیمێل یان بە نامە رەوانەی (رووداو) بکەن. دوای گەیشتنیان ئابۆنەکەتان دەستپێدەکات و هەموو هەفتەیەک رۆژنامەتان بۆ دەنێرین.

**بۆ ساڵێک**
ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا، فەرەنسا، هۆڵەندا: 60 یورۆ
سویسرا: 120 CHF
بەریتانیا: 60 GBP
سوێد: 900 SEK
دانیمارک: 600 DKK
ئەمەریکا: 100 $
کەنەدا: 120 CD
تورکیا: 100 YTL

**بۆ شەش مانگ**
ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا، فەرەنسا، هۆڵەندا: 30 یورۆ
سویسرا: 60 CHF
بەریتانیا: 30 GBP
سوێد: 450 SEK
دانیمارک: 300 DKK
ئەمەریکا: 50 $
کەنەدا: 60 CD
تورکیا: 50 YTL

**ئەدرەس و ژمارەی حیسابی بانک:**
لەناو ئەڵمانیا
Rudaw Media GmbH
Bank: Deutsche Bank Köln
Konto Nr: 2450161
BLZ: 37070024

دەرەوەی ئەڵمانیا
IBAN:
DE 48370700240245016100
BIC: DEUTDEDBKOE

**ناوونیشان:** Rudaw GmbH - Gutenbergstr. 63a - 50823 Köln / Germany



گۆران
محەمەد

# قانیعی فەرد سەری دای لە بەرد

ئێستا ئەوەی پێویستە ئاشکرا بکرێت و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت، ئەوە نییە داخۆ قانیعی فەرد، خاوەن دکتۆرایە یان نا، چونکە ئەوەیان زانکۆی کامبریج یەکلایی کردووەتەوە و هەو نییە. ئەوەش نییە داخۆ قانیعی ناموقنیع پیاوێکی خاس و دڵسۆزە بە گەلەکەی یان نا، ئاخر کەسێک سەرچاوەی نووسینەکانی بریتی بن لە نووسراو و بۆچوونی دەزگە موخابەراتییەکانی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، لەوە خاستر ناڵێ کە تا ئێستا گوتوویەتی.

ڕاستییەکەی ئەوەی ئێستا مایەی لێکۆڵینەوە و شایەنی بەدواداچوون و گەیشتن بە ئەنجامە ئەوەیە، ئاخۆ ئەوە قانیعی فەردە فێڵی لە مام جەلال کردووە، یان مام جەلال بە تێزەکەی قانیع بووە؟ ئاخر تۆزێ سەیرە لەم کاتەدا کە مام جەلال، ئەوەندەی پێویستی بە پشتیوانیی پارتی و کاک مەسعودە، نیو ئەوەندە کاری بە مەکتەب سیاسییەکەی خۆی نییە، ئا لەم کاتەدا نووسەرەوەی مێژووی مام جەلال، ئەو کتێبەی گوایە لە سەر ژیانی مام جەلالە، بۆ ناشرینکردنی مەلا مستەفا و شۆڕشی کوردستان تەرخان بکات. ئاخۆ قانیع بەم قسە ناموقنیعانە دەیەوێ قەناعەت بە کێ بکات؟

مام جەلال دەڵێ قانیعی فەرد، جیاوازی لە نێوان مەلا مستەفا و مەلا مستەفای باوکی فاروقی مەلا مستەفا ناکات و کتێبەکەی هیچ نییە، دەی پیاوێک ئەمە حاڵی بێت کامە مێژوو دەنووسێتەوە؟ لەوانەیە قانیعی فەرد مێوژخۆرێکی خاس بێت، لێ هەرگیز باوەڕ ناکەم مێژوونووس بێت، خۆ ئەگەر قەول بێت هەر کەسێک هات و هەندێ قسەی هەڵەق و بەلەقی ریز کردن و ناوی نا خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژوو، ئەوە ئیتر ئەو چۆرە مێژووەی هەمانە دەبێتە بنێشتە خۆشە بۆ خەڵکی بێئیش و ساختەچی.

شتی لە جۆری قانیعی فەرد بۆ قۆشمە و پێکەنین خۆشن، بەڵام سەیرم لە ڕۆژنامەی خەبات دێ خۆی بە بەیاننامە و ئەو هەڵوێستنامەی! بێ ناوە و شین و مۆر کردووەتەوە، ئاخر قانیعی فەرد، بابەتی دوا لاپەڕەیە قوربان نەک لاپەڕە 3، ئەوە کڵۆڵیی هەندێ بەلاڤۆکی بێناوەڕۆکە قانیعیان لێ بووەتە هەنگوین.

لەوانەیە قانیعی فەرد لە یەک شتدا زۆر لێهاتوو و بلیمەت بێت، ئەویش ئەوەیە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆرترین درۆی کردوون و ئیدی هەر بەو درۆیانە بێت یان شتی دیکە، خۆی گەیاندووەتە زۆرترین کاربەدەستی کورد و ئەو بیانیانەش کە دوور و نزیک لەگەڵ پرسی کورددا تێکەڵ بوون. دووریش نییە، جار و بار (سیاسییەکی عاقڵ!!)ی کورد، کار ئاسانی و چاوڕوونی و دواتریش دەستخۆشی لێکردبێت.

# مێژووی کورد و بە مانای بێلایەنییەوە لێی بێدەنگ بوون



کاوە ئەمین
سوێد

لە هەموو دنیادا کاتێك ئەرشیڤە موخابەراتییەکان دەکرێنەوە، لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر دەکرێ و دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، ئاخر خۆ ناکرێت هەر ئەفسەرێکی بەریتانی و ئەمریکی نامەیەکی نهێنی نووسیبێت و بە مەزاج و ئارەزووی خۆی شتی نووسیبێت، بکرێتە شتێکی پیرۆز و سەرچاوەیەکی ڕاست، ئەوەی کە زیاتر گومان دەخاتە سەر قسەکانی قانعیفەرد ئەوەیە کە ئەو کابرایە بەبێ هیچ تێبینییەك قسەکانیان وەك خۆی ریوایەت دەکات و تەنها ئەو بەڵگانە دەهێنێتەوە کە سووکایەتی بە کورد دەکەن

ئەوەی من دەمەوێ لەم چەند دێرەدا باسی بکەم نە دروستکردنی ئەفسانەیە و نە قودسیەتدانە بە سەرۆکێکی کورد، ئەویش سەرۆک مستەفا بارزانییە کە زیاتر لە نیو سەدە لەپێناو مافەکانی کورد و کوردستاندا خەباتی کردووە. بێگومان هیچ تاکێک و هیچ سەرکردەیەکی کورد و بیانی لە کەموکورتی بەدەر نین و کەس ناتوانێ پینەوپەڕۆیان بۆ بکات، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە بەدیار چاومانەوە و بە دنەی داوودەستگا سیخوڕییەکانی وەکو میت و ئیتلاعات، هەموو سەروەرییەکانی نەتەوەکەمان بخرێنە ژێر پرسیارەوە و لێی بێدەنگ بین، ئەوەش بە بیانووی بێلایەنی و ئەندام نەبوون لەم حیزب یان لەو ڕێکخراوی کوردستانیدا. لێرەشەوە بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێم کە من ئەندامی هیچ پارتێکی کوردستانی نیم، بەڵام هیچ کاتێک لەنێوان داگیرکەران و نۆکەرەکانیان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا بێلایەن نیم و نابم، هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە لەسەر ئەو ناهەقاییەتییەی دەربارەی مستەفا بارزانی و قازی محەممەد و قاسملوو و ئاپۆ و هەموو ئەوانەی کە ژیانیان بە نەتەوەکەیان بەخشیوە دەکرێن دێمە قسە، دیارە هەموو کەموکورتییەکانیشیانم لەبەرچاوە، نەک من هیچ کەسێک ناتوانێ بیناشارێتەوە.

قانعیفەرد کە خۆی وەک مێژوونووسێکی تاقانە بە خوێنەر دەناسێنێ، شایەنی ئەوەیە بە جیدی هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. کاتێک چاوێک بە مێژووی ژیانی قانعیفەرد دا دەگێڕیت بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ئەو کەسێکی گوماناوییە، کەسێک بە بەردەوامی پێیەکی لە تاران و پێیەکی دیکەی لە پایتەختەکانی وڵاتانی دیکەی دنیا بێت کە دووژمنایەتی ئێران دەکەن و وەک خۆیشی لە گفتوگۆیەکدا ئاشکرای دەکات، بەبەردەوامی بەدوای کەسایەتییەکانی ساواک و موخابەراتە زەبەلاحەکانی وەک موخابەراتی ئینگلیزی و ئەمریکییەوەیە. کورد گوتەنی ئەو ماستە موویەکی تێدایە و هیچ عەقڵێکی سالم پێمان ناڵێت کە ئەوەی ئەو کابرایە دەیکات بەبێ ڕەزامەندی و دنەدانی ئیتلاعاتی ئێرانی بێت کە بە وردی کار لەسەر دۆزی کورد و ڕەشکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەکات.

قانعیفەرد، زۆر ئاگایانە و هۆشیارانە کاتی بڵاوکردنەوەی گفتوگۆ و نووسینەکانی هەڵبژاردووە و هەموو ئەو بەڵگانەیشی کە باسیان لێوە دەکات هی کەسایەتییە ناسراوەکانی ساواکن، تۆ بڵێی قانعیفەرد لەبەر خاتری ڕوونکردنەوە و بەرچاوڕوونی مێژوو بێت وەک خۆی دەڵێت (21) کاژێر هەڵیانفڕاندبێ بۆ ئوستورالیا تاوەکو بگاتە خزمەتی سەرۆکی ساواک و ئەو هەموو ماوەیەش تەنها بیری لای ئەوە بێت کە بە خزمەتی گەیشت چی لێ بپرسێت؟ قانعیفەرد ڕاست دەکات کەسێک بتوانێ دەستی بگاتە ئەو هەموو کەسانەی موخابەرات، چۆن دەهێڵێن بخنکێت!

مامۆستا جەمال نەبەز، کە بەگەشتنامەیەکی زۆر خزمەتی بە ڕاستییەکان لەبارەی مەلیکی کورد شێخ مەحمود کردووە، جیاواز لەوانەی بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی دەیانویست کەسایەتی و خەباتەکەی بشێوێنن، لە کتێبی (کوردستان و شۆڕشەکەی )دا، ڕەخنە لە شێخ مەحموود دەگرێت، بەڵام چونکە هەموو کەس دەزانێ لە ڕوانگەیەکی کوردستانی و نەتەوەییانە و ئەکادیمیانەوە دەپەیڤێت، گەرد ناخاتە سەر دڵی کەس، ئەوەتا مامۆستا دەنووسێت: "شێخ بەهۆی ئەومەکانە ئاینییەی بە میرات بۆی مابووەوە، بەداخەوە دژی بیری نوێ و ڕۆشنبیرانی کورد بوو. ئەم توێژاڵەی لە بەڕێوەبردنی کارە گرنگ و بایەخدارەکان دوورخستەوە و کەسانی دواکەتوو و لێ نەهاتووی لەشوێن دادەنان، ئەوانەی هەمیشە پێیاندا هەڵدەدا و مەرایی و کلکە لەقێیان دەکرد و ماستاویان سارد دەکردەوە. سکرتێرەکەی کە (ڕەحمە کانێسکانی) بوو هەموو پیاوە هەڵبژاردە و یەکی یەکیەکانی دەبووغزاند، شاعیری کورد ئەحمەد موختار جاف لە شیعرێکی داشۆریندا زەمی شێخ دەکات و دەڵێت: جائیزە بۆ میللەت و کوردایەتی بێ ڕەشبەڵەک، باجی ڕەحمە بێ قەزا بێ نایەڵێ ڕێک هەڵپەڕین." بەداخەوە بەشێکی زۆر لەوانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا، چاوساخ و ڕێنیشاندەر و ڕاوێژکاری سەرۆکەکانن، هەر لە جوملەی (ڕەحمە خانەکەی) سەردەمی شێخ مەحموودن، دەنا خێرە مام جەلال لەناو ئەو هەموو کادیر و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و هەڤاڵی شاخ و شارەیدا، کەسێکی بەدگومانی وەکو قانعیفەرد هەڵدەبژێرێت، بیرەوەریەکانی و مێژووەکەی بۆ بنووسێتەوە!

هەموو ئەو کەسایەتییە سیاسییە کورد و بیانیانەی کە دۆست یان دووژمنی مستەفا بارزانین، گەواهی ئەوە دەدەن کە مستەفا بارزانی دەورێکی گەورەی گێڕاوە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا نەک بەپێچەوانەوە وەک قانعیفەرد ئیدیعای ئەوە دەکات کە بارزانی و سەرۆککۆماری کوردستان دژی یەکتر بوون. لە تازەترین گفتوگۆ کە من لەگەڵ شێخی بە تەمەن عیزەدینی حوسەینێ کردوومە، مامۆستا دەڵێت: "دیارە هەموشمان دەزانین کە مەلا مستەفا ئەوکاتە ژەنراڵ بوو و ئەو هەموو پیشمەرگەیەی لەگەڵ بوو، دەورێکی گەورەی گێڕا لە دروستکردنی کۆماردا، دواییش کە کۆمار ڕووخا لەگەڵ دەوڵەتدا کەوتنە شەڕەوە و چوو بۆ شووروەوی."


مێژووی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان و پاشان کشانەوەیان بۆ سۆڤییەت و شەڕی سێ دەوڵەتی داگیرکەر، مێژوویەکە کە هەموو سیخوڕەکانی دنیا بە قانعیفەردیشەوە ناتوانن لەکەداری بکەن، ئازایەتی و لەخۆبردوویی بارزانیش شتێک نییە کە بۆی بهۆنرێتەوە، ئەوەتا عەلی ئەسغەر ئیحسانی کە یەکێکە لە ئەفسەرانی ڕاپەڕینی خوراسان و پاشان دەچیتە ناو سوپای میللی ئازەربایجانەوە لە بیرەوەریاکانیدا باسی خۆڕاگری و ئازایەتی بارازانییەکان دەکات، کە بێگومان دەیانتوانی تەسلیمی یەکێک لەو وڵاتانە ببن، بەڵام ئەوەیان قبوڵنەکرد، ئەوەتا لە زمانی مەلا مستەفاوە دەڵێت "هەموو شتێکی من ئەو تفەنگەمە، تا ئەو تفەنگەم هەبێ هەرگیزا و هەرگیز زەلیل نابم. من تەسلیم نابم، تێدەکۆشم، شەڕ دەکەم، دوژمن دەکوژم و دەکوژرێم." ئیحسانی دەڵێ "ئێستاش ڕووخساری پیاوانەی ئەوم هەر لە یادە." نووسەر و لێکۆڵەری سوێدی، ئۆلف تاندبێری لە دوا کتێبی خۆیدا دەربارەی چوونی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنووسێت: "لە سێپتێمەبری 1945 دا، بارزانی عێراق بەجێدەهێڵێت. بە خۆی و دە هەزار کەسەوە کە سێ هەزاریان پێشمەرگە بوون لە سنوورەوە ساڵی 1946 ڕوو لە ئێران دەکەن و دەبنە خزمەتکاری مەهاباد. لێرە ئامادەکاری بۆ کۆمارێکی تەواو کوردی دەکرێت. بارزانی دەکرێتە یەکێک لە چوار ژەنراڵەکەی کۆمار و دەکرێتە بەرپرسی بەرەی بۆکان — سەقز". شاراوە نییە لە مێژوودا، کە ئینگلیزەکان و عێراقییەکان تا دوا نوقتەی سنووریش بە بەردەوامی بۆردوومانی بارزانییەکانیان کرد و تەنانەت لەدوای ڕووخانی کۆماریش بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی بارزانی بوونەوە، ئەوەبوو دوای هەژدە مانگ بەرەنگاری قارەمانانە خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت، ئەگەر بارزانییەکان کورد نەبوونایە بێگومان ئێستا دەیان فیلم و ڕۆمان تەنها لەسەر ئەو کاروانە مێژووییە دروستدەکران و دەنووسران، ئەگەر تەنها ئەو هەژدە مانگە وەک خەبات بۆ بارزانی بنووسرێت ئەوا دەبێ مێژووی کورد شانازی پێوە بکات. کەواتە ئەوەی قانعیفەرد باسی لێوە دەکات، گوایە ئینگلیزەکان ویستویانە لە ڕێگەی بارزانییەوە کۆماری کوردستان بڕوخێنن، نەک هیچ مەنتیقێکی تێدا نییە، بەڵکو وەکو سوێدیش دەڵێن، قسەیەکی قۆڕە و هیچیتر. چونکە ئەگەر هێزی چەکدار و خاوەن تەجروبەی بارزانییەکان نەبووایە ڕەنگە کۆمار ئەو 11 مانگەیش بەرگەی نەگرتایە، پاشان ئەگەر پێشەوا و بارزانی یەکتریان خۆشنەویستایە، چۆن پێشەوا ئەو بڕوا گەورەیەی بە بارزانی دەکرد کە بیکاتە بەرپرسی گەورەترین و پرمەترسیدارترین بەرە، بەرەی بۆکان و سەقز. تەنانەت لە زۆر لە وێنەکاندا هەمیشە بارزانی و پێشەوا پێکەوە دەبینرێن.

لە هەموو دنیادا کاتێک ئەرشیڤە موخابەراتییەکان دەکرێنەوە، لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر دەکرێ و دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، ئاخر خۆ ناکرێت هەر ئەفسەرێکی بەریتانی و ئەمریکی نامەیەکی نهێنی نووسیبێت و بە مەزاج و ئارەزووی خۆی شتی نووسیبێت، بکرێتە شتێکی پیرۆز و سەرچاوەیەکی ڕاست، ئەوەی کە زیاتر گومان دەخاتە سەر قسەکانی قانعیفەرد ئەوەیە کە ئەو کابرایە بەبێ هیچ تێبینییەک قسەکانیان وەک خۆی ریوایەت دەکات و تەنها ئەو بەڵگانە دەهێنێتەوە کە سووکایەتی بە کورد دەکەن. ئەوە نییە هەر خۆی بۆ ڕووسوورکردنی خۆی ڕەخنە لە ڕەشیدی یاسەمینی دەگرێت و دەڵێت "کاتێک کتێبەکەی کە بەفیتی ساواک نووسیویەتی دەخوێنیتەوە قێزت لە کورد دەشێوێتەوە"، مەگەر ئەوەی ئەو ئێستا دەیکات هەمان شت نییە، بەڵام بەفیتی لایەنێکی دیکە دەیکات. قانعیفەرد و ڕەشید یاسەمینی لە هەمان کانی ئاو دەخۆنەوە، تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە ئاوەکەی ئەم ئیسلامییە، دەنا خۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردووە بە بەهەشت بۆ کورد، ئەگەر قانعیفەرد ڕاستدەکات و سیاسەت بەمانای (تەدبیر) وەک خۆی دەڵێت دەکات، بۆ لە ئاست ئەو هەموو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی بێدەنگە، مەگەر کەسێکی وەک مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێکانی چ تاوانێکیان کردبوو جگە لەوەی کە کوردبوون بە بەرچاوی دنیاوە لە سێدارەدران، بەڵام قانعیفەرد هەمان ڕۆژ تەنیا بە سوپاس بۆ کۆماری ئیسلامی، سەمیناری ناساندنی کتێبەکەی لەنێو جەرگەی تاران دا بەڕێوەبرد، بەڵام ئەو چونکە سووکایەتی بە کورد دەکات پاداشتدەکرێ و بە دۆلار بار دەکرێت.

نووسەری سوێدی، تۆرد ڤاڵسترۆم لە کتێبێکدا بە ناوی (چیاکان تەنها هاوڕێمانن) کە ساڵی 1975 چاپکراوە، زۆر بە وردی و بە دیقەتەوە باسی ژیانی ئەوکاتەی کوردستانی کردووە کە ئەو سەردانی کردووە و لەگەڵ مستەفا بارزانی گفتووگۆیەکی کردووە کە لە کۆتاییەکەیدا نەک وەک یەکێک لە سەرکردەکانی جیهان ناوی دەبات بەڵکو دەڵێت : ئەوانە کێن لەگەڵ بارزانی بەراوردیان بکەی:"بیرم کردەوە دەبێ ئەو پیاوانەی دنیا کێ بن کە بەراوردیان بکەی لەگەڵ ئەم پیاوەدا؟ شای ئێران کێ یە .. کیسنجەر، پاڵمە، ویلسن؟ ڕەنگە ئەم پیاوە دوا سەرۆکی گەلانپەریی بێت، دوا سەرۆک و تاقانە بێت."

هێندە سەرچاوە و بەڵگە زۆرن کە تیزەکەی قانعیفەردی پێ بکەیتە بڵقی سەرئاو، هەر وەک چۆن مامۆستای مێژوو سادقی زیبا لە زانکۆی تاران بە قانعیفەردی وتووە تۆ لە ئەلفوبێی مێژوو نازانیت و نمرەی سفر دەدەمە کتێبەکەت. بۆیە ئەوەی قانعیفەرد لە گفتوگۆ و کتێبەکەیدا دەیڵێت هیچ بەهایەکی مێژوویی نییە، چونکە بە پارەی سیاسەت و بۆ مەبەستی سیاسی نووسراوە، تەنها مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە، ئێران دەیەوێ لەو کەناڵانەوە قەلەقی و دوودڵی لەنێو کوردستاندا بڵاوبکاتەوەو ئەو کەش و هەوای لەیەکترنزیکبوونەوەی پارچەکانی کوردستان لەبار بەرێت. یەکێک لە سەرکردەکانی باکووری کوردستان وتویەتی ئێران بەلۆکە دوژمنەکانی خۆی سەردەبڕێت، ڕەنگە ئەو جۆرە سیاسەتەش بەشێک بێت لەو سەربڕینە.

دەمەوێ ئەم وتارە بە چەند پەیڤێکی کۆتایی لێکۆڵینەوەیەکی خۆم کە لەسەر شۆڕشی ئەیلول کردوومە و لە ساڵی 2004 دا و هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی حیزبی و ناحیزبی بڵاویان نەکردەوە، چونکە بە قسەی (ڕەحمەخانەکان)ی ناو حیزب و حکومەت زەرەری پەزی هەبوو، ئەوەش بۆیە دەڵێم کە قسەی من لەسەر شەخسی مستەفا بارزانی قسەی ئەمڕۆم نییە، چونکە تێروانینی من بۆ بارزانی مستەفا ئەوسا و ئێستا هەر یەک شت بووە، بۆیە ئەوکاتە نووسیومە: " ساڵێک بەسەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕی کە خەباتی چەکداری لە کوردستاندا دەستی پێکردەوە. گەلێک گرووپ و لایەن بەشداریان کرد و ئەسپی خۆیان تاودا، بەڵام مارتین ڤانبرۆنسین وتەنی ئەمجارەیان تەنها بۆ "ڕزگارکردنی کوردستان" نا، بەڵکو بۆ ئەوەی کێ ئازا بێت و جێگەی مستەفا بارزانی بگرێتەوە، بەڵام زەحمەتە جارێکی دیکە مێژووی کورد بارزانییەکی دیکە بە خۆیەوە ببینێت!."



حەکیم
کاکەوەیس

# جەماڵ محەممەد ئەدیب..
# تۆ بڵێی کۆڵبدا؟!

له ژماره 56ی ڕووداو، له لاپەڕەی سەر بە هونەر و کولتووردا، کە من کەم جار سەردانی دەکەم یان دەیخوێنمەوە، بابەتێکم لە سەر (تیپا دهۆک یا موزیکی) خوێندەوە کە هەر ناونیشانەکەی بە لامەوە جەرگ دەبڕێت و هەر ئەو ناونیشانەشی بەرەو خوێندنەوەی بابەتەکە ڕایکێشام: "ژبەر کو جلێن کوردی لبەر مەنە هندەک کەنالێن کوردی بەرهەمێن مە بەلاف ناکەن."

من لە هونەری مۆسیقا هەر ئەوەندە دەزانم گوێی لێبگرم، ئیتر ناخم بڕیار دەدا حەزی لێبکەم یا نەکەم. جگە لەوەش کە هەندێ کلیپی تورکی و میسری بە زمانی کوردی دەبینم، کە هەر دەڵێی بە شێوەیەکی سەقەت دۆبلاژکراون، بە تایبەتی هی هونەرمەندی مێینە، بە پەلەپڕوزێ کەناڵەکە دەگۆڕم نەک حەسرەتی لەدەستدانی ڕەوشتی کوردەواری تووشی دەمارگرتنی دڵم بکات.

دیارە ئەو کلیپە میسری و تورکیانەی کە بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە و زەوقی دز و جەردەکان دەوروژێنن، ڕەواجیان لەو کلیپە ڕەسەنە زمان کوردی و جلوبەرگ کوردی و هونەر کوردییانە زۆر زیاترە چونکە ئەوە ئەرکی سەرشانیانە. ئەرکی سەرشانیانە هونەری کوردی بشێوێنن و ئەخلاقی کوردی بشێوێنن و زمانەکەشی بە دەم وردە قوونبادانەوە وێران بکەن و لە هەردوو دنیادا، گەورە بەرپرسانی کورد، ئەوەندەی تەعریبچییەکانی کەرکووک و ئەنفالچییەکانی کوردستان لێی بەرپرسیارن و ڕۆژێک دادێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوە دەڵێم چونکە پێشکەوتن بازدانی کتوپڕ نییە بەرەو خەڕەندنی ملشکاندن، بەڵکو پەرەسەندنێکی سروشتییە و بەکاوەخۆ بەدیدێ.

من دەست و پەنجەی کوردانەی

> ئەم کڕبوون و بێخەمی و بێمنەتییە، سەرەتایەکی ترسناکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و بچووکبوونەوە تا ئاستی ئەو ڕۆژگارەی (سەلیبی سورخ) نان و پەنای دەدان

کاک جەماڵ محەممەد ئەدیب و هاوڕێ و هاوکارەکانی دەگوشم کە بە ڕۆحی کوردی و جلی کوردییەوە خزمەتی هونەرە ڕەسەنەکەمان دەکەن و هیوادارم گۆشتی لاڕانی خۆیان بخۆن، بەڵام منەتی میللەتفرۆشان و شەرەففرۆشان و هونەرفرۆشان و نیشتمانفرۆشان هەڵنەگرن، چونکە ئەرکی ئەوانە ئەوەیە کورد بۆ تورک و عارەب ڕام بکەن و هەرچی هەمانە، بە شەرەفی شەخسی و نیشتمانیشەوە. بە قوڕگی ئەو داگیرکەرانەدا، بەرەو نەمان ببەنە خوارێ و لەوسەرەوە، بە ئەتککراوی و عیبرەتکراوی، ڕووت و قووت و ڕەجاڵ لێی دەرچین.

گەورەیی جەماڵ محەممەد ئەدیب و ئەو خوشک و برا سەربەرز و سەروەرانەی کە کاری هونەری لەگەڵدا ئەنجامدەدەن، کاتێک دەگاتە لووتکە بە پێچەوانەی ڕەوتی چەواشەکارییەوە، وەک زۆر کەسی دڵسۆز و خەمخۆری نەتەوەکەمان، مەلە بکەن و خۆ بە دەستەوە نەدەن و نەبوونی پارە، کە بۆ چەواشەکاری هەڵدەڕژێت و حیسابی بە ملیاردە، چۆکیان شل نەکات و هەنگاویان خاو نەکاتەوە و ئەوینیان بۆ ڕەسەنایەتی هونەری کوردی و جلی کوردی و زمانی کوردی نەمرێنێ..

هونەرمەندی بێ دەرەتان لە ئەوروپا، لە سەر شەقامەکان هونەری خۆیان پێشکەش دەکەن. با ئەو سەربەرز و سەروەرانەش بیسەلمێنن نیشتمانی ئێمە لە سای دەسەڵاتی خۆماڵییەوە، لە کۆرپەی جگەرگۆشەی خۆی نەبانە...با بیسەلمێنن چاودێرانی نیشتمان خەریکی وێرانکردنی ئەخلاق و کەلەپوور و ناسنامە و سەروەریمانن و هەرچی ڕەسەن بێت جێی تێدا نابێتەوە.

تۆ بڵێی بەرپرسان ئێستاش بەئاگا نەیێنەوە؟! لەکاتێکدا هەموو پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان بە دەستی ئانقەست سووک دەکرێن و باری هەناسەدانیان لە بەر دەبڕێ، دەرچووانی هەمان ئەو قوتابخانەیەی خۆیان، پەلاماری پیرۆزییەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام کەسانێک هەن بەرگری لە هونەری ڕەسەنی کوردی بکەن، کەچی بە ملیاردە دۆلار و قووڵایی بیرەنەوت و درێژایی قەتاری تانکەری نەوت و شەریتی سوێندخواردنی دڵسۆزییەوە بۆ ئەم پایتەختی داگیرکەر و ئەو پایتەختی داگیرکەر، کۆڵکە خوێندەوارێکی سوودمەند و تێرخواردە نابینیتەوە بەرگری لە پیرۆزییەکانی خۆی بکات! تەنانەت خۆفرۆشانیش بە خوار و ژووری مێژوویاندا دێنە خوارێ و دەچنە سەرێ و کادیرێکی کەناڵە ڕووتەکان، کە خەریکن دەبنە کەناڵی پۆڕ، ئەوەندەیان توانا نییە بە وشەیەک بەدەنگ بێن و بەرگری لەو کانییە بکەن کە ژەهراوی لێ دەخۆنەوە. ئەم کڕبوون و بێخەمی و بێمنەتییە، سەرەتایەکی ترسناکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و بچووکبوونەوە تا ئاستی ئەو ڕۆژگارەی (سەلیبی سورخ) نان و پەنای دەدان.

هەتا دهۆکی دەلال، دهۆکی هەمیشە ڕەنگین و ڕەسەن کوڕی وەک جەماڵ محەممەد ئەدیب و کچانی وەک هاوکارەکانی تێدا هەبن و دەستبەردانی کەلەپووری ڕەسەنی خۆیان نەبن، بە هەزار کەناڵی ڕووت ناتوانن گیانی کوردبوونی بمرێنن و هەر دەبێ خۆیان شکست بێنن.

ئەرێ حکوومەتە نەدیوبدییەکەی کورد: بۆ هێندە حەزتان لە بەرهەمی تەزویر و تەقلیدە؟ ئەرێ بۆ هەندە ڕقتان لە هەموو شتێکی ڕەسەن و جوانی کوردییە؟! ئەرێ قەت قومەئاوێکتان لە کانیاوەکانی کوردستان ژەقنەبووت نەکردووە؟! چەندین کەناڵی میسری و تورکیتان بە زمانی کوردی داناوە، دە یەک کەنالیش بۆ کورد و بە کوردی دانێن! کەناڵێک، خزمەتی نەتەوایەتی کورد بکات و هونەری کوردی بە کوردی پیشانی کورد بدات!



ولادیمیر ڤان
ویلخنبێرخ

# با پێشمەرگە پارە وەرگرێ

بەم دواییانە قسەم لەگەڵ گەریلایەکی ژنی سەر بە PKK کرد. ئەو پێیوابوو پێشمەرگەکانی ئێستا، تەنیا بۆ پارە کاردەکەن و جلی سەردەمی سەددامیان پۆشیوە. گۆرانیبێژی کوردی شڤان پەروەریش پێیوابوو کە ئیدی پێشمەرگەکان تەنیا بۆ پارە کار دەکەن. بەڵام من ئەمە بە شتێکی ئاسایی دەزانم. ئەوەی کە ئێستا پێشمەرگە بە مووچەی بەردەوام کار دەکەن، بەشێکە لە پرۆسەی بە فەرمی ڕێکخستنی سووپای پێشمەرگە. تەنیا شتێک کە ناخۆشە، ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگانە هەندێکجار بۆ پارتە سیاسییەکان کار دەکەن.

جاران کە پێشمەرگە دژی سووپای سەددام شەڕیان دەکرد ڕەوشەکە جیاواز بوو. ئەوکات ئەوان نە پارەیان هەبوو و نە خواردن. بەڵکو یان بۆ پارتە سیاسییەکەیان یانیش لەپێناوی نەتەوەکەیاندا شەڕیان دەکرد. بەڵام ئێستا پێشمەرگە چیدیکە گەریللا نەماون و بوونەتە سەرباز. ئەرکی ئێستایان چیدی شەڕکردن لەنێو چیاکاندا نییە، بەڵکو دەبێ ڕێگاکان، باڵەخانەکان و کاربەدەستان بپارێزن. بۆیەش ئەو ڕەخنانەی لە پێشمەرگە دەگیرێن ڕاست نین.

لە ئەوروپا و ئەمریکاش هێزە سەربازییەکان (وەک پێشمەرگە) بۆ پارە کار دەکەن. هەرچەندە هەندێک کەس هەن کە بۆ بیروباوەڕەکەیان دەبنە سەرباز، بەڵام زۆر کەس هەیە کاری سەربازی وەک دۆزینەوەی (کارێکی نوێ) دەبینێ. ئەو کەسانە زۆرجار لەنێو سووپادا دەتوانن بە خۆڕایی بخوێنن. ئەوەش بۆ ئەوان قازانجێکی گەورەیە. بۆیەش فەرماندە سەربازییەکانیان زۆرتر وەک (خاوەنکارەکان)یان دەبینن. هاوڕێیەکی من لەبەر ئەو شتانە چووە ناو سووپای ئەمریکاوە. بەو شێوەیە ئەو هەم کاری دەستکەوت و هەم دەستیشیکرد بە خوێندنێکی بەخۆڕایی.

کۆڵۆنێڵی ئەمریکایی (دێنیس چاپمان) پێیوایە دەکرێ لە ریزەکانی ئاسایشی کوردستاندا هەلی کارکردنی نوێ بۆ گەنجان بخولقێندرێت. ئەو لێکۆڵینەوەیەکی لەوبارەیەوە بۆ کۆلێژی سووپای ئەمریکا ئەنجامداوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکانی دامەزراندنی سووپای کوردستان. لە ساڵی 1991یش، کاتێک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بێکار بوو، تاکە (کار)ێک کە دەستدەکەوت پێشمەرگایەتی بوو. بەڵام ئەوە ئێستا گۆڕاوە.

ڕەوشی کوردستان زۆر لە هی ئەمریکا و ئەوروپا دەچێت. لێرە کەس بۆ ئایدۆلۆژیا یانیش بۆ خزمەتی زۆرەملێی سەربازی نابێتە پێشمەرگە، بەڵکو وەکو کارێک دەیبینن. هەر بۆیەشە ڕێکخستنی ئەو پێشمەرگانە لە چوارچێوەی هەرەمێکی سەربازیی ڕێکوپێک و بە جلی سەربازیی مۆدێرنەوە زۆر ئاسان بووە و مەشقی پرۆفێشناڵیش وەردەگرن. ئەوەش بەو مانایە نییە کە پێشمەرگەکان لەپێناو ئۆتۆمبێلی مۆنیکادا دەبنە پیشمەرگە! بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئێستا بوونەتە سووپایەکی ڕێکخراو.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبیرمان بچێت کە هێشتا لە موسڵ و کەرکووک و خانەقین و بەغدا پێشمەرگە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و دەبنە ئامانجی هێرشە تیرۆریستییەکان. ئەوان ژیانیان زۆرتر لە گەریللاکانی پەکەکە لە قەندیل و لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا لەژێر مەترسیدایە. بۆیەش ڕۆڵی پێشمەرگە نابێ قەت بە بچووک ببیندرێ و، دەبێ پارە وەرگرتنیشیان وەک هەوڵێک بۆ مۆدێرنیزەکردنی کوردستان سەیر بکرێت.

# پێشێلکردنی یاسا و کەلتووری ترس



عەبدولڕەحمان
سدیق *

کە ئێمە لە سەردەمێکی یەکجار جەنجاڵ و پڕ هەرا و ژاوەژاو و ترسدا دەژین، ئیدی ژیان لێرەوە دەگۆڕێت بۆ ترسێکی بەردەوام، بە جۆرێک مرۆڤەکان تام و چێژ لە سات و کات و تەمەنیان وەرناگرن.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژ زیاتر هەواڵەکان، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، سیاسەتمەداران، نووسەران.. باس لە ترس دەکەن.

هەواڵەکانی تیرۆر و کوشتار و جەنگە بەردەوامەکان، قەیرانی دارایی و ئابووری جیهان و جۆرەکانی ئەنفلۆنزا و وشکەساڵی و کەمبارانی، قەتیسبوونی گەرما، کونبوونی چینی ئۆزۆن، پێکدادانی هەسارەیەکی دی بە گۆی زەویدا، ئەمبارەکانی چەکی ناوکی و کۆکوژ، بازرگانی بە منداڵان و ئافرەتان و ڕفاندنیان لەلایەن باندەکانەوە، ئەگەری توانەوەی بەستەڵەکەکان و نقومبوونی زۆر لە شارەکان، بوومەلەرزە، گڕکان، ڕەشەبا و زریانەکان، پیسبوونی هەوا و ئاو و خاک و، مەترسییەکانی مین و ..هتد.

هەموو ئەمانە و زۆری دیکە، دنیای کردووەتە چەرمی چۆلەکە و لە پاڵ گشت پێشکەوتنەکاندا مرۆڤ ئیدی لە توانایدا نامێنێ بەرگەی ئەم هەموو ترسە بگرێت و تام و چێژ لە ژیان وەربگرێت.

ئەگەر ڕەوتەکە ئاوا بڕوات، ئەوسا دوور نییە ترس لە دیاردەوە بگۆڕێت و ببێتە کولتوور. خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوویدا، ئەوسا مرۆڤ لە ترسان دەبێتە کۆیلەی دەستی ئەم کولتوورە و ناتوانێ ئیدی ئافراندن و داهێنان ئەنجامبدات.

> ئەگەر ڕەوتەکە ئاوا بڕوات، ئەوسا دوور نییە ترس لە دیاردەوە بگۆڕێت و ببێتە کەلتوور. خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوویدا، ئەوسا مرۆڤ لە ترسان دەبێتە کۆیلەی دەستی ئەم کەلتوورە و ناتوانێ ئیدی ئافراندن و داهێنان ئەنجامبدات.

لەم نێوەندەشدا دنیا بۆ ئەوانە تەخت دەبێت و دەبێتە کێڵگەی تاقیکردنەوەکانیان، کە بەرژەوەندییان هەیە لە چاندنی کولتووری ترسدا.

ترس و ترساندن ئامانجی بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکانی هەیە و هەموان دەخاتە بەردەم هەڕەشەی ترس و تۆقاندنەوە، بە جۆرێک مرۆڤەکان ڕۆژانە و سات لەدوای سات ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە و لەو ساتەدا دەژین کە تێیدا دەبن و، ناتوانن هەنگاوێک لە ئایندە نزیک ببنەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە هۆی سەرهەڵدانی ئەم کولتووری ترسە بریتییە لەم هەموو کارەساتە ژینگەیی وئابووریی وسیاسییە، کە پەرلەمانەکانی جیهان بۆ هەر یەکێک لەم کێشانە چەندین پرۆتۆکۆل و ڕێککەوتننامە و یاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆییان پەسەند کردووە، بەڵام کاریان پێناکرێت و بەدواداچوونیان بۆناکرێت!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پەرلەمانەکان- وەک ڕێزگرتن لە قسەکانی خۆیان کە نوێنەری گەلانن- بەدواداچوون بۆ یاساو بڕیارە زۆرەکانی خۆیان بکەن، بۆ ڕزگارکردنی گەلان لەم ترسە زۆرانەی مانایەکیان بۆ ژیان لە سەر زەویدا نەهێشتووەتەوە؟!

*** سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پرد و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام.**



## میسی: ڕەمەزان لە هاندەرە موسڵمانەکانم پیرۆز بێ

**ڕووداو- ایلاف**

یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی بەرشەلۆنەی ئیتاڵی، لە لاپەڕەکەی لە ماڵپەڕی تویتەردا بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان پیرۆزبایی لە لایەنگرە موسڵمانەکانی کردووە و نووسیویەتی "هاتنی ڕەمەزان مانگی ڕۆژووگرتن لە هەموو برادەر و هاندەرە موسڵمانەکانم پیرۆز دەکەم. دۆستانم خۆشم دەوێن." لەبەرامبەریشدا سەدان کەس سوپاسیان کردووە. میسی تەمەن 23 ساڵ هیوادارە لە خولی تازەی ئیسپانیدا 47 گۆڵی دیکە تۆمار بکات.

# یانەی هەولێر لە تورکیا مەشق دەکات



بەمەبەستی ئەنجامدانی کەمپێکی مەشــقی و ڕاهێنان، یانەی هەولێری پاڵەوانــی خولی کوردســـتان دەچێتە وڵاتــی تورکیــا، بۆ ئــەوەی وەك ڕاهێنەرەکەی دەڵێت "ئێمە دەمانەوێت بەتــەواوی خۆمان بــۆ وەرزی نوێ ئامــادە بکەین، چونکــە دەمانەوێت زیاتر نازناو بەدەستبهێنین."

**هەولێر (ڕووداو)**

یانەی هەولێری پاڵەوانــی خولی نایابی یانەکانــی کوردســـتانی وەرزی ڕابـــردوو، بــە مەبەســـتی باشـــتر خۆئامادەکردن بۆ یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ وەرزی نوێ، بەنیازە کەمپێکی مەشقی و ڕاهێنان لە وڵاتــی تورکیا ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی خۆی بۆ وەرزی ئەمساڵ باشتر ئامادە بکات و بتوانێت پارێزگاری لە نازناوی خولی نایابی کوردستان بکات. لەم بارەوە سەمیر ســدیق، ڕاهێنەری یانەی وەرزشــی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاشــکرا یکرد کە ئەوان بە بنیازن بــۆ ئەنجامدانی کەمپێکی مەشــقی بچنە تورکیا و تەنیــا چاوەڕوانی تەســدیقکردنی دارایی یانەکەمانین و گوتی " بــۆ باشــتر خۆئامادەکــرن دەمانەوێت کەمپێکــی مەشــقی لــە تورکیــا ئەنجام بدەین و داواکاریشــمان پێشکێشــکردووە تەنیا چاوەڕوانی ئەوەین تەســدیقی دارایی یانەکەمان بێتەوە بۆ ئەوەی سەفەر بکەین"، هەروەها ڕاهێنەری یانەی هەولێر گوتیشــی "ئێستا ئێمە لە ســەرەتای خۆئامادەکردن داین و هیــچ یاریزانێکــی یانەکانی ترمان نەهێنــاوە، تەنانــەت چەنــد یاریزنایکمان ڕۆیشــتوون بەڵام ئەوە کاریگەریمان لەسەر ناکات و ســوورین لەســەر بەدەستهێچنانی نازناوی زیاتر بۆ زیاتر ڕازیکردنی جەماوەری خۆمان"سەمیر ئەوەشــی دووپاتکردەوە کە بەنیاز نیــن یاریزانی دیکــە بکڕن و گوتی "ئێمــە زیاتر گرنگی بــە یاریزانانی خۆمان دەدەیــن و دەمانەوێت یاریــزان پێبگەینین و بە کۆششــەکانی خۆمان دەســتکەوت و ئەنجامی باش بەدەستبهێنین."

تاریق عەبدولڕەحمان:

# سەفین کانەبی بەناوی بەرپرسێکی گەورە هەڕەشەی لێکردم

**تایبەت بە ڕووداو**

تاریق عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یانەی بروســک و ئەندام لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق، ئاشکرایکرد کە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە ناوی بەرپرسێکی گــەورە و بەزمانی هەڕەشــەوە قســەی لەگەڵ کــردووە و پێیگوتووە "ئەگەر بۆ هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بچییە بەغدا لەسەر کارەکەت لادەدرێی."

تاریــق عەبدولڕەحمــان، تایبــەت بە (ڕووداو) ئاشــکرایکرد کە ســەفین کانەبی، بەناوی بەرپرسێکی گەورەی کوردستانەوە قســەی لەگەڵ کردوە و هەڕەشــەی ئەوەی لێکردوە ئەگەر بچێتە بەغد لە سەر کارەکەی لادەبرێت و گوتی "ئەو بەناوی بەرپرســێکەوە هەڕەشــەی کرد، کە بڕوا ناکەم لەو ئاستە بەرزەدا قسەیان لەگەڵ سەفین کردبێــت و پێیــان گووتبێت بڕۆ ئەو قسانە بکە، چونکە ئەو بەرپرسە هەر نــاوم نازانێت." تاریق بە پێکەنینەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دوای قسەکانی سەفین، چووەتە بەغدا و هاتووەتەوە "نەک فەسڵ نەکرام، بەڵکو جوانترین پێشوازیشــم لێکرا، تەنانەت هەندێک بەرپرس پێیشان وتم لە بەغدا ئاگات لە خــۆت بووایە لەبــەر تەقینەوە و باری ئاساییش."گوتیشی "مجامەلەی هیــچ بەرپرســێک ناکــەم، ئەگــەر هەر بەرپرســێک تەلەفۆنی بــۆ کردبام، ناوەکەم ئاشــکرا دەکرد، چونکە وڵاتێکی دیموکراتییە و وا فێربوومە ڕاســتییەکان بڵێم و قەت لەڕاستی لا نادەم."

(ڕووداو) پەیوەندی بە سەفین کانەبی کــرد، بۆ ئــەوەی لەم بــارەوە بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو قســە بکات و تەنیا گوتی "ئەگەر عاجز نەبن، من قســە ناکــەم، هیچ تەعلیقێکم لەسەر ئەو قسانە نییە."



# ڕێکخراوێکی دوور لە حیزبایەتی خواستی نووسەرانی وەرزشی کوردستانە

**هەولێر، سلێمانی (ڕووداو)**

دوای ئەوەی نووسەرێکی وەرزشی پێشــنیازی هاتنەکایــەی یەکێتــی نووســەرانی وەرزشــی کرد، ئێستا چەند نووسەرێک کار بۆ دامەزراندنی ئــەو یەکیەتییــەدا دەکــەن، لــەو بــارەوە "ڕووداو" ڕای هەندێکیــان دەخاتەڕوو.

### زانا قادر عەزیز، سکرتێری پێشووی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان




پێشــنیازی دامەزراندنی یەکێتیی نووســەرانی وەرزشی کوردســتان کارێکــی پڕبایەخە، ئەم دامــەزراوە لە زۆر لەوڵاتــە پێشــکەوتووەکان هەیە، تەنانەت ســاڵانە ئەم ڕێکخراوانــە لە وڵاتەکانیان باشــترینەکانی ســاڵ دیاری دەکــەن و خەڵاتی تایبــەت بە خۆیان هەیــە، هیوادارم ئەم ئاواتەی کەســی خاوەن بیرۆکە و تەواوی نووسەرانی وەرزشــی کوردســتان بێتە دی، تا بتواندرێت هۆکارێک بێت بــۆ پۆلێنکردن و بەپســپۆڕکردن و ئەکادیمیبوونی نووســینی وەرزشی، خۆزگە بەرپرســانی ئەم هەرێمە بە چاوی خزمــەت و لەدایکبوون بڕواننە ئەم پێشــنیازە و بەدەردی ڕێکخراوەکەی تری نەبەن، نووســەرانی بواری وەرزشــیش بەجیاوازی بیر و بۆچوونیانەوە بڕواننە ئەم پێشنیازە.

### سامان بریفکانی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی هەولێر




پێم باش بوو بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی وەرزشی هاتــە کایەوە، ئەم ڕێکخراوە کە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەدا بوونی هەیە، با لێرەش هەبێت، چونکە زۆر نووســەری وەرزشی بەتوانا لە کوردســتاندا هەیە، بەمەرجێک ســەربەخۆ بێت و هاوشێوەی ئەوانــی دیکە حیزبی نەبێت و ئەندامانی بــە تەوافووق نەخرێتە سەر کورســییە بریقەدارەکان. پێویستە بەردی بناغەی یەکێتیی نووســەرانی وەرزشی، بە پێچەوانەی ئاراســتەی حیزب بێت، با یەکەمین دەســتە بە دامەزراندن بێت و بــۆ 6 مانگ کاتی بێت، دواتر کار بۆ کۆنگرەی گشــتی بکرێت و هەڵبژاردن پۆســتەکان دیــاری بکات و هەڵبژاردنەکەش جیاواز بێت. ئەوکات ئێمەش بەهەموو توانایەک لەخزمەتی ئەو ڕێکخراوەدا دەبین.

### ئەرسەلان عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی هەولێر سپۆرت



دامەزراندنــی یەکێتیــی نووســەرانی وەرزشــی بەپێویست دەزانم، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس و نووسەر لە یەکدی جیــا بکرێنەوە و هەر لایەک ئەرک و ماف و ســتراتیژییەتی کارەکانی دیــار بێت. زۆرێک هەن تەنیا وتار دەنووسن، کەچی خۆیان بە ڕۆژنامەنووس دەزانــن، لە کاتێکدا وەک پیشــە هەردوو بوارەکە لە یەکدی جیاوازن و شــێوازی کارکردنیشیان جیاوازە، بۆیــە بوونــی یەکێتیی نووســەرانی وەرزشــی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە پێویســتە، جگە لەمەش ئەو یەکێتییە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیادا هەیە و لە پرس و ڕا وەرزشــییەکان و ڕاپرسی و بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزش و مێدیای وەرزشیدا بەشدارە.

### هیوا مەلا قادر، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە سپۆرت



دەبێــت ئــەم ڕێکخراوە ســەربەخۆ بێــت، دوور بێت لە هەر دەســتتێوەردانێکی حیزبی، کاری ڕۆژنامەنووسی ئەندامەکانیشی دوور بــن لە تەرەفگیری و شــارچێتی و حیزبایەتی، نەک وەک ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکانی ڕابردوو بێت. ئەگەری دامەزراندنی یەکێتیی نووســەرانی وەرزشی و ســەرکەوتن و هەرسنەهێنانی بەســتراوە بە ســەربەخۆبوونییەوە، ئەگــەر بتوانرێت ئەو کارە بکرێت، ئــەوا بێگومان وەک ئەوانی ڕابــردوو هەرس ناهێنێت و کاریــان بە فیڕۆ ناڕوات، ســەربەخۆبوون و کارکــردن لە پێناو بەرژەوەندیی گشــتی و وەلانانی بەرژەوەندیی تەســکی حیزبی کــە بە "شــێرپەنجە" ی دەزانم، دورەپەرێزی لە شــارچیەتی و هاوشــێوەکانی، کلیلی ســەرکەوتنی ئەم ڕێکخــراوەن. کە هەموومان ئامادەیــن بۆ هۆکاری و سەرخستنی ڕێکخراوێکی لەمجۆرە.